دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکرات و فیدراڵدا

# کوردستان

ژمارە:٥٣٦

www. kurdistanukurd.com

شەممە ١٥ی جۆزەردانی ١٣٨٩ ـ ٥ی ژوئەنی ٢٠١٠ ـ ١٥٠ تمەن ● ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

سیاسی



روانینە دیپلۆماتیکەکان و داهاتووی مافی مرۆڤ لە ئێران ٤

پێوەندییەکان



کاردانەوەوکاریگەرییە میدیاییەکانی مانگرتنی گشتیی خەڵکی کوردستان ٦

کۆمەڵایەتی



یەکی شەش و منداڵی کورد ٩

ئەدەب و هونەر




دانەری «فەرهەنگی پەند» بۆ خوێنەرانی «کوردستان» دەدوێ ١١

### قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان:

# حیزبی دێموکراتی کوردستان خۆی بۆ گرتنی کۆنگرەی ١٥ ئامادە دەکا

**کوردستان . بەشی سیاسی:** ئەندامێکی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە لێدوانێکی تایبەتدا بە کوردستانی ڕاگەیاند کە حیزبی دیموکراتی کوردستان خۆی بۆ گرتنی کۆنگرەی ١٥ ئامادە دەکا و بڕیارە ئەمساڵ کۆنگرە پێک بێنێ.

«قادر وریا»، بە ئاماژە بەوە کە بە پێی بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دیموکراتی کوردستان(پەسەند کراوی کۆنگرەی ١٤) دەبێ هەر سێ ساڵ جارێک کۆنگرە ببەسترێ وتی: «لە کۆبوونەوەی رۆژی ١٥ی جۆزەردانی کومیتەی ناوەندیدا بڕیاری گرتنی کۆنگرە لەم ساڵدا دراوەو کومیتەیەک بۆ ئەم مەبەستە پێک هاتوە.»

ئەم ئەندامەی دەفتەری سیاسیی حدک لە وەڵامی ئەم پرسیارە دا کە ئایا کاتی بەڕێوە چوونی کۆنگرە دیاری کراوە؟ جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە هێشتا کات(رۆژی)ی دەست پێکردنی کۆنگرە دیاری نەکراوە و وتی: «ئەمساڵ ساڵی کۆنگرەیە. بۆیە کۆنگرەی ١٥ ئەم ساڵ بەڕێوە دەچێ و پاش هەموو ئامادەکارییەکان دەفتەری سیاسی و کومیتەی ناوەندی کات و شوێنی کۆنگرەکە دیاری دەکەن.»

قادر وریا لەمەڕ ئەرکەکانی ئەو کومیتەیەی کە بۆ ئامادەکردنی کۆنگرە پێک هاتوە ڕایگەیاند: «ئەو کومیتەیە لە ژێر



چاودێریی کومیتەی ناوەندیدا بە بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆدا دەچێتەوەو بەڵگەنامەکانی کۆنگرە ئامادە دەکا و هەروەها سەرپەرستیی بەڕێوە چوونی کۆنفرانسەکانی پێش کۆنگرە دەکا».

هەر لەم پێوەندییەدا، ئەم بەرپرسەی حیزبی دیموکرات جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەم کومیتەیە بە پێی کارەکانی لە بواری جیا جیا چەند گرووپێکی هاوکار هەڵدەبژێرێ و بە شێوەی تایبەت کار لەسەر ئەو بابەتانە دەکەن کە پێوەندییان بە کۆنگرەوە هەیە.

قادر وریا لە کۆتایی لێدوانەکەیدا ئەوەشی ئاشکرا کرد کە بۆ ئەوەی کۆنگرەکە کۆنگرەیەکی زیندوو بێ، کومیتەی ئامادەکاری کۆنگرە کۆمەڵێک میکانیزم دەخاتە ڕوو بۆ ئەوەی را و سەرنج و تێبینیی ئەندامان و دۆستان و دڵسۆزانی حیزبی لەم بارەوە کۆ بکاتەوە.

## ڕاگەیەندراو

### لە بارەی پێکهاتنی کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندییەوە

بە ئاگاداریی ئەندامان، دۆستانی حیزب و بیروڕای گشتی دەگەیەنین کە سەر لە بەیانیی شەممە ١٥ی جۆزەردان بە بەشداریی زۆربەی ئەندامانی ئەسڵی، جێگرو راوێژکاری کومیتەی ناوەندی، کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێک هات.

کۆبوونەوە بە ڕێزگرتن لە شەهیدانی ڕێگای ئازادی بەتایبەتی شەهیدانی ئەم دواییانەی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەستی پێکرد. پاشان سکرتێری گشتیی حیزب هاوڕێ خالید عەزیزی باسێکی سیاسیی پێشکەش کرد. سکرتێری گشتی، لە باسەکەی دا ئاوڕی لە ڕووداوەکانی چەند مانگی رابردووی ئێران و کوردستان دایەوە. لەم باسەدا، هەوڵەکانی ڕێژیم لە دوو ئاستی نێوخۆیی و نێونەتەوەیی دا بە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەو سەرکوتکردنی خەباتی ئازادیخوازیی خەڵکی ئێران و بەرپەرچدانەوی گوشاری نێونەتەوەیی، تیشکی خرایە سەر. هاوڕێ خالید عەزیزی وێڕای ئاوڕدانەوە لە روانگەو بۆچوون و هەڵوێستەکانی حیزب لە پێوەندی لەگەڵ ڕووداوو ئاڵوگۆڕەکانی رابردوودا، بە سەرنجدان بە فاکت و بەڵگەی جۆراوجۆر ئەم ئاکامەی لە باسەکەی وەرگرت کە کۆماری ئیسلامی نە لە ئاستی نێوخۆیی دا توانیوێتی پێش بە بەردەوامی و تەشەنەکردنی نارەزایەتییەکانی خەڵک و بزووتنەوەی ئازادیخوازی بگرێ، نە توانیوێتی بە تاکتیک و سیاسەتەکانی لە بوواری ئەتۆمی دا، گوشاری نێونەتەوەیی و ئەگەری گەمارۆی جۆراوجۆر لە خۆی دوور بخاتەوە.

بەشێکی دیکەی باسەکەی سکرتێری گشتیی حیزب تەرخان کرابوو بۆ باس لە ئێعدامی بەندییە سیاسییەکانی کوردستان بەتایبەتی تاوانی ١٩ی بانەمەڕ. مانگرتنی گشتیی رۆژی ٢٣ی بانەمەڕی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان، و پەیامەکانی ئەم مانگرتنەو کاریگەرییەکانی لە سەر پێوەندیی حیزبەکان، هاوپێوەندیی هاونیشتمانانی ئێرانی لەگەڵ خەڵکی کوردستان و راکێشرانی سەرنجی کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەیی یەکان بۆ لای سەرکوتی بزووتنەوی ئازادیخوازی لە کوردستان و ئێران، نێوەرۆکی ئەم بەشە لە باسەکانی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان پێک هێنابوو.

بەدوای باسەکەی سکرتێری گشتی دا، بەشدارانی کۆبوونەوە بیروڕای خۆیان لە بارەی نێوەرۆکی باسەکە هێنایە گۆڕێ و بە سەرنج و تێبینییەکانیان دەوڵەمەندیان کرد. کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندی، بە رێزو پێزانینەوە مانگرتنی گشتیی خەڵکی کوردستان و هاوپێوەندیی هاونیشتمانانی ئێرانی و کەسایەتی و ناوەندو لایەنە مرۆڤدۆستەکانی جیهان لەگەڵ گەلی کورد هەڵسەنگاندو وێڕای شیکردنەوەی پەیامەکانی ئەم مانگرتنە، لە سەر نێوەرۆکی پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزب بە بۆنەی بەڕێوەچوونی سەرکەوتووانەی ئەم مانگرتنە پێی داگرتەوە. بەشدارانی کۆبوونەوە خوێندنەوەی وردو هەمە لایەنەی هەلومەرجی ئەمڕۆی کوردستان بەتایبەتی لە دوای مانگرتنی گشتیی ٢٣ی بانەمەڕو پێوەندیی ئەم خوێندنەوەیە بە شێوازەکانی خەبات بەتایبەتی خەباتی مەدەنی و جەماوەرییان بە پێویست زانی و لەم بارەیەوە ئەرکیان خستە سەر دەفتەری سیاسی و ئۆرگانە پێوەندیدارەکانی حیزب.

درێژە لە لاپەڕەی ٢

### بەرپرسێکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان:

# کۆماری ئیسلامی سێ کیلۆ مێتر هاتۆتە ناو خاکی هەرێم

**کوردستان:** "عەبدوڵڵا ئاکرەیی"، بەرپرسی پێوەندییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە گەڵ کۆماری ئیسلامی لە لێدوانێکدا، بەزاندنی سنووری هەرێمی کوردستانی لە لایەن سوپای پاسدارانی ئێرانەوە پشت ڕاست کردەوەو ڕایگەیاند کە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەی "بەردەناس" سێ کیلۆمێتر هاتوونەتە ناو خاکی هەرێمی کوردستان.

ئەم بەرپرسەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە ئاماژە بەوە کە کۆماری ئیسلامی دەیهەوێ ئەوە بگەیەنێ کە تۆڵە دەکاتەوە، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە تۆپباران کردن کێشەکان چارەسەر ناکا و پێویستە ڕێگا چارەیەکی ئاشتیخوازانەی بۆ بدۆزرێتەوە.

هەر لەم پێوەندییەدا "جەبار یاوەر"، وتەبێژی وەزارەتی پێشمەرگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان وتی:" بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشەی ئێمە لە کاناڵی خۆیەوە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی و وەزارەتی بەرگری و وەزارەتی دەرەوەی عێراقی فیدراڵمان ئاگادار کردۆتەوە."

وتەبێژی وەزارەتی پێشمەرگەی حکوومەتی



هەرێمی کوردستان، بە ئاماژە بەوە کە ئەم تۆپباران کردنە زیاتر لە ٢٠ رۆژە بەردەوامە، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە لە ئاکامی ئەم تۆپباران کردنانەدا زەرەرو زیانێکی زۆر بە خەڵکی ئەو ناوچانە گەیشتوە کە تۆپباران کراون و خەڵکی زۆر ئێستا ئاوارە بوونە و تەنانەت زەرەری گیانیشی لێکەوتۆتەوە.

جێی ئاماژەیە، زیاتر لە ٢٠ رۆژە هێزەکانی سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان بە شێوەی بەردەوام تۆپباران دەکەن و لە ماوەی ساڵانی رابردوودا، یەکەمجارە بەم شێوە بەردەوام سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان تۆپباران دەکرێ.

### بەرپرسی فەرمانگەی پێوەندییەکانی دەرەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان:

# سەردانەکەی بارزانی بۆ تورکیا سەرکەوتوو بوو

**کوردستان:** "فەلاح مستەفا"، بەرپرسی فەرمانگەی پێوەندییەکانی دەرەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە لێدوانێکدا لەمەڕ سەردانەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و شاندی یاوەری بۆ تورکیا ڕایگەیاند:"بە پێی هەموو پێوەرێک سەردانەکەی بارزانی بۆ تورکیا سەرکەوتوو بووە".

بە پێی ئەم هەواڵە "مەسعوود بارزانی لە سەردانەکەیدا لەگەڵ بەرپرسانی باڵای تورکیا کۆبۆتەوەو چەندین بابەتی پێوەندیدار بە بارودۆخی ناوچەکە و عێراق و نێوانی هەرێمی کوردستان و تورکیایان تاوتوێ کردوە.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەر لەم سەردانەیدا لەگەڵ "سەلاحەدین دەمیرتاش"، سەرۆکی پارتی ئاشتی و دیموکراسی(BDP) و بەرپرسانی باڵای ئەو پارتە و "ئەحمەد تورک"، سەرۆک پارتی داخراوی کۆمەڵگەی دیموکراتیک، بە مەستی تاوتوێکردنی پرسی



کورد و چۆنیەتی چارەسەر کردنی کۆ بووەوە.

هەر لەم سەردانەیدا بارزانی، جەختی لەسەر چارەسەری ئاشتیخوازانەی پرسی کورد کردەوە.

"مەسعوود بارزانی" پاش زیاتر لە ٩ ساڵ بۆ یەکەمین جار وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان رۆژی ٢٠١٠/٥/٢ سەردانی تورکیای کرد.

### ئەمریکا:

# لەو هەفتەیەدا بڕیارنامەیەک دژی ئێران پەسەند دەکرێ




**کوردستان:** وتەبێژی کۆشکی سپی لە میانەی کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا رۆژی هەینیی رابردوو ڕایگەیاند کە بەمەستی گوشار خستە سەر بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لەو هەفتەیەدا بڕیارنامەیەکی نوێ دژی ئەو وڵاتە پەسند دەکا.

بە پێی هەواڵی ئاژانسەکان، "رۆبێرت گیبز" لەو کۆنگرە رۆژنامەنووسییەدا ئاشکرای کردوە کە بڕیارنامەی نوێ بۆ سزادانی کۆماری ئیسلامی لە لایەن پێنج ئەندامەکەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پشتیوانی لێ دەکرێ و بۆ پەسەند کردنی تەنیا پێویستە چوار وڵاتی ناهەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش دەنگی "ئەرێ"ی بۆ بدەن.

بە ئاماژە بەوەی کە هێشتا ئەمریکا لەگەڵ ١٥ ئەندامەکەی ئەنجومەنی ئاسایش کۆنەبووەتەوە، وتەبێژی کۆشکی سپی وتی:" ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تا کاتی دەنگدانەکە کارێکی وا دەکا کە ئەو بڕیارنامەیە دەنگی پێویست وەربگرێ".

لەم پێوەندییەدا "ساڵحی"، سەرۆکی ڕێکخراوی وزەی ئەتۆمیی ئێران بە ئاژانسی هەواڵی "ئیسنا"ی ڕاگەیاندوە کە ئەگەر بڕیارنامەیەکیش لە لایەن ئەنجومەنی ئاسایشەوە پەسەند بکرێ، ئەو بڕیارنامەیە ئەوەندە بەرێز نابێ کە کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر ئێران هەبێ.

### لە ساڵیادی مردنی خومەینیدا

# پاوانخوازان نەیانهێشت نەوەکەی قسە بکا



**کوردستان:** لایەنگرانی قۆڵی پاوانخواز لە ساڵرۆژی مردنی "خومەینی"دا نەیانهێشت "حەسەن خومەینی"، نەوەی دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامی قسە بکا.

لە کاتی قسە کردنی نەوەکەی خومەینیدا کە راستەو خۆ لە دەنگ و رەنگی کۆماری ئیسلامییەوە بڵاو دەبووەوە، لایەنگرانی قۆڵی پاوانخواز بە دروشمدان دژی رێبەرانی ناڕازییان و بەمەبەستی پشتگیری کردن لە رێبەری کۆماری ئیسلامی و دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد، نەیانهێشت ناوبراو قسەکانی تەواو بکا.

پاش ئەوەی پاوانخوازان رێگایان لە حەسەن خومەینی گرت و نەیانهێشت قسەکانی تەواو بکا، "عەلی خامنەیی"، رێبەری کۆماری ئیسلامی بە ئاماژە بەوەی کە رابردوو مەرج نییەو لە کاتێکدا کە ئێستای تاکەکان نادیار بێ رابردوو رچاو دەکرێ، مادام ئێستایان روونە پێویست ناکا رابردوو رچاو بکەین و ڕایگەیاند کە ژمارەیەک لەو کەسانەی کە لە گەڵ خومەینی لە پاریسەوە بە فڕۆکە هاتنەوە، پاشان بە هۆی خیانەتەکانیان لە سێدارە دران.

رێورەسمی ساڵرۆژی مردنی خومەینی کە رۆژی هەینی رابردوو بەڕێوە چوو، بە شێوەی راستەوخۆ لە دەنگ و رەنگی کۆماری ئیسلامییەوە بڵاو کرایەوە.

# بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆنگرەی سێهەمی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان دا

هەیئەتێکی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی «خالید عەزیزی» بەشداریی لە سێهەمین کۆنگرەی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان دا کرد.

پێشنیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممە ١٢ی جۆزەردان، بە ئامادەبوونی مام جەلال سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و زیاترلە ١٦٠٠ کادری حزبی و ژمارەیەکی زۆر لە سەرۆک و نوێنەرانی حیزبە کوردستانی و عیراقی و جیهانییەکان کۆنگرەی سێیەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە دروشمی «بەرەو گۆڕانکاری و چەسپاندنی یەکیەتیی ناو یەکەتیی نیشتمانی» لە هۆڵی تەلاری هونەر لە شاری سلێمانی دەستی بە کارەکانی کرد.



ڕێوڕەسمی‌کردنەوەی کۆنگرە بە خولەکێک وەستان بۆ ڕێزلێنان لە گیانی پاکی شەهیدانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و سەرجەم شەهیدانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان دەستی پێ کرد، دواتر فیلمێکی دۆکیومێنتاری لە بارەی مێژوو و تێکۆشانەکانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان پیشان درا.

لەو کۆنگرەیەدا چەند کەسایەتی وەکوو بەڕێزان مام جەلال تاڵەبانی، سکرتێری گشتیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان ، مەسعوود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ، نووری مالکی سەرۆک وەزیرانی عیراق و مۆنا سالین سەرۆکی پارتی سۆسیال دیموکراتی سوئێد چەند وتەیەکیان پێشکەش کرد.

لە ڕێوڕەسمی کرانەوەی کۆنگرەی سێهەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەیئەتێک لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزب بەشدار بوون و پەیامی تایبەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان بە سێهەمین کۆنگرەی یەکیەتیی نیشتمانی گەیاند.

جێی ئاماژەیە کە بەڕێز خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حدک ئێوارەی ڕۆژی کردنەوەی سێیەمین کۆنگرەی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان لەگەڵ بەڕێز مام جەلال سکرتێری گشتی و ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی یەکیەتی نیشتمانیی کوردستان چاوپێکەوتنی ئەنجام دا. هەروەها لە دوو کاتی جیا دا سکرتێری گشتیی حدک لەگەڵ زۆر لایەن و کەسایەتی و چەند میوانی بیانی دیداری کرد.

ئەوەش دەقی پەیامی حیزبی دێمۆکرات بۆ سێهەمین کۆنگرەی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان:

## پەیام بۆ کۆنگرەی سێهەمی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان

**زۆر بەڕێز جەنابی مام جەلال، سکرتێری گشتیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان!**
**دۆستانی بەڕێزی مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان!**
**بەشدارانی بەڕێزی کۆنگرە!**
**سڵاوێکی گەرمی برایانە!**

بەسترانی سێهەمین کۆنگرەی یەکیەتییە تێکۆشەرەکەتان یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان بە دەرفەت دەزانین بۆ ئەوەی بەم بۆنەیەوە گەرمترین سڵاوو پیرۆزبایی خۆمانتان پێشکەش بکەین و سەرکەوتنی ئێوەو کۆنگرەو یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان بەگشتی بە ئاوات بخوازین. بەم هۆیەشەوە کە ئەم کۆنگرەیە لە دەوروبەری ٣٥ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان دا، دەبەسترێ، پیرۆزبایی ئەم یادەتان لێ دەکەین.

**دۆستانی خۆشەویست!**

ئێمەو ئێوەو هەموو تێکۆشەرانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان باشمان لەبیرە کە ٣٥ ساڵ لەمەوبەر یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان لە هەلومەرجێکی چەند دژوار دا پێی نایە گۆڕەپانی خەباتی کوردایەتییەوە. لەو کاتەوە تا ئێستا یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان زۆر هەورازی سەختی بڕیوەو بەسەر زۆر کۆسپ دا سەرکەوتوە. یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان لە درێژایی ٣٥ ساڵی ڕابردوو دا هێزێکی سیاسیی خەباتگێڕ بووە کە لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان و خەبات بە دژی دیکتاتوری لە ئاستی عێراق دا، ڕۆلێکی دیارو حاشالێنەکراوی هەبووە. بەتایبەتی جێی خۆیەتی ئاماژە بە ڕۆڵی یەکیەتیی نیشتمانی و شەخسی مام جەلال لەو گۆڕانانەدا بکەین کە لە دەیەی٩٠ لە باشووری کوردستان و لە دوای ٢٠٠٣ەوە لە عێراق دا بە قازانجی کوردو گەلانی عێراق، هاتنەکایەوە. یەکگرتوویی و هاوخەباتیی هێزەکانی کوردستان بە گشتی و بەتایبەتی هاوپەیمانیی دوو هێزی سەرەکی، پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، زۆر دەسکەوتی سیاسیی بۆ نەتەوەکەمان لەم بەشەی کوردستان دا لێ کەوتۆتەوە.

ئاواتمان ئەوەیە یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان بەهێزترو یەکگرتووتر لە جاران لەم کۆنگرەیەی بێتەدەرو بە هاوکاریی پارتی دێموکراتی کوردستان و هێزە خەباتگێڕەکانی دیکەی باشوور، دەوری کاریگەرتر لە پاراستن و چەسپاندنی دەسکەوتە مێژووییەکانی خەڵکی باشووری کوردستان دا بگێڕێ.

ئێمە لە کاتێکدا بەڕێزەوە ئاوڕ لە لاپەڕە پرشنگدارەکانی پێوەندیی لە مێژ ساڵەی حیزبی دیموکراتی کوردستان و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان دەدەینەوە، بۆ یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و کۆنگرەی سێهەمی ئەو یەکیەتییە سەرکەوتن بە ئاوات دەخوازین.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**٢٠١٠/٠٦/٠١**
**١٣٨٩/٣/١١**

# بەڕێوەچوونی سمینارێک لە ژێر ناوی «گرێدانی خەباتی یەکسانیخوازی بە خەباتی نەتەوایەتی»یەوە

ڕۆژی یەکشەممە، ٢٣ی مای ٢٠١٠ی زایینی، یەکێتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان لە نۆرویژ کۆبوونەوەیەکی سیاسی لەژێر ناوی « گرێدانی خەبات بۆ مافی یەکسانی ژنان، بەخەباتی نەتەوەییەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان»، بۆ مستەفا شەڵماشی، ئەندامی دەفتەری سیاسیو بەرپرسی کۆمیتەی کاروباری دەرەوەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان پێک هێنا.



کۆبوونەوەکە سەرەتا بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیبو چەند ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە فیداکاریو گیانبازیی شەهیدانی کوردستانو بەتایبەتی شەهیدانی لە سێدارەدراوی ڕۆژی ١٩ی بانەمەر، دەستی پێ کرد.

جەمیلە قادری لە سەرەتای ئەو کۆبوونەوەیەدا سەبارەت بە خەباتی ژنان بۆ وەدەستهێنانی مافەکانیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتیو ئێران بەگشتی وتەیەکی پێشکەش کرد. دوای قسەکانی خاتوو جەمیلە کاک مستەفا شەڵماشی باسەکەی پێشکێش کرد.

مستەفا شەڵماشی لە سەرەتای باسەکەی دا کورتەیەکی لە مێژووی خەباتی ژنان بۆ گەیشتن بە مافەکانیان لە کۆمەڵگای کوردستان خستەبەر دیدەی ئامادەبووانو سەبارەت بە ئازادبوونی ژنانی کورد لەچاو ژنانی نەتەوەکانی دەوربەری چەند سەرنجێکی خستە ڕوو.

شەڵماشی لە بەشێکی دیکەی باسەکەی‌دا بە ئاماژە بە ڕۆڵی پێشەوا قازی محەممەد بۆ پێکهێنانی یەکیەتیی ژنان لە سەردەمی کۆماری کوردستان دا گوتی: «لە سەردەمی کۆماردا بەشداریی ژن لە کاری کۆمەڵایەتی، لە ئەندامەتی لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دا دەست پێ دەکا، دەتوانین بڵێین خەباتی ژنان دەچێتە قۆناغێکی دیکەوە.

لەو سەردەمەدا کە یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان دادەمەزرێ، ئێمە ئەگەر چاو لێ‌بکەین دەستکەوتی یەکجار زۆر گەورەی بە دەستهێناوە، هەرچەندە بەداخێکی گرانەوە لەبەر ئەوەی کە ئازادییەکەمان ماوەیەکی زۆری نەخایاندوە تەنیا یازدە مانگ کۆمار دەوامی هێناوەو بە باوەری من بەدوای ڕووخانی کۆماردا هەم خەباتی ژنو هەم ئیسلاحات لە شێوەی ڕۆڵی ژن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا پاشەکشەیەک بە خۆیەوە دەبینێ، بەڵام شوێنکاری دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێ درێژەی هەبووە، ماوەتەوە، ئەگەر لە جێگایەک لاوازیی بەسەردا هاتبێ، لە جێگایەکی دیکە بەرەو پێش چووە.

مستە فا شەڵماشی لە دوایین بەشی با سە کە ی دا باسێکی سەبارەت دەورو ڕۆڵی ژنان دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی هێنایەبەر باسو گوتی: بەدوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتیو سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، ژن لە ئێرانو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا دەکەونە قۆناغێکی دیکەی خەباتەوەو ئەوەش دەبێ بە قۆناغێکی جیاواز پێناسە بکرێ لە بووژانەوەو چوونە پێشی ڕۆڵی ژن چ لە کۆمەڵگاو چ لە بواری سیاسی‌دا.

لە بەربەرەکانیی قارەمانانەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ هێزە ئەهریمەنییەکانی کۆماری ئیسلامی‌داو لە مەیدانی دیفاع لە ئازادی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ژنانی لاوی کورد شانبەشانی پیاوان دێنە نێو ڕیزەکانی شۆڕشەوەو لەوێدا بە هەموو جورئەتێکەوە لە چەند بەرە دا، خەبات دەکەن، من بۆخۆم شاهیدی خەباتی زۆر سەختو دژواری کۆمەڵێک لە کچانی ئازاو بە جەرگو لاوی ڕیزەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بووم. ئێمە چ لە ڕیزی پێشمەرگەو چ لە ڕیزی کادرەکانو چ لە بنکەکانی دەفتەری سیاسیو ڕادیۆو ڕۆژنامەدا کۆمەڵێک لاوی ژنمان هەبوو کە بەراستی لە چەند بەرەیەکەوە شەریان دەکرد. پێمخۆشە ئاماژە بە چەند شتێکیان بکەم. یەکیان ئەوە کە زۆر دژوار بوو، دەبوو بیسەلمێنن هیچیان کەمتر نیە لە هاورێ پیاوەکانیان لە بواری سیاسییەوە، دەبوایە لەگەڵ ئەو دابو نەریتە کۆمەڵایەتییە دواکەوتووانەی کە تا ئێستاش لەنێو کۆمەڵگای ئێمەدا هەیە کە هەر حەرەکەتێکی ژن بە چاوی شکو گومانەوە چاوی لێدەکرا، بەربەرەکانی بکەن. دەبوو تەحەمولی زۆر مەحدوودییەت بکەن کە لەنێو ڕیزەکانی شۆڕش‌دا بمانەوێ یان نەمانەوێ لەگەڵ ئەوەی کە زۆر لە ڕێبەرانو هەڵسووڕێنەرانی کاروباری حیزبی، پیاوەکانیش ئیمانیان هەبوو کە هیچ جیاوازییەک لەنێوان ژنو پیاو دانیە، بەڵام کۆمەڵگا هێندێک شتی سەپاند بوو کە دەبوایە تەحەممولی ئەوانەش بکەن. ئێمە زۆر ژنی قارەمانو خۆراگرمان هەبوو لە بنکەکانی حیزبی‌دا کە زۆر بە ئاستەنگی، خەباتەکەیان لە ناو بنکەکانی حیزبی‌دا درێژە دەدا.

دوابەدوای کۆتایی باسەکەی شەڵماشی، بەشدارانی کۆبوونەوەکە سەرنجو پرسیارەکانیان هێنایە گۆڕێو لەلایەن ناوبراوەوە بە تێروتەسەلی وەڵامی پرسیارەکان درایەوە.

**درێژەی ڕاگەیەندراو**

## لە بارەی پێکهاتنی کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندییەوە

لە بڕگەیەکی دیکەی کاری کۆبوونەوەدا، کومیتەی ناوەندیی حیزب، بە سەرنجدان بە پێڕەوی نێوخۆو پێویستیی گرتنی کۆنگرە لە کاتی خۆیدا، کومیتەیەکی بە مەبەستی ئامادەکردنی کۆنگرەی پانزدەیەمی حیزب هەڵبژارد. بەشدارانی کۆبوونەوە لەم پێوەندییەدا باسێکی تێروتەسەلیان لە سەر چۆنیەتیی باشتر بەڕێوەچوونی کارو باری پێوەندیدار بە ئامادەکردنی کۆنگرەی پازدەیەم هێنایە گۆڕێ و کومیتەی ئامادەکردنی کۆنگرەیان ڕاسپارد، تا کاتی پلینۆمی داهاتووی حیزب، پێشنیارو گەڵاڵەی پێویست لە بارەی کاروباری کۆنگرەوە ئامادە بکا بۆ ئەوەی کومیتەی ناوەندی لە پلنیۆمی داهاتوودا بڕیاریان لە بارەوە بدا.

لە سێهەم بڕگەی کاری کۆبوونەوەدا، چەند مەسەلەیەکی پێوەندیدار بە کارو باری ڕۆژانەی ئۆرگانەکانی حیزب خرانە بەر باس و ڕێنوێنی و بەرچاو ڕوونی لە بارەیان درا بە دەفتەری سیاسی. کۆبوونەوە دوای چوار دانیشتن و بیرورڕا گۆڕینەوەی بەشداران کاتژمێر ٨ی ئێوارە کۆتایی پێهات.

**دەفتەری سیاسیی**
**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**١٣٨٩/٣/١٥**
**(٢٠١٠٩/٦/٥)**

# کۆتایی هاتنی دەورەی ١٩٢ی سەرەتایی پێشمەرگە

سەر لە بەیانیی ڕۆژی شەممە ١ی جۆزەردان جێژنی کۆتایی دەورەی ١٩٢ی سەرەتایی پێشمەرگە بە بەشداریی کۆمەڵێک لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ساڵۆنی بۆنەو ڕێوڕەسمەکانی حیزب بەڕێوەچوو.

ئەم دەورەیە کە بە نێوی شەهید سەلاح عەلی ئەولاد ناودێر کرابوو، بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب» دەستی پێ کرد.

پاشان پێشمەرگەکانی بەشدار لە دەورە ڕێوڕەسمی ڕێژەی نیزامییان بەڕێوە برد.

لە بەشێکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا خەدیجە مەعزوور، ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەو بۆنەیەوە وتەیەکی پێشکەش بە بەشداربووان کرد.

ناوبراو لە وتەکەی دا باسی ڕۆڵی پێشمەرگە لە هەلومەجی ئێستای خەباتی ڕزگاریخوازانەی کوردستان دا کرد و لەمەڕ



ئیعدامی ٥ چالاکی سیاسی و مەدەنیی کوردو ئێرانی لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی دا ودوائاکامەکانی مانگرتنی گشتیی خەڵکی کوردستان بۆ بەشداران دوا.

لە درێژەی ئەو ڕێوڕەسمەدا پەیامی بەشدارانی دەورە لە لایەن ئارام محەممەدیان خوێندرایەوە. بەرنامەکە بە پێشکەشکرانی چەند گۆرانیەک لە لایەن هونەرمەند سمایل ماملێ، حەبیب قادری و فەرەیدون خوسرەوی ڕازێندرایەوە.

لە بەشی کۆتایی ڕێوڕەسمەکەدا خەڵاتی پێشمەرگە سەرکەوتووەکانی ئەم دەورەیە لە لایەن بەڕێزان حەسەن خۆشکەلام و سەیفوڵڵا خەیرییەوە پێشکەش کران.

## بەڕێوە چوونی سیمینارێک لە پارلمانی ئینگلستان لە پێوەندی لە گەڵ مەسەلەی کورد دا

ڕۆژی چوارشەممە ، ٥ ی جۆزەردان بە هەوڵی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە بریتانیا لە یەکێک لە تالارەکانی ژووری لۆردەکانی پارلمانی ئینگلستان لە لەندەن سیمینارێک سەبارەت بە مەسەلەی کورد لە ئێران بەڕێوە چوو.

لەو سیمینارەدا کە لەلایەن لۆرد «ئێریک ئێڤیبێری»، ئەندامی پارلمانی ئینگلستان و جێگری سەرۆکی کۆمیتەی مافی مرۆڤ لە پارلمانی ئینگلستان بەڕێوە دەبرا، نوێنەری حکومەتی



هەرێمی کوردستان لە ئینگلستان و کۆمەڵێک کەسایەتیی ئینگلیسی و نوێنەری لایەنە سیاسییە کورد و ئێرانی‌یەکان تێیدا بەشدار بوون.

مەبەست لە پێکهینانی ئەم سیمینارە لەلایەک ناساندنی چاپی ئینگلیسیی کتێبی «خولیا و مەرگی قاسملووی کورد» و لەلایەکی دیکەشەوە لێکدانەوەی پرسی کورد لە ئێران لە بەر ڕووناکایی ڕووداوەکانی ئەم دوایی‌یانەی نێوخۆی ئێران بوو. بۆ ئەو مەبەستەش خانمی کارۆل پرۆنهووبێر ڕۆژنامەنووسی ڤنێز وێللایی، نووسەری کتێبی خولیا و مەرگی قاسملووی کورد» و د. ئاسۆ حەسەن زادە، بەرپرسی پێوەندی‌یە نێونەتەوەیی‌یەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات بانگهێشتن کرابوون.

خاتوو کارۆڵ پرۆنهووبێر نووسەری کتێبی «خولیا و مەرگی قاسملووی کورد» وتارەکەی خۆی کە بۆ باسی رابردووی دۆستایەتیی ناوبراو لەگەڵ دوکتور قاسملوو و بیرەوەری و تێگەیشتنی ئەو لە کەسایەتیی ئەو ڕێبەرە مەزنە تەرخان کرابوو پێشکەش کرد.

پاشان ئاسۆ حەسەن زادە وتارێکی سەبارەت بە بارودۆخی ئەمڕۆی ئێران و پرسی کورد لەم وڵاتەدا پێشکەش کرد.

ناوبراو سەرەتا وێڕای ئاماژەکردن بە بایەخ و گرینگیی کتێبەکەی کارۆڵ پرۆنهووبێر، باسی ئەوەی کرد کە لە ڕێگای ئەم کتێبەوە خوێنەری بێگانە لە لایەنە جۆربەجۆرەکانی خەباتی کوردەکان لە ئێران ئاگادار دەبێ.

دواتر لۆرد ئێڤیبێری وێڕای خستنە ڕووی هەست و بۆچوون خۆی لەپێوەندی لەگەڵ هەردووک وتاری پێشکەشکراودا، چەند پرسیار و سەرنجی بەشدارانی وەرگرت کە لەلایەن بەشدارانی پانێلەوە وڵام درانەوە.

لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا بەرپرسی پێوەندی‌یە نێونەتەوەیی‌یەکانی حیزب و نوێنەری حیزب لە بریتانیا مەسەلەی پێکهێنانی گرووپێکی پشتیوانی لە کوردەکانی ئێران لە پارلمانی ئینگلستانیان لەگەڵ لۆرد ئێڤیبێری خستەوە بەر باس و ناوبراویش لەو بارەوە سەرنج و تێبینییەکانی خۆی لەمەڕ هەنگاونانی پێویست لەو پێوەندییەدا خستە ڕوو.

## بەشداریی هەیئەتێکی کومیتەی حدک لە سوئید لە کۆنگرەی سێهەمی بزووتنەوەی یارسان دا

هەیئەتێکی کومیتەی حدک لە سوئید بە سەرپەرستیی کاک ئیقباڵ سەفەری، ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حدک و هاوڕێیەتی حەسەن حاتەمی و محەممەد ئیسماعیلی بەشدارییان لە کۆنگرەی سێهەمی بزووتنەوەی یارسان دا کرد کە ڕۆژی شەممە ٨ ی جۆزەردان لە شاری ستۆکهۆڵم، پێتەختی سوئێد دەستی پێ کرد.



لە ڕۆژی یەکەمی بەڕێوەچوونی کۆنگرەی بزووتنەوەی یارسان داکە بەناوی کیانووشی ئاسا ناودێر کرابوو، ژمارەیەک لە حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بانگهێشتن کرابوون.

لە ڕێوڕەسمی کردنەوەی کۆنگرەکەدا کاک حەسەن حاتەمی پەیامی تایبەتیی نوێنەرایەتیی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی بەو بۆنەوە خوێندوە.

لە بڕگەکانی دیکەی ڕێورەسمی دەسپێکی ئەو کۆنگرەیە دا، پەیامەکانی بزووتنەوەی دێموکڕاتیکی یارسان، حدک، و کۆمەڵێک حیزب و ڕێکخراوو کەسایەتیی کورد خوێندرانەوە.

## ناوەندی منداڵپارێزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان به بۆنەی ای ژوئەن، ڕۆژی جیهانیی منداڵان ڕێوڕەسمێکی تایبەتیی بەڕێوە برد

دوانیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە، ١٠ ی جۆزەردان ناوەندی منداڵپارێزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی منداڵان ڕێوڕەسمێکی تایبەتیی بە بە بەشداریی سەدان منداڵی کەمپەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و ژمارەیەک لە ئەندامانی ڕێبەریی حیزب و بنەماڵەی کادر و پێشمەرگەکان و میوانانی ڕێکخراوەکانی کۆیە بەڕێوە برد.

لە سەرەتای ئەو ڕێوڕەسمەدا عوسمان بێورانی، بەرپرسی ناوەندی منداڵپارێزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وتەیەکی پێشکێش کرد. عوسمان بێورانی لە قسەکانی دا وێڕای پیرۆزبایی لە منداڵانی کوردستان بە بۆنەی هاتنەوەی ڕۆژی جیهانیی منداڵانەوە، ئاوڕێکی کورتی لە بارودۆخی ژیانی منداڵانی کورد لە کوردستان دایەوە.



دواتر بڕگە هونەری و ئەدەبی و تەفریحییەکانی ئەو ڕێوڕەسمە دەستی پێ کرد کە زۆربەی نیزیک بە تەواویان لە لایەن خودی منداڵانەوە ئامادە کرابوون.

سرودی قوتابخانەم پێ خۆشە، شانۆی هاوڕێیەتی، پێشبڕکیی تۆپ گواستنەوە، گۆرانیی جلی کوردی، دیکلەمەی شێعر، هەڵپەڕکیی گرووپی ڕۆژهەڵات، گۆرانیی «١ ی ٦»، نوکتە گێڕانەوە و گۆرانی گوتنی چەند منداڵێکی بەشدار لە بۆنەکە چەند تابلۆیەکی بەشی یەکەمی ئەو ڕێوڕەسمە تایبەتییە بوون کە بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی منداڵانەوە لە سالۆنی بۆنە و ڕێوڕەسمەکانی حدک دا بەڕێوە چوون.

لە بەشێکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا بەڕێوەبەریی ناوەندی منداڵپارێزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ژمارەیەک لەو کەسانەی خەڵات کرد کە هاوکاری بەردەوامی «دنیای منداڵان» بوون یان لە دامەزراندن و وەگەڕ خستنی ناوەندی منداڵپارێزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا هەوڵیان داوە و کاریان بۆ کردوە.

مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە دوای وەرگرتنی چەپکە گوڵی ڕێزلێنان لە وتەیەکی کورت دا گوتی بۆ من شانازییە کە چەپکە گوڵی ڕێزلێنان لە ڕێناس زەمانی، وەک کچە شەهیدێک وەردەگرم. کاک قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حدک و عەلی بداغی، بەرپرسی پێشووی ناوەندی منداڵپارێزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ژمارەیەکی دیکە لە هاوکارانی گۆڤاری دنیای منداڵان، لەو ڕێوڕەسمەدا ڕێزیان لێ گیرا.

شانۆی «ماسی خانم ناو دەریا»، پێشبڕکیی سێوخواردنی منداڵان، گۆرانیی کۆچەر، کچێکی ٤ ساڵە و چەند چالاکییەکی دیکەی منداڵان بڕگەکانی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمە بوون کە لە لایەن منداڵانەوە بەڕێوە چوون.

## لە سەر داوای حدک ئێعدامەکانی ١٩ ی بانەمەڕ لە بریتانیا بەدواداچوونیان بۆ دەکرێ

لە چوارچێوەی ئەو سمینارەدا کە ڕۆژی ٢٦ ی مای ٢٠١٠ لەلایەن نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کورستان لە بریتانیا لە ژووری لۆردەکانی پارلمانی ئینگلستان بەڕێوە چوو و لەسەر داوا و بەدواداچوونی کاک مەولود سوارە، نوێنەری حدک لەو وڵاتە، لۆرد ئێریک ئێڤیبێری لە نامەیەکدا بۆ ئۆفیسی کاروباری دەرەوە و کۆمۆنوێڵس «وزارەتی دەرەوەی ئینگلستان» داوای کردوە کە حکوومەتی ئینگلستان هەم لە بواری وەگەڕخستنەوەی پەروەندەی تێرۆری دوکتور قاسملوو و هەم بۆ ڕزگار کردنی گیانی ئەو ١٧ چالاکە کوردەی کە هەر ئێستا لەژێر مەترسیی ئێعدامدان هەوڵ بدا.



ناوبراو لەو پێوەندی‌یەدا نامەی سکرتێری گشتیی حدک خالید عەزیزیشی لەگەڵ نامەکەی خۆی‌دا هاوپێچ کردوە.

**ئەوەی خوارەوە وەرگێڕدراوی دەقی نامەی لۆرد ئێریک ئێڤیبێرییە:**

جەنابی ئالستێر بێرت سەرۆکی کۆمیتەی کاروباری دەرەوە و کۆمۆن وێلز!

ڕۆژی چوارشەممەی رابردوو لە ژووری ژمارە ٤ ی کۆمیتە سمینارێک لەسەر دۆخی نالەباری کوردەکانی ئێران بەڕێوە بردرا کە لەوێدا وتاربێژە سەرەکییەکان بریتی بوون لە دوکتور کارۆل پرۆنهووبێر، نووسەری کتێبی خولیا و مەرگی قاسملووی کورد و دوکتور ئاسۆ حەسەن زادە بەرپرسی پێوەندی‌یە نێونەتەوەیی‌یەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان.

ڕەنگە لەبیرت بێ کە دوکتور قاسملوو ڕۆژی ١٣ ی ژوئیەی ١٩٨٩ لە ڤییەن بەدەستی مەئموورانی ڕێژیمی ئێران لە کۆبوونەوەیەکدا تێرۆر کرا کە بە ڕواڵەت بۆ وتوویژ لەگەڵ حیزبی دێموکڕاتی کوردستان داندرابوو. لە سمینارەکەی ڕۆژی چوارشەممەدا داوام لێ کرا کە داوا لە حکوومەتی ئینگلستان بکەم هەتا ڕوونی بکاتەوە ئاخۆ پەروەندەی قەتڵی قاسملوو و هاوڕێیانی لە ئوتریش هێشتا ئاوەڵایە و داخوا ئەنترپۆل بە دوای ئەو تاوانبارانەدا دەگەڕێ کە پاش ئەو جینایەتە لە دەستی بەرپرسانی ئوتریشی ڕزگار بوون.

سەبارەت بە وەزعییەتی ئێستاش نامەیەکی خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانم بە هاوپێچ لەگەڵ ئەو نامەیە داناوە.

لە بەشێکی دیکەی ئەو نامەیەدا هاتوە : هەر ئێستا ١٧ کەس لە چالاکانی کورد لە ئێران لەژێر مەترسیی ئێعدام دان کە ناوەکانیان لەگەڵ ئەم نامەیەدا دەنێرم.

دەزانم کە کۆماری ئیسلامی زۆر گوێ ناداتە ئەو ڕەخنانەی کە ئینگلستان لێی دەگرێ. سەرەڕای ئەوەش، پێم وایە باش دەبێ کە ئێوە هەوڵی وەڕێ خستنی ئیبتکاری داوایەک لەلایەن یەکێتیی ئوورووپا بۆ ڕزگار کردنی ئەو مەحکووم بە ئێعدامانە و بە گشتی بۆ کۆتایی هێنان بە شەپۆلی نوێی قۆڵبەستکردنی سەرەڕۆیانە لە ئێران‌دا بدەن.

# روانینه دیپلۆماتیکه‌کان و داهاتووی مافی مرۆڤ له ئێران


سمایل شه‌ره‌فی

فشاره دیپلۆماتیکه‌کانی كۆڕو ناوه‌نده بڕیارده‌ره جیهانییه‌كان بۆ سه‌ر ڕێژیمه ده‌سه‌ڵاتداره‌كان له ئێران كه‌م واهه‌بووه له خانه‌ی «داكۆكی له مافی مرۆڤ» دا خۆ پێناسه بكات. یان به واتایه‌كی دیكه له‌م دیپلۆماسییانه‌دا به هیچ شێوه‌یه‌ک خه‌ڵكانی ئێران نه‌كراونه‌ته مێحوه‌ر بۆ داكۆكی كردن له مافه زه‌وتكراوه‌كانیان. ناوه‌نده بڕیارده‌ره‌كان و له سه‌رووی هه‌موانه‌وه وڵاتانی شویندانه‌ر له‌سه‌ر سیاسه‌ت و دیپلۆماسیی نێوده‌وڵه‌تی كه له گه‌ڵ ڕێژیمه‌كانی هاوشێوه‌ی ئێران كه خۆ گونجانی له گه‌ڵ ره‌وته‌كانی سه‌رده‌م ئاسان نیه، فشاره‌كانیان بۆ سه‌ر ئه‌م وڵاتانه ته‌نیا له سه‌ر ئه‌ساسی به‌رژه‌وه‌ندی خۆیان ده‌هێننه كار نه‌ک چه‌وسانه‌وه‌ی خه‌ڵكی ئه‌م وڵاتانه. زۆر جار پڕوپاگاندایان ته‌نیا بۆ دابینكردنی به‌رژه‌وه‌ندییه‌كانی خۆیان ساز كردوه‌و ئه‌سڵی مه‌سه‌له‌كه (چه‌وسانه‌وه‌ی كۆمه‌ڵانی خه‌ڵک) بایه‌خی پێ نه‌دراوه.

فشاره دیپلۆماتیكه‌كانی كۆڕو ناوه‌ندو ده‌وڵه‌ته بڕیارده‌ره جیهانییه‌كان بۆ سه‌ر ڕێژیمی كۆماری ئیسلامیی ئێران – وه‌ک ڕێژیمێک كه هیچ بایه‌خێک به چاره‌نووسی خه‌ڵكی وڵاته‌كه نادات و به‌درێژایی ته‌مه‌نی وێڕای پێشێلكردنی سه‌ره‌تاییترین ماف و ئازادییه‌كانی كۆمه‌ڵانی خه‌ڵک، سیاسه‌تی گرتن، ئه‌شكه‌نجه و ئێعدامی پێڕه‌و كردوه – له هێندێک چوارچێوه‌و مه‌یدانی تایبه‌ت دا پێناسه كراوه كه ناتوانێ راسته‌وخۆ هیچ پێوه‌ندییه‌كی به ئازارو كێشه‌ی خه‌ڵكی ئه‌م وڵاته‌وه هه‌بێ و به واتایه‌كی دیكه ئه‌م فشارانه ناتوانن شوێنه‌وارێكی ئه‌وتۆو دڵخواز له سه‌ر نه‌مانی پێشێلكارییه‌كانی مافی مرۆڤ له‌م وڵاته‌دا دابنێن.

چڕكردنه‌وه‌ی فشاره ئابووری و دیپلۆماتیكه‌كانی وڵاتان و ناوه‌نده پێوه‌ندیداره‌كان بۆ سه‌ر ئێران ته‌نیا له سه‌ر په‌روه‌نده‌ی ناوكی و ده‌سپێڕاگه‌یشتنی ئه‌م وڵاته به چه‌كی كۆمه‌ڵكوژ به جۆرێک پرسیاری خستۆته سه‌ر ئیراده‌ی كۆمه‌ڵگای نێونه‌ته‌وه‌یی دژ به ئێران. كه‌مته‌رخه‌میی كۆمه‌ڵگای نێونه‌ته‌وه‌یی به نیسبه‌ت پێشێلكارییه‌كانی مافی مرۆڤ له ئێران چالاكانی مافی مرۆڤ و تێكۆشه‌رانی سیاسیی به ته‌واوه‌تی تووشی نیگه‌رانی كردوه.

هه‌ر له‌م پێوه‌ندییه‌دا سكرتێری گشتیی حیزبی دێموكراتی كوردستان، به‌ڕێز خالید عه‌زیزی له چه‌ندین لێدوانی رۆژنامه‌وانی داو له ڕێگای چه‌ند نامه‌یه‌كه‌وه بۆ ڕێكخراوی نه‌ته‌وه یه‌كگرتووه‌كان و كۆڕو ناوه‌نده‌كانی داكۆكی له مافی مرۆڤ راشكاوانه ئه‌م كه‌مایه‌سییه‌ی به نیسبه‌ت هه‌ڵوێستی دیپلۆماتیكی وڵاتان و ناوه‌نده جیهانییه‌كان له به‌رانبه‌ر ئێران دا ده‌سنیشان كردوه. سكرتێری گشتیی حیزبی دێموكراتی كوردستان به روانینێكی ره‌خنه‌گرانه‌وه باسی له‌م شێوه دیپلۆماسییه كردوه كه چه‌نده بارودۆخی مافی مرۆڤی كۆمه‌ڵانی خه‌ڵكی ئێران و نه‌ته‌وه‌كانی ئه‌م پێكهاته سیاسییه، تێیاندا غایبه و راشكاوانه داوای له ڕێكخراوه نێونه‌ته‌وه‌ییه‌كان و كۆڕوكۆمه‌ڵه پێوه‌ندیداره‌كان كردوه كه ئه‌گه‌ر



ده‌یانه‌وێ یارمه‌تی به پرۆسه‌ی سه‌قامگیریی دێموكراسی له ئێران بده‌ن پێویسته سه‌رنجی تایبه‌تی بده‌ن به بارودۆخی مافی مرۆڤ له ناوخۆی ئه‌م وڵاته‌و به هانای خه‌ڵكانی ئازادیخوازی ئێرانه‌وه بێن.

له نامه‌یه‌كی تایبه‌ت دا بۆ ڕێكخراوه نێونه‌ته‌وه‌ییه‌كانی پارێزه‌ری ئه‌منییه‌ت و مافه‌كانی مرۆڤ، كه دوواتر له ڕێگای لۆرد ئێریک، ئه‌ندام له ژووری لۆرده‌كانی پارلمانی ئینگلستانه‌وه بۆ وه‌زاره‌تی كاروباری ده‌ره‌وه‌ی بریتانیا نێردرا، كاک خالید عه‌زیزی داوای لێكردن كه به هانای چالاكانی سیاسی و مه‌ده‌نیی به‌ندكراوی كورده‌وه بێن و به سه‌رنجه‌وه بڕواننه بارودۆخی مافی مرۆڤ له ئێران.

سه‌رنجدان به بارودۆخی مافی مرۆڤ له ئێران له لایه‌ن كۆڕوكۆمه‌ڵه نێونه‌ته‌وه‌ییه‌كان و وڵاتانه‌وه له لایه‌ک ده‌توانێ یارمه‌تی به بزووتنه‌وه‌ی ئازادیخوازانه‌ی خه‌ڵكی ئه‌م وڵاته بكات و له لایه‌كی دیكه‌وه مه‌جالی لانیكه‌م سه‌ركوتی ئاشكرای خه‌ڵک له لایه‌ن ده‌سه‌ڵاته‌وه كه‌م بكاته‌وه.

ئه‌و روانینه دیپلۆماتیكه‌ی كه تا ئێستا رۆژئاواو ئامریكا به نیسبه‌ت فشار خستنه سه‌ر كۆماری ئیسلامییه‌وه گرتوویانه‌ته پێش نه‌ته‌نیا نه‌یتوانیوه قازانجێكی ئه‌وتۆ به بزووتنه‌وه‌ی ئازادیخوازانه‌ی خه‌ڵكی ئێران بگه‌یه‌نێ، به‌ڵكوو زۆر جاران خودی مه‌سه‌له‌كه مه‌جاڵێكی بۆ بێده‌نگ هێشتنه‌وه‌ی نارەزایه‌تییه‌كانی ناوخۆو سه‌ركوتی ئازادیخوازان ره‌خساندوه. یان ئه‌وه كه له درێژه‌ی دانوستانه‌كانی تایبه‌ت به مه‌سه‌له‌یه‌كی وه‌ک كێشه‌ی ناوكی كه سه‌ره‌ڕای مه‌ترسیداربوونی گرفتی ئه‌مڕۆی خه‌ڵكی ئێران نییه، دیپلۆماته‌كانی ڕێژیمی سه‌ركوتكه‌رو تێرۆریستی كۆماری ئیسلامیی له كۆڕو ناوه‌نده پێوه‌ندییداره‌كان دا وه‌ک نوێنه‌ری خه‌ڵكانی ئێران ناسێندراون. ئه‌وه له حاڵێك دایه كه بۆ چه‌نده‌مین جارو له دوایین هه‌ڵبژاردنی سه‌ركۆماری دا خه‌ڵكی ئێران «نا» یان به‌م ده‌سه‌ڵاته گوت و به‌توندترین شێوه سه‌ركوت كران.

له گه‌ڵ ئه‌وه كه تا ئێستا به هۆی هه‌ندێک فاكته‌ری ناوچه‌یی و نێونه‌ته‌وه‌یی و له هه‌موویی گرینگ تر، «ئابووری» ، روانینی دیپلۆماتیكی رۆژئاواو ئامریكا «لیبراو»ییه‌كی به‌رچاوی به نیسبه‌ت ئێرانه‌وه تێدا به‌دی ناكرێ، به‌ڵام جۆری پێشوازیی ئه‌م دوایانه‌ی ناوه‌نده بڕیارده‌ره‌كانی وه‌ک نه‌ته‌وه یه‌كگرتووه‌كان و به‌تایبه‌ت پارلمانی ئوروپا له كاربه‌ده‌ستانی ڕێژیم، بۆ چالاكان و تێكۆشه‌رانی سیاسی جێی تێڕامانه.

رۆژی سێشه‌ممه، ١١ی بانه‌مه‌ڕ به‌شێكی به‌رچاو له ئه‌ندامانی پارلمانی ئوروپا وێڕای به ده‌سته‌وه گرتنی وێنه‌ی له خوێنداشه‌ڵاڵی «ندا ئاقاسولتان» – ئه‌و كچه خوێندكاره‌ی كه دوای كوده‌تای جۆزه‌ردانی ساڵی ١٣٨٨، له لایه‌ن هێزه ئه‌منییه‌تیه‌كانی ڕێژیمه‌وه كوژرا – به وتنه‌وه‌ی ده‌سته‌واژه‌ی «مرۆڤكوژ» پێشوازییان له وه‌زیری ده‌ره‌وه‌ی كۆماری ئیسلامی كرد.

ئه‌ندامانی پارلمانی ئوروپا له بروكسێل به نیشانه‌ی نارەزایه‌تی ده‌ربڕین له پێشێلكردنی مافی مرۆڤ، له كاتێک دا مه‌نووچێهری موته‌كی، وه‌زیری ده‌ره‌وه‌ی كۆماری ئیسلامی سه‌ری شۆڕ كردبۆوه، وێنه‌ی ندا ئاقاسوڵتانیان رووبه‌رووی راگرتبوو و پێیان ده‌گوت « تۆ و ڕێژیمه‌كه‌ت پیاوكوژن».

ئه‌گه‌ر داكۆكیكردن له مافی مرۆڤ له ئێران و سه‌رنجدان به بارودۆخی چالاكان و تێكۆشه‌رانی سیاسی و مه‌ده‌نی ببێته بناغه‌ی روانینه دیپلۆماتیكه‌كانی كۆڕو ڕێكخراوه نێونه‌ته‌وه‌ییه‌كان و هه‌روه‌ها هه‌ڵوێست و فشاره نێونه‌ته‌وه‌ییه‌كان بۆ سه‌ر ئێران له راستای ره‌چاوكردنی مافی مرۆڤ و پاراستنی ئه‌منییه‌تی گیانی و پیشه‌یی جیابیران دا بێت، ئه‌و كات ده‌توانین بڵێین ئه‌م روانینه ده‌توانێ له قازانجی پرۆسه‌ی سه‌قامگیریی دێموكراسی و ڕیزگرتن له مافی مرۆڤ له‌م وڵاته‌دا بێت.

# دیپڵۆماسیی بارمته‌گیری

مسته‌فا مه‌عروفی

له كۆتاییه‌كانی مانگی مای دا هاوكات له‌گه‌ڵ فشاری وڵاتانی ناسراو به گرووپی ٥+١ (ئه‌مریكا، رووسیه، فه‌ڕانسه له‌گه‌ڵ ڕێكخراوی نه‌ته‌وه یه‌كگرتووه‌كان ) بۆ سه‌ر ئێران و هه‌ڕه‌شه‌ی ته‌حریمی ئابووری له‌سه‌ر كۆماری ئیسلامی به هۆی درێژه‌دان به چالاكییه گوماناوییه ئه‌تۆمییه‌كانی، كۆماری ئیسلامی ریزه هه‌وڵێكی دیپڵۆماسیی له پێوه‌ندی له‌گه‌ڵ ئورووپاو ئه‌مریكا دا وه‌ڕێ خست. له‌و ماوه‌یه‌دا كلۆد ریس مامۆستای زانستگه‌و خه‌ڵكی فه‌ڕانسه كه له ساڵی رابردوودا له ئێران به بارمته گیرا، ئازاد كرا و چۆوه وڵاتی خۆی. ئه‌مه له‌به‌رامبه‌ر ئازادیی مه‌جیدی كاكاوه‌ند بازرگان ـ ده‌ڵاڵی كۆماری ئیسلامی بۆ كڕینی كه‌ره‌سته‌ی قاچاغ دا بوو كه له دادگایه‌كی فه‌ڕانسه‌دا به زیندانی مه‌حكووم كرابوو. به دوای ئازادیی كلوود ریس دا عه‌لی وه‌كیلی راد قاتڵی شاپووری به‌ختیار دوایین سه‌رۆک وه‌زیرانی ڕێژیمی شا، ئازاد كرا و ناردرایه‌وه ئێران و له فڕۆكه خانه‌ی مێهراباد له تاران له‌لایه‌ن به‌رپرسانی كۆماری ئیسلامییه‌وه پێشوازییه‌كی گه‌رمی لێ كرا. ناوبراو له كاتی گه‌یشتنه‌وه‌ی بۆ ئێران دا گوتی « جه‌هه‌ننه‌مم به جێ هێشت و هاتمه‌وه به‌هه‌شت»!!و تاجه گوڵینه‌یان له ئه‌ستۆی كرد.

ئه‌م ڕووداوه هاوكات بوو له‌گه‌ڵ سه‌ردانی بنه‌ماڵه‌ی سێ ئه‌مریكایی به بارمته‌گیراو له ئێران دا كه هاوینی رابردوو به شێوه‌یه‌كی گوماناوی له سه‌ر سنووری نێوان ئێران و عێڕاق ده‌ستیان به‌سه‌ر دا گیراو به تۆمه‌تی جاسووسی بۆ ئه‌مریكا، راگیراون. وه‌زیری ئیتیلاعاتی كۆماری ئیسلامی ئیزنی چاوپێكه‌وتنی بنه‌ماڵه‌ی ئه‌و بارمتانه‌ی به هه‌نگاوێكی « به‌شه‌ر دۆستانه» ناو بردو رای گه‌یاند: « چاوه‌ڕوانیمان ئه‌وه‌یه ئه‌گه‌ر ئه‌مریكاییه‌كان كه ئیددیعای مافی مرۆڤ ده‌كه‌ن، پێشوازی له‌و هه‌نگاوه مرۆڤدۆستانانه‌یه بكه‌ن تاكوو كار بگاته مه‌سه‌له‌گه‌لی وه‌ک گۆڕینه‌وه.» ئه‌و قسه‌یه‌ی وه‌زیری ئیتیلاعات له كاتێک دایه كه چه‌ندین جاسووس و تێرۆریستی نێردراوی كۆماری ئیسلامی بۆ ده‌ره‌وه‌ی وڵات له‌لایه‌ن ئه‌مریكاوه گیراون.

كۆماری ئیسلامی پێشتریش له‌م جۆره هه‌وڵانه‌ی داون: كاتێک له ساڵی ١٩٩٧ دا مه‌ئمووڕانی كۆماری ئیسلامی به تاوانی تێرۆری د. سادقی شه‌ره‌فكه‌ندی سكرتێری گشتیی حیزبی دێموكراتی كوردستان و هاوڕێیانی له دادگای ناسراو به میكۆنووس دا مه‌حكووم كران، كۆماری ئیسلامی قه‌ت وازی له هه‌وڵ و ته‌قه‌للا نه‌هێنا بۆ ئازادكردنیان، تا سه‌ره‌نجام له‌سه‌ر گۆڕینه‌وه‌ی بازرگانێكی ئه‌ڵمانی كه به رواڵه‌ت به تاوانی پێوه‌ندیی نامه‌شرووع له‌گه‌ل خانمێكی ئێرانی گیرابوو، له‌گه‌ل كازمی دارابی و هاوكاره تێرۆرسته‌كانی له‌گه‌ل ده‌وڵه‌تی ئه‌ڵمان كه‌وتنه وتووێژه‌وه‌و بوو به‌هۆی ئازادیی زووتری كازمی دارابی.

تیرۆریسته‌كان كه له مۆره‌یه‌كی بێ ئیراده‌و كرێ گرته‌یه‌كی پیاوكوژ زیاتر شتێكی دیكه نین، هه‌ركه ده‌گه‌نه‌وه ئێران كرێی ناچیزی پیاوكوژییه‌كه‌یان پێ ده‌درێ و خه‌ڵاته‌كه‌یان وه‌رده‌گرن. گرنگ ئه‌وه نیه چاره‌نووسی ئه‌و ئینسانكوژانه چیه‌و چ نیه، گرنگ راستییه تاڵه‌كانی پشت ئه‌م رووداوانه‌ن. هه‌وڵی كۆماری ئیسلامی بۆ ئازادكردنی تاوانباران، پێشوازیی گه‌رمی به‌رپرسانی ڕێژیم له‌و كه‌سانه‌و ته‌نانه‌ت ناوبردنیان وه‌ک قاره‌مانی میللی له سه‌لماندنی ئه‌و راستییه كه ئه‌وان بڕیارده‌ری كرده‌وه تێرۆریستییه‌كانن، به‌و لاوه تره‌و بێ ئه‌وه‌ی به ئاشكراو به روونی به بیروڕای گشتیی جیهان رابگه‌یه‌نن، هێزو توانای تێرۆریستیی خۆیان به وڵاتانی ده‌روه نیشان ده‌ده‌ن و گاڵته به هێزه ئازادیخوازه‌كانی ئێران و وێژدانی خه‌ڵكی مه‌ینه‌تچێشتووی ئێران ده‌كه‌ن. ئه‌م كرده‌وانه‌ش به‌ر له‌وه‌ی نیشانه‌ی به هێزیی كۆماری ئیسلامی بێ، نیشانه‌ی لاوازیی وڵاتانی رۆژئاوا له به‌رامبه‌ر هه‌ڕه‌شه تێرۆریستییه‌كانی كۆماری ئیسلامی دایه.

موعامه‌له له‌گه‌ڵ تێرۆریستان و ئیمتیازدان به تێرۆریزم جگه له به‌هێزبوونی تێرۆریزم ئاكامێكی دیكه‌ی نیه. مێژوو نموونه‌ی ئه‌مه‌ی زۆره. له‌م سه‌رده‌مه‌دا كه تێرۆریزم هه‌ڕه‌شه له ئاسایش ئه‌منییه‌تی جیهان ده‌كاو كۆماری ئیسلامی وه‌ک ده‌وڵه‌ت تاقه ڕێژیمی تێرۆریسته كه تێرۆریست بوونه‌كه‌ی سه‌لمێندراوه، ئه‌م جۆره موعامه‌لانه ئه‌و ڕێژیمه زیاتر هان ده‌داو چێره‌گرتووتری ده‌كا. ته‌نانه‌ت كار ده‌گاته جێگه‌یه‌ک كه ماموستای زانتسگه‌و تووریست و بازرگان له وڵاتانی ئورووپایی به بارمته بگرێ و له به‌رامبه‌ر تێرۆریست و ئینسانكوژه‌كانی خۆی دا داوای گۆڕینه‌ویان بكاو ناوی لێ بنێ « هه‌نگاوی به‌شه‌ر دۆستانه»!! تێرۆریزمی ده‌وڵه‌تیی كۆماری ئیسلامی دوای تێرۆری ئازادیخوازانی ئێرانی، تا ئێستا زیاتر داوێنی ئه‌مریكاو به‌رژه‌وه‌ندییه‌كانی ئه‌مریكای گرتوه، ئه‌گه‌ر په‌ره‌گرتنی بزووتنه‌وه‌ی ئازادیخوازانه‌ی خه‌ڵكی ئێران و ترسی ئه‌م ڕێژیمه له‌م بزووتنه‌وه‌یه نه‌بووایه، گومانی تێدا نه‌بوو زه‌بری خۆی له وڵاتانی ئورووپاییش ده‌وه‌شاند. چونكه ئه‌م هه‌ڕه‌شه‌یه به تیئۆری له‌لای ڕێبه‌رانی ڕێژیم هه‌یه‌و كینه‌و نه‌فره‌تی خۆیان له « فه‌رهه‌نگی رۆژ ئاوا» ناشارنه‌وه. كۆماری ئیسلامی هه‌ڕه‌شه‌یه‌كه بۆسه‌ر هه‌موو مرۆڤایه‌تی، تێرۆریزمی ئه‌م ڕێژیمه له له‌نێوبردنی خه‌ڵكی ئازادیخوازی وڵاتی خۆیه‌وه ده‌ستی پێ كردوه‌و ئه‌گه‌ر ده‌ستی بڕوا هیچ سنوورێكی ناناسێ، هه‌روه‌ک تا ئێستا نه‌یناسیوه.

داهاتووی كۆماری ئیسلامی به لێكدانه‌وه‌ی رووداوه‌كانی ئه‌م چه‌ند مانگه‌ی دوایی داهاتوویه‌كی روون نیه. هه‌ڵسوكه‌وتی وڵاتانی ئورووپایی له‌گه‌ڵ تێرۆریزمی كۆماری ئیسلامی ئیعتیباری ئه‌و وڵاتانه له‌لای بیروڕای خه‌ڵكی ئێران و هێزه ئازادیخوازه‌كانی خه‌وشدار ده‌كا. ئه‌زموونی هه‌ڵسوكه‌وتی ئه‌مریكاو هێندێک وڵاتی ئورووپایی له سه‌رده‌می ڕێژیمی پاشایه‌تی دا، ئه‌وكات كه خه‌ڵكی ئێران له دژی ئه‌و ڕێژیمه خه‌باتیان ده‌كرد، ده‌بێ بۆئه‌و وڵاتانه گه‌لێک ده‌رس ئه‌زموونی تێدابێ. دوژمنایه‌تیی كۆماری ئیسلامی له‌گه‌ڵ ئه‌مریكاو وڵاتانی رۆژئاوا ته‌نانه‌ت به‌شێكی زۆر له هێزه‌كانی دیكه‌ی ئێران دوای شۆڕشی ١٩٧٩ به‌شێكی له‌م راستییه‌وه سه‌رچاوه‌ی گرتوه. به‌و هه‌ڵسوكه‌وت و ئیمتیازدانانه‌ی وڵاتانی ئورووپایی به كۆماری ئیسلامی، ئه‌و لاتانه‌ی كۆماری ئیسلامی ئازادیخوازانی ئێرانی تێدا تێرۆر كردوون، ئه‌گه‌ر رۆژێک ئه‌و ڕێژیمه بڕوا، رۆژئاوا له ئێراندا هه‌ورا كێشه‌ی ده‌بێ. هه‌ر ئێستا ئه‌م موعامه‌لانه‌و به ئاكام نه‌گه‌یشتنی زۆر په‌روه‌نده‌ی تێرۆریستیی دیكه له ئورووپا له به‌رامبه‌ر قازانجه ئابوورییه‌كانیاندا، به راده‌ی پێویست بیر و ڕای گشتی و ئازادیخوازانی ئێرانی تووڕه كردوه.

ئه‌گه‌ر كۆماری ئیسلامی بارمته‌گیریی بۆ گۆڕینه‌وه له‌گه‌ڵ تێرۆریسته‌كانی نێردراوی خۆی وه‌ک كارتێک به‌كار دێنێ، وڵاتانی رۆژئاواش به تایبه‌تی هێندێک له حیزبه ده‌سه‌ڵاتداره‌كان ئه‌م موعامه‌لانه وه‌ک كارتێک له پێشبڕكێی هه‌ڵبژاردنه‌كانیان له وڵاتانی خۆیان دا به‌كار دێنن كه به هه‌وڵی دیپڵۆماسی، هاووڵاتانی خۆیان له ده‌ستی كۆماری ئیسلامی ـ كه گوانه له نێو بیروڕای گشتیی ئه‌و وڵاتانه‌دا خۆشه‌ویست نیه ـ رزگار كردوه!! به‌ڵام ئه‌وه‌ی له‌و موعامه‌لانه‌دا زه‌ره‌ی وێ ده‌كه‌وێ و بێ ئه‌وه‌ی بۆخۆی هیچ رۆڵێكی هه‌بێ، خه‌ڵكی ئازادیخوازی ئێران و هێزی ئازادیخوازه‌كانی ئێران و قوربانیانی تێرۆریزمی كۆماری ئیسلامین.

**موعامه‌له له‌گه‌ڵ تێرۆریستان و ئیمتیازدان به تێرۆریزم جگه له به‌هێزكردنی تێرۆریزم ئاكامێكی دیكه‌ی نیه. مێژوو نموونه‌ی ئه‌مه‌ی زۆره. له‌م سه‌رده‌مه‌دا كه تێرۆریزم هه‌ڕه‌شه له ئاسایش ئه‌منییه‌تی جیهان ده‌كاو كۆماری ئیسلامی وه‌ک ده‌وڵه‌ت تاقه ڕێژیمی تێرۆریسته كه تێرۆریست بوونه‌كه‌ی سه‌لمێندراوه، ئه‌م جۆره موعامه‌لانه ئه‌و ڕێژیمه زیاتر هان ده‌داو چێره‌گرتووتری ده‌كا**

# بزووتنەوەی خوێندکاری لە ٣٠ ساڵەی شۆڕشی بەدناوی فەرهەنگی دا

ئارام ئیبراهیم خاس

وەرگێڕانی: زەردەشت رۆژهەڵاتی

بزووتنەوەی خوێندکاری وەک بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی بزووتنەوە عەقڵانییەکاندا جێ دەگرێ و خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندییە. لەم تایبەتمەندییانە دەتوانین بەم خاڵانەی خوارەوە بکەین:

١. لانی کەمی ئاشنایەتی لەگەڵ زانستە مرۆڤایەتییەکان

٢. رەخنەگرتن لە دەسەڵات و ئامادەیی زێهنی بۆ گۆڕان

٣. هەبوونی پێکهاتەیەکی پلۆراڵ کە تەواوی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە دەگرێتەوەو پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بە ئاوایەکی بەربڵاو رێک دەخا.

٤. رادیکالیزم و ئارمانجخوازی

٥. چاوەڕوانیی ئۆپۆزیسیۆن و کۆمەڵگە لەم بزووتنەوەیە و...

هەموو ئەم خاڵانەی سەرەوە ئاراستەیەکی شۆڕشگێرانە و سیاسی بەم بزووتنەوەیە دەبەخشن کە بۆتە هۆی ئەوە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بۆ پێشگرتن لە سەرهەڵدانی خوێندکاران، هەر چەشنە جموجۆڵێکی خوێندکاری سەرکوت بکەن.

بزووتنەوەی خوێندکاری وەک باسکی بەهێز و رووناکبیری کۆمەڵگە، لە سەرکەوتنی شۆڕشی بەشکۆی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧دا رۆڵێکی بەرچاوی هەبوو. دوای رووخانی رێژیمی شاو هاتنە سەرکاری حکوومەتی کۆنەپەرستی ئاخوندی، بزووتنەوەی خوێندکاری بە هۆی خەسڵەتی خەباتگێڕانە و زیندوویی و رادیکالیزمی زاڵ بەسەریدا، دەبێتە جێی نیگەرانیی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بەم هۆیە لە کردەوەیەکی تاکتیکی دا کە مەبەست لەو تەنیا بەلاڕێدا بردنی بزووتنەوەی خوێندکاری لە رێگەی دروستی خەبات بوو، دروشمی بێنێوەرۆکی «یەکیەتیی حەوزەو زانستگە» هاتە ئاراوە.

خواستی گۆڕان، داخوازیی رادیکاڵ، ئیرادەی خەباتگێرانەو هەڵوێستی لە شکان نەهاتووی خوێندکاران، دەسەڵاتی ئاخوندیی لە گەیشتن بە ئامانجەکانی کە کۆنترۆڵ کردن و بێکاریگەر کردنی خوێندکارو بزووتنەوەی خوێندکاری لە هاوکێشەو پێشهاتەکاندا بوو، ناهومێد و بێمراد کرد.

ئەنجومەنە ئیسلامییەکان و رێکخراوەکانی سەربە کۆماری ئیسلامی نەیانتوانی خەباتی راستەقینەی خوێندکاران بۆ هەمیشە خەوشدار بکەن و لە پەراوێزی بخەن.

خەباتی شێلگیرانەی خوێندکاران و ئامادەیی بەربڵاوی توێژی خوێندکار لە ریزەکانی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی دژبەری رێژیم دا، زیاتر لە رابردوو دەسەڵاتبەدەستانی کۆماری ئیسلامی تووڕە کردو سەرەنجام هەموو ئەم فاکتەرانە رێژیمیان ناچار کرد تا لە ساڵی ١٣٥٩دا هێرشێکی بەربڵاو بۆ سەر زانکۆو ناوەندە زانستییەکان ئەنجام بدەن و تا ساڵی ١٣٦٢یش هەموو زانکۆکانی ئێران بە تەواوەتی دابخەن. دەسەڵاتبەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئەم حەرەکەتە کۆنەپەرەستانەیان ناونا «شۆڕشی فەرهەنگی» و لە رۆژژمێری فەرمیی وڵاتیش دا تۆماریان کرد.

هەزاران خوێندکارو مامۆستا لە زانکۆکان دەرکران و زانکۆکانیش بۆ ماوەی ٣ ساڵ داخران. ئەم مەسەلەیە کەوتە ژێر سێبەری شەڕی ئێران و عێراقەوەو، لەبەر زۆر هۆکاری دیکەش لەوانە بێدەنگیی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لە هەمبەر تیرۆرو تۆقاندن و جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە دەیەی ٦٠ دا، بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و مەدەنییەکان و لەم نێوەدا بزووتنەوەی خوێندکاری بوونە جووڵانەوەیەکی پاسیڤ و، کارو چالاکییەکی ئەوتۆیان لێ نەمایەوە.

بەڵام بە هەمووی ئەوانەوە پتانسیەلە دینامیک و رادیکاڵەکانی بزووتنەوەی خوێندکاری بوونە هۆی ئەوە کە ئەم بزووتنەوەیە لەسەر پێ بمێنێتەوەو لەگەڵ کرانەوەی دەلاقەی هیوا و هاتنە ئارای چەشنێک ئازادیی رێژەیی بۆ چالاکیی سیاسی و سینفی لە دووی جۆزەردانی ٧٦ بەم لاوە، بزووتنەوەی خوێندکاری لە دوای نزیک بە دوو دەیە داسەکنین و پاسیڤ بوون، چالاکییەکانی خۆی سەر لە نوێ دەست پێکردەوە.

لەم قۆناغەدا چالاکییە سیاسی و مەدەنییەکان بە لوتکە گەیشتن و زانکۆکان بوونە سەرەکیترین گۆڕەپانی خەبات لە دژی رێژیم. ئامادە بوونی چالاکانەی خوێندکارانی سەر بە نەتەوە بن دەستەکانی ئێران، بەتایبەت خوێندکارانی کورد لەم خەباتەدا خاڵێکی سەرنجراکێش و حاشاهەڵنەگرە کە ناتوانرێ نادیدە بگیرێ.

ئەم هەلومەرجە و چالاکییە روو لە پەرەسەندنەکانی خوێندکاران لەم قۆناغەدا، دەبنە مەترسییەکی جیددی و نیگەرانییەکی سەرەکی بۆ دەسەڵات بەدەستانی رێژیم. بەم پێیە بەرپرسانی رێژیم دەستیان بە «چارەسەر کردنی رووداو» کردو کارەساتی ١٨ی پووشپەڕی کوی زانستگەی تارانیان خوڵقاند. ئەم کارەساتە کە دوای شۆڕشی بەدناوی فەرهەنگی لە چەشنی خۆیدا بێ وێنە بوو، نەیتوانی بزووتنەوەی خوێندکاری بەچۆک دا بێنێ. ئەم بزووتنەوەیە سەرەڕای دانی تێچوویەکی زۆر لە رێگەی وەدیهێنانی ئامانجەکانی دا پاشەکشەی نەکرد و تەنانەت ئەمرۆکەش کە رێژیم زیندانی ئێوین و زیندانەکانی دیکەی لە چالاکوانانی خوێندکاری پڕکردوە، نەیتوانیوە چالاکوانانی ئەم بزووتنەوەیە بۆ ساتێکیش لە خەبات کردن لە دژی سەرکوت و کوشتارو ئیعدامی رێژیم، دڵسارد بکاتەوە.

هەروەک ئاماژەی پێکرا فەزای داپڵۆسینەری دوای ١٨ی پووشپەری ١٣٧٨یش نەیتوانی بزووتنەوەی خوێندکاری تووشی داسەکنین و وەستان بکاو لەم چەند ساڵەی دواییش دا دەوڵەتی دیکتاتۆر و میلیتاریستی ئەحمەدی نژاد سەرەڕای هەوڵێکی زۆر بۆ سەرکوتی ئەم بزووتنەوەیە، دەسکەوتێکی ئەوتۆی نەبووە. بەشداریی بەرچاوو ئورگانیکی خوێندکاران و چالاکوانانی بزووتنەوەی خوێندکاری لە خۆپیشاندانە نارەزایەتییەکانی دوای هەڵبژاردنەکانی خولی دەیەمی سەرکۆماری و بەتایبەت خۆپیشاندانی رۆژی ١٦ سەرماوەزی ساڵی رابردوودا، سەلمێنەری ئەم راستیەیە. بەم پێیە بزووتنەوەی خوێندکاری پێبەپێی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە رۆڵی کاریگەر و یەکلاکەرەوەی خۆی لە بزووتنەوەی سەوزدا سەلماند.

**دەرەنجام**

هەر چەند بزووتنەوەی خوێندکاری بزووتنەوەیەکی پلۆراڵ و فرەچەشنەو جیاوازیی فکری و ئایدۆلۆژیکی زۆر لەم بزووتنەوەیەدا بەدی دەکرێ، بەڵام خاڵی هاوبەشی هەموو ئەو بیرکردنەوە جیاوازو فرەچەشنانە، خەبات بۆ بەدیهێنانی دێموکراسی و رووخانی دیکتاتۆرییە. دەنگدانەوەی هاواری «نەمان بۆ دیکتاتۆری» خوێندکارانی زانکۆی ئازادی تاران لەم حەوتووانەی دواییدا سەلمێنەری ئەم راستییەیە کە سیاسەتی سەرکوتی رێژیم توانای لاواز کردن و وەستان و سەرکوتی یەکجارەکیی بزووتنەوەی خوێندکاریی نیە و سەدان شۆڕشی بەدناوی فەرهەنگیی دیکەو سەدان ١٨ی پووشپەری خوێناویی دیکەش ناتوانن بزووتنەوەی خوێندکاری لە چییەتی راستەقینەی خۆی دوور بخەنەوەو هەموو ئەو رووداوانە وەک لاپەرەیەکی زێڕین لە مێژووی خەباتی بزووتنەوەی خوێندکاری دا تۆمار دەکرێن و زانکۆش هەروا سەنگەری خەبات لە دژی دیکتاتۆری دەمێنێتەوە.

# ئاوڕێک لە ٢٢ی جۆزەردانی ١٣٨٨

سمکۆ ئەردەڵان

ساڵێک لەمەوبەر لە رۆژی ١٥ی جۆزەردان دا شایەد کەم کەس پێشبینیی ئەوەیان دەکرد کە حەوتوویەک دواتر واتە لە ٢٣ی جۆزەردان بەدواوە، قۆناخێکی نوێ لە بزووتنەوەی دێموکراسیخوازی لە ئێران دا دەست پێدەکا ـ شایەد کەس وەک هاشمی رەفسەنجانی هەستی بە مەترسیی سەرهەڵدانی ئەو بزووتنەوەیە نەدەکرد، هەر بۆیە لە نامە بەناوبانگەکەی بۆ عەلی خامنەیی رێبەری کۆماری ئیسلامی لە رۆژی ١٠ی جۆزەردان دا، ناوبراوی وریا کردەوە کە گرەنتیی چاک بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن بکا، کە ئەو نامەیە نارەزایەتییەکی زۆری لە نێو قۆڵی پاوانخوازی دەسەڵات دا درووست کردو کۆمەڵێک هێرشی توند کرایە سەر رەفسەنجانی و بۆ بێدەنگ کردنی ناوبراو کۆمەڵێک پەروەندەی گەندەڵیی ماڵیی خۆی و بنەماڵەکەی لە لایەن ئەحمەدی نژاد و ماڵپەڕ و راگەیەنەکانی سەر بە قۆڵی پاوانخواز هەڵدرایەوە.

ساڵی رابردوو لەو مانگەدا و بەتایبەت سێ حەوتوو بەر لە هەڵبژاردن، کەش و هەوای سیاسی لە تاران زۆر ئاڵۆز بوو و رۆژبەرۆژ بەرەو ئاڵۆزیی زیاتر دەچوو. رکابەرەکان کە لە فیلتێری شووڕای نیگابان تێپەڕبوون، بە پێچەوانەی هەڵبژاردنەکانی ٣٠ ساڵی رابردوو ناچار بوون، بۆ وەدەستهێنانی دەنگی خەڵک خۆیان لە هێندێک گرفتی جیددیی کۆمەڵگەی ئێران وەربدەن. ئەو گرفتانەی کە لە مێژووی ٣٠ ساڵەی کۆماری ئیسلامی دا وروووژاندنیان هێڵی سوور بوون، تا رادەیەک بەزێندران. پاڵێوراوەکان ئەگەر خۆیان لەو هێڵە سوورانە نەدابایە، ئاستی ئەو ٢٠ تا ٣٠ لە سەدەی کە لە خولی پێشووش دا بەشدارییان کردبوو، تا رادەیەکی بەرچاو دادەبەزی. هەر بۆیە بە ناچاریش بووبێ دوو پاڵێوراوی ریفۆرمخواز هێندێک هێڵی سووریان بەزاند. ئەوان بەدەرکردنی چەند راگەیەنراو و وروووژاندنی کۆمەڵێک باس خەڵکیان هان دا کە روو لە سەندووقەکانی دەنگدان بکەن. هاتنە ئارای ئەو باس و موناقشانە کێشەکانی نێوان دوو باڵی نێو کۆماری ئیسلامیی قووڵتر کردەوە. بە چەشنێک کە پاڵێوراوەکانی باڵی ریفۆرمخواز کە هێندێک داخوازی لە مێژینەی خەڵکیان وروووژاندبوو، توانای گەڕانەوەیان لەو داخوازیانە و لەو هەڵوێستانە نەمابوو و تەنیا شانسی سە ر کە و تنیشیا ن لە درێژەدان و بەردەوامبوون لەسەر ئەو هەڵوێستانە بوو، هەر بۆیە هەر دوو پاڵێوراوی ریفۆرمخواز واتە مەهدی کەڕووبی و میرحوسێن مووسەوی لە مونازرە بەناوبانگەکانی ساڵی رابردوودا رای گشتیی خەڵکی ئێران و جیهانیان تووشی سەرسوڕمان کرد کە بۆ یەکەم جار لە مێژووی کۆماری ئیسلامیدا زۆر بە توندی رووبەرووی پاڵێوراوی جێگەی پەسەندی خامنەیی بوونەوەو رەخنەی توندو راشکاوانەیان لێ گرت.



ئەم کەش و هەوا سیاسییە نوێیە خەڵکی ئێرانی هیوادار کرد تا لە رێگەی سندووقەکانی دەنگدانەوە بەلانیکەمی داخوازییەکانی خۆیان بگەن. لەم نێوەدا هەرچی کەش و هەوای سیاسیی تاران خەڵکی ئێرانی گەشبینتر دەکرد، بە پێچەوانەوە دەسەڵات نیگەرانتر دەبوو. هەربۆیە دەسەڵاتداران ئەو مەجالە تەسکەشیان بۆ خەڵک بەرەوا نەزانی و پیلانی کودیتای هەڵبژاردنیان دارشت.

**تێگەیشتنەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە بارودۆخی تاران**

ئۆپۆزیسیۆن کەتا بەر لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی رابردوو، زیاتر بەهێزو لایەنانە دەوترا کە لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران بوون، ئەوانیش بە پێچەوانەی رابردوو بە تەواوی بەسەر دوو باڵدا دابەش بوون. هێندێکیان لە خوێندنەوەکانی رابردووی خۆیاندا گیریان کردبوو و ئەم کەش و هەوایەی کە لە تاران هاتبووە ئاراوە، بە ساختە و درۆیین وەسف دەکرد و پێیان وابوو کە کۆماری ئیسلامی کایەیەکی نوێی بۆ بەلاڕێدا بردنی خەڵک دەست پێکردوە و پاڵێوراوەکان بە حوکمی ئەوەیکە دەست نیشان کراوی شووڕای نیگابان و رێبەری کۆماری ئیسلامین، هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆیان نیە، کەواتە نابێ فریوی ئەو بارودۆخە بخۆین و بە هاندانی خەڵک بۆ بەشداری کردن لە هەڵبژاردن ئاو بە ئاشی رێژیم دا بکەین.

بەشێکی دیکەی ئۆپۆزیسیۆن پێچەوانەی ئەم خوێندنەوە باوەڕیان هەبوو. ئەو بەشە پێیان وابوو کە کێشەکان جیددین و ئەوە فشاری داخوازییەکانی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵکە کە دووبەرەکیی خستۆتە نێو دەسەڵاتەوە و مادام کە داخوازییەکان جیددین و کۆمەڵگەش لە هێنانە ئارای داخوازییەکانی دا جیددییە، کەواتە کێشەکان رۆژبەرۆژ قووڵتر دەبێتەوە. هەر بۆیە ئەم هەڵبژاردنە لە هەڵبژاردنەکانی رابردوو جیاوازە و ئۆپۆزیسیۆن دەبێ بە کەڵک وەرگرتن لەو کەش و هەوا سیاسییەی تاران (کە لە راستی دا بەرهەمی تێکۆشانی چەند ساڵەی رابردووی خەڵکی ئێرانە) هەوڵ بدەن بە هاندانی خەڵک بۆ هێنانە ئارای داخوازییەکانیان واتایەکی دیکە بە شانۆی هەڵبژاردنی کۆماری ئیسلامی ببەخشن و ئەمجارەیان دەرفەتی هەڵبژاردن بکەنە مەیدانی رووبەروو بوونەوە لەگەڵ دەسەڵات. چونکە بەشداریی کردنی ئەمجارەی خەڵک لە هەڵبژاردن واتایەکی دیکەی هەبوو و بەپێچەوانەی بانگەشەکانی رێبەرانی کۆماری ئیسلامی و هێندێک لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن، ئەمجارەیان بەشداری زۆرینەی خەڵک نەتەنیا بەواتای مەشرووعییەت بەخشین بە سیستمی کۆماری ئیسلامی نەبوو، بەڵکوو بەواتایەکی دیکە رێک رێفراندۆمێک بوو، بۆ «نا» گوتن بە دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی. بۆ سەلماندنی ئەم قسەیە، ئەگەر ئێستا لە زۆربەی خەڵکی ئێران بپرسین کە مەبەستتان لە بەشداری کردن لە هەڵبژاردنی خولی دەیەمی سەرکۆماری چ بوو، وەڵامەکەیان هەمان «نا» گوتنەیە بە دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی.

بۆ وەبیرهێنانەوە، لە ئاستی کوردستانیش دا وەک هەموو ئێران ئۆپۆزیسیۆن بەسەر ئەو دوو باڵ دا دابەش ببوون، بەو جیاوازییەوە کە لە کوردستان تەنیا حیزبی دیموکراتی کوردستان و پارتی ئازادیی کوردستان بوون کە بە رەت کردنەوەی بژێرەی «تەحریم» لە نێو ئۆپۆزیسیۆنی کورد دا تەنیا مانەوە و هەر بە هۆی ئەم هەڵوێستەشیانەوە، کۆمەڵێک تۆمەت و بوختانیان بۆ هەڵبەسترا، بەڵام بەختەوەرانە تێپەربوونی کات واقیع بینیی خوێندنەوەی ئەوانی بۆ هەموو لایەک سەلماند.

ئێستا بە وەبیرهێنانەوەی رووداوەکانی مانگی جۆزەردانی ساڵی رابردوو و هەروەها رووداوەکانی یەکساڵی رابردوو بە گشتی، جێی خۆیەتی ئەوە بڵێین کە بەرەی ئۆپۆزیسیۆن دەبێ هەوڵ بدەن ئەزموون لەو رووداوانە وەربگرن و بەدوور کەوتنەوە لە خوێندنەوە کۆن و کلاسیکییەکانیان بۆ کۆمەڵگەی گۆڕاوی ئێران لە داهاتوودا سیاسەتی ژیرانە رەچاو بکەن. جارێکی دیکە لە رەوتی رووداو و گۆڕانکارییەکان دوا نەمێنن. با چی دیکە بەو شێوەیە نەبێ کە ٦ مانگ لە راپەڕین و سەرهەڵدانی گەورەترین بزووتنەوەی ئێعترازیی خەڵکی ئێران تێپەڕبووبێ، بەڵام هێشتا باوەڕیان بەو بزووتنەوەیە نەبێ و بە بزووتنەوەیەکی دەستکردی رێژیمی لە قەڵەم بدەن.

لە کۆتایی دا ماوەتەوە ئەوە بڵێین کە رووداوەکانی مانگی جۆزەردانی ساڵی رابردوو و هەڵوێستی کەس و لایەنەکان چ لە نێو ئۆپۆزیسیۆن و چ لە نێو دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دا دەریانخست دوو لایەن خوێندنەوەی واقعبینانەیان بۆ رووداو و گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگای ئێران هەیە. لایەنێک لە نێو دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دا وەک هاشمی رەفسەنجانی کە غەمی پاراستنی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و ترسی سەرهەڵدانی خەڵکی ناڕازیی هەبوو، لە نامەکەیدا بۆ خامنەیی ناوبراوی وریا کردبووە هەروەها لایەنێکی دیکە لە بەرەی ئۆپۆزیسیۆن دا کە ئەو لایەنە بە هیوای لاواز کردنی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و پاشەکشە کردن بە دیکتاتۆری و دەسپێکی قۆناخێکی دیکە لە بزووتنەوەی دیموکراسیخوازیی خەڵکی ئێران بە پێچەوانەی رابردوو بژێرەی تەحریمی وەلانا. رووداوەکانی یەکساڵی رابردوو راستی و درووستیی و هەڵەو ناڕاستیی خوێندنەوەی لایەنەکانی سەلماند.

# کاردانەوەو کاریگەرییە میدیاییەکانی مانگرتنی گشتیی خەڵکی کوردستان

مادح ئەحمەدی

**سەرەتا:**

دەنگدانەوەی میدیایی مانگرتنی گشتیی ڕۆژی ٢٣ی بانەمەڕی خەڵکی کوردستان دژی لە سێدارەدانی پێنج تێکۆشەری سیاسی، دەکرێ بڵێین بە شێوەیەک بوو کە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا بێ وێنە بوو. واتە ئەو بایەخەی کە میدیا جیهانییەکان بەم مانگرتنەیاندا، بووە هۆی ئەوەی کێشەی کورد لە ئێران بە شێوەیەک بێتە گۆڕێ و ڕای گشتی وڵاتان و ناوەندەکانی بڕیار بەرەو لای خۆی ڕابکێشێ. لێرەوە دەکرێ بڵێین کە کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پاش خۆپێشاندانەکانی ساڵی ٢٠٠٥ تا ئێستا بەو شێوەیە نەهاتۆتە گۆڕێ و ئەمەش دەستکەوتێکی گەورەیە بۆ کورد لەم قۆناغەدا.

بە ئاماژە بەوەی کە ئەمڕۆ میدیا کارکتەرێکی سەرەکی و دیاریکەرەی گەمە سیاسییەکانە و لە ڕێکخستنی ڕای گشتییدا دەوری یەکلاکەرەوە دەگێڕێ دەکرێ بڵێین میدیاکان لە مانگرتن گشتیی ڕۆژی ٢٣ی بانەمەڕی خەڵکی کوردستاندا لە دوو لایەنەوە ڕۆڵیان بینیوە.

١. لایەنی نێوخۆیی: لە مانگرتی ڕۆژی ٢٣ی بانەمەڕدا، میدیاکان لە ڕێگای بڵاوکردنەوەی هەواڵ و ڕاپۆرتی تایبەت بە ئێعدامی ٥ تێکۆشەری سیاسی، خەڵکی کوردستانیان لە بابەتەکە ئاگادار کردەوە. هاوکات بە ئاماژە بەوە کە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵوێستیان گرت و هەموویان یەک دەنگ پشتیوانییان لەوە کرد کە ڕۆژی پێنج شەممە ٢٣ی بانەمەڕ مانگرتنی گشتیی بێ و خەڵک دوکان و بازاڕ دابخەن نەچنە سەر کارەکانیان، ئەم پەیامە لە ڕێگای میدیاکانەوە گوازرایەوە بۆ ناو خەڵک. هەر لایەنێک لە ڕێگای تریبوونە میدیاییەکانی خۆیەوە، بەردەوام کاری لە سەر ئەم بابەتە دەکرد و داوای لە خەڵک دەکرد «ئەوە ڕۆژە دوکان و بازاڕ دابخەن و نەچنە سەر کارەکانیان». ئەمە لێرەدا واتە ڕێکخستنی ڕای گشتی لە کاناڵی میدیاکانە. لەم پێوەندییەدا تەلەفزیۆنەکان وەک گرنگترین ئامرازی میدیایی لەمڕۆدا، ڕۆڵی سەرەکییان بینی. لەم نێوەشدا ئەو تەلەڤزیۆنانەی کە دەرەتانی ئەوەیان هەبوو بەرنامەی ڕاستەوخۆیان هەبێ زیاتر بوو. بۆ وێنە لە ڕۆژی مانگرتنەکەدا چەند کاناڵی تەلەفزیۆنی کە بە شێوەی ڕاستەوخۆ لە بەیانییەوە تا ئێوارە بەرنامەی ڕاستەوخۆیان هەبوو، کاریگەرییان هەبوو لە پەرەپێدانی بە مانگرتنەکەدا، تا ئاستێک کە لە ژێر کاریگەریی ئەم کاناڵانەدا بەرەبەرە ڕێژەی داخستنی دوکان و بازاڕەکان لە شارەکان زیاد دەبوو.


٢. لایەنی دەرەکی: لە رووی دەرەکییەوە میدیاکان ڕۆڵی سەرەکییان هەبوو لە ئاگادار کردنەوەی ڕای گشتیی خەڵکی وڵاتانی جیهان لە ئێعدامی ئەو پێنج تێکۆشەرەو مانگرتنی گشتیی خەڵکی کوردستان بەو بۆنەیەوەدا. لەم ڕووەوە میدیاکان بە گشتی بە جۆرێک کاریگەرییان دانا کە هاوخەمی و پشتیوانیی خەڵکی وڵاتانی جیهان بەرەو لای کورد ڕابکێشن و کێشەی کورد لە ئێران زیاتر بە دنیا بناسێنن و تەنانەت کاریگەریان لە سەر ناوەندەکانی بڕیار لە ئاستی نێونەتەوەییدا بەرانبەر بە کورد دانا. هەروەها بوونە هۆی سازکردنی کەشێک دژی سیستمی کۆماری ئیسلامی. لەمڕۆدا کە تەلەفزیۆن سەرەکیترین و گرنگترین ئامرازی دیپلۆماسیی میدیاییە و دوای ئەو ڕادیۆ و ئاژانسەکان بە پلەی دووهەم و سێیەم گرنگن، هاتنە گۆڕی لە سێدارەدانی ئەو پێنج تێکۆشەرەو مانگرتنی گشتیی خەڵکی کوردستان و ناڕەزایەتییەکانی دیکە لە کاناڵگەلێکی جیهانیی وەک: «BBC»، «VOA»، «CNN»، «ئەلجەزیرە»، «ئەلعەرەبییە»، و هەروەها ڕادیۆگەلێکی وەک : «فەردا»، «BBC»، «VOA»، و ئاژانسەگەڵکی جیهانیی وەک: «ڕۆیتێر»، «ئاسۆ شێتێدپرێس»، «فاکس نیوز» و دەیان ماڵپەڕی ئینتێرنێتیی بەناوبانگ لە ئاستی جیهاندا، بۆ کورد دەستکەوتێکی گەورەیە و ئەمە واتە یارمەتیدان بە زیاتر ناساندنی کێشەی کورد لە ئاستی جیهاندا.

خاڵێک کە لێرەدا گرنگە ئەوەیە کە لە سێدارەدانی ئەو ٥ تێکۆشەرە و هاوکات مانگرتنەکە بوونە هۆی ئەوە کە دەرفەتێک دروست بێ بۆ کورد کە لە چەند میدیای جیهانییەوە دەربکەوێ و باسی کێشەکەی بکا. لەم نێوەدا چون دەرکەوتن و چون قسەکردن زۆر گرنگە لای میدیا جیهانییەکان. لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە ئایا کورد توانیویەتی لەم دەرفەتە کەڵک وەربگرێ؟ لەم پێوەندییەدا بەشی فارسیی « BBC» و بە تایبەت بەشی فارسیی « VOA» گرنگیی زۆریان بە بابەتەکەداو چەند کەسایەتیی کورد لە ئاستی جۆراوجۆردا لەم دوو کاناڵەوە دەرکەوتن وقسەیان لەسەر بابەتەکە کرد. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەم دوو کاناڵە، دوو کاناڵی تەلەڤزیۆنیی تایبەتن کە دەوڵەتی بریتانیا و دەوڵەتی ئەمریکا بە تایبەت بۆ دیپلۆماسیی میدیایی دایانناون و لەو پێوەندییەدا بەشی فارسیی ئەم دوو کاناڵە بە تایبەت ڕوویان لە ئێرانە. ڕۆڵی ئەم دوو کاناڵە لە پێوەندی لەگەڵ لە سێدارەدرانی ئەو ٥ تێکۆشەرە و مانگرتنە گشتییەکەی خەڵکی کوردستان جیاواز بوون. « VOA» زۆر تایبەت کاری لەسەر بابەتەکەدا دەکرد و ڕۆڵێکی پۆزەتیڤی هەبوو و دەرفەتێکی باشی بۆ ئەو کەسایەتیانە دەرەخساند کە لەو پێوەندییەدا دەردەکەوتن و لەوێ قسەیان دەکرد. بەڵام« BBC» بە پێچەوانەوە ڕۆڵێکی نێگەتیڤی هەبوو لەو بارەوەو ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکار:

١. لە چاو« BBC » «VOA» لە کار کردندا تا ڕادەیەک هەوڵدەدا سەربەخۆیی پیشەیی خۆی ڕابگرێ.

٢. دەرکەوتنی بەرپرسی یەکێک لە ڕێکخراوە کوردییەکان لە ڕۆژی ١٩ی بانەمەڕدا لە « BBC» کاریگەریی زۆری دانا لەسەر ئاراستەی کارکردنی « BBC» لەم پێوەندییەدا. چونکە ئەو بەرپرسە کوردە لە ١٠٠ چرکەدا سێ قسەی دژ بە یەکی کرد و نەیتوانی بە جوانی بەرگری لە بابەتەکە بکا. هەرچەندیش کە نەیدەزانی فارسی قسەبکا، بەڵام قسە کردنەکەی بە جۆرێک کە ڕەوایی بەخشی بە ئێعدامی ئەو ٥ تێکۆشەرە لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بوو.





**لەسێدارەدانی ئەو ٥ تێکۆشەرە و هاوکات مانگرتنەکە بوونە هۆی ئەوە کە دەرفەتێک دروست بێ بۆ کورد کە لە چەند میدیای جیهانییەوە دەربکەوێ و باسی کێشەکەی بکا. لەم نێوەدا چون دەرکەوتن و چون قسەکردن زۆر گرنگە لای میدیا جیهانییەکان**

٣. لە ژێر کاریگەریی چۆنیەتی قسەکردنی ئەو بەرپرسەدا، ئاراستەی کاری « BBC» لەو پێوەندییەدا گۆڕاو ئیدی بەڕێوەبەرانی بەرنامەکانی « BBC» کە دەهاتنە سەر ئەو بابەتە بە ئەنقەست هەوڵیان دەدا سیمایەکی توندوتیژاوی لە کورد نیشان بدەن. ئەمەش زۆر بە زەرەری کورد بوو. بەگشتیی دەکرێ بڵێین کە لەم دەرفەتە میدیاییەی کە دروست بوو کورد نەیتوانی بە باشی کەڵک وەربگرێ و دەر بکەوێ. بەرپرسانی حیزب و ڕێکخراوەکان دەکرا هەوڵبدەن کە لە هەندێ میدیای دیکە دەربکەون. هەڵبەت هەندێ کەسیش کە دەرکەوتن جوانیان قسە کرد، بەڵام بە داخەوە جاری واش هەیە، هەندێ کەس کە نابێ قەت دەربکەون، دێن بە دوو قسە لە ڕووی نەزانییەوە هەموو ڕیسەکەت لێ دەکەنەوە بە خوری.

**هۆکارەکانی گرنگیدانی میدیا جیهانییەکان**

چەند فاکتۆر لە گرنگیدانی میدیا جیهانییەکان بە لە سێدارەدانی ئەو ٥ تێکۆشەرەو مانگرتنی گشتیی خەڵکی کوردستاندا دەروریان هەبوو کە پێویستە ئاماژەیان پێ بکرێ:

١. یەکەم هۆکار ئەوە بوو کە لە سێدارەدانی ئەم ٥ تێکۆشەرە لە بەرەبەری ساڵڕۆژی هەڵبژاردنەکانی ٢٢ی جۆزەردانی ساڵی پاردا بوو. ئەمە ئەو پرسیارەی هێنایە گۆڕێ کە ئایا ئەم ئێعدامانە پێوەندییان بە ساڵڕۆژی هەڵبژاردنەکانەوە هەیە یا نا؟ ئەمە وەک فاکتۆرێکی کاریگەر بووە هۆی ئەوەی کە میدیا جیهانییەکان گرنگی بە بابەتەکە بدەن و قسەی لە سەر بکەن و لەو لایەنەوە هەواڵ و ڕاپۆرت بڵاو بکەنەوە.

٢. کۆدەنگیی نێوان هێز و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو پێوەندییەدا وەک هۆکارێکی دیکە قورسایی کێشەکەی بردە سەرێ و ئەمەش جۆرێک گرنگیی دروست کرد کە میدیا جیهانییەکان لەبەرچاوی دەگرن.

٣. ئەگەر مانگرتنی ٢٣ی بانەمەڕ تەنیا لە چەند شار دا بەڕێوە چووبایە و بەو شێوە بەرینە هەموو شارەکانی کوردستانی نەگرتبایەتەوە، دڵنیام لە ئاستی جیهانیدا میدیاکان بایەخیان پێ نەدەدا. کەواتە بەربڵاویی مانگرتنەکە لای میدیا جیهانییەکان فاکتۆرێکی سەرنجڕاکێش بوو.

٤. مەحکووم کردنی ئێعدامی ئەو ٥ تێکۆشەرە لە لایەن کەسانێکی وەک «کەڕوبی» و «مووسەوی» کە لە لای میدیا جیهانییەکان وەک ڕێبەرانی ئۆپۆزیسیۆن لە نێوخۆی ئێران دەناسرێن گرنگیی بابەتەکەی بردە سەرێ و بووە هۆی ئەوەی کە میدیا جیهانییەکان گرنگی پێ بدەن.

٥. لە نێو ئەو ٥ تێکۆشەرەدا «فەرزاد کەمانگەر» کە مامۆستای قوتابخانە بووە، ئەوە کە «مامۆستا»ی قوتابخانەیەک لە سەر چالاکیی سیاسی و مەدەنی لە ئێران لە سێدارە دراوە و هەروەها دوای ئەوەیش «شیرین عەلەم هوویی» کە وەک ژنێک لە سێدارە دەدرێ، گاریگەری هەبوو لە سەر گرنگیدانی میدیا جیهانییەکان بەم بابەتە.

ئاکام:

ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی چاو لە بابەتەکە بکەین، هەر وەک ئاماژەی پێدار ئەو بایەخەی کە لە ڕووی میدیاییەوە بە مەسەلەی ئێعدامی ئەو ٥ تێکۆشەرە و مانگرتنی خەڵکی کوردستان بەم بۆنەیەوە درا، لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا بە نیسبەت کێشەی کوردەوە بێ وێنە بووە. گرنگیی میدیایی ئەم بابەتە بووە هۆی زیاتر ناساندنی کێشەی کورد لە نێو ڕای گشتیی وڵاتانی جیهان و ناوەندەکانی بڕیاردا. میدیاکان لە ڕێکخستنی ڕای گشتیی خەڵکی کوردستان بۆ مانگرتنی ڕۆژی ٢٣ی بانەمەڕ دەوری سەرەکیان هەبوو. کورد دەتوانێ لە کاتی ئەم جۆرە ڕووداوانەدا هەم لە ئاستی نێوخۆ و هەم لە ئاستی دەرەوەدا کەڵک لە میدیا وەربگرێ. لە ئاستی دەرەوەدا بەو جۆرەی پێویستە کورد نەیتوانیوە لە میدیا جیهانییەکاندا زیاتر دەر بکەوێ و دەبێ لەم کاتانەدا ئەو پەڕی هەوڵی خۆمان بدەین کە زیاتر دەر بکەوین. چونکە میدیا کارەکتەرێکی دیاریکەرە و دەتوانێ ڕۆڵی زۆر باش بۆ کورد بگێڕێ.

# پەرەگرتنی کێشەکانی نێوان دەوڵەت و مەجلیس لە ئێران

مادح ئەحمەدی

«مەحموود ئەحمەدی نژاد»، سەرکۆماری ئێران رۆژی ٩ی جۆزەردان، لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ ئەندامانی کۆمیسیۆنی ئەسڵی ٩٠ی مەجلیسی ئێران، مەجلیسی ئێستای ئەو وڵاتەی بەوە تۆمەتبار کرد کە ١٣٠ یاسای بە پێچەوانەی شەرعی ئیسلام و یاسای بنەڕەتی پەسەند کردوە و وتی کە مەجلیس دەڵێ: « ئێمە یاسای پێچەوانەی شەرعی ئیسلام و یاسای بنەڕەتی ئێران پەسەند دەکەین و کۆڕی دیارکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام با ئەم کێشەیە روون بکاتەوە.»

ئەمەش لە کاتێکدایە کە «عەلی لاریجانی»، سەرۆکی مەجلیسی ئێران پێشتر لە وڵامی نامەیەکی ئەحمەدی نژاد دا، لەمەڕ گەڵاڵەی ئامانجدارکردنی یارانەکان رایگەیاندبوو کە «بنەمای بڕیارەکانی مەجلیس بەرژەوەندی میللەتە».

کێشە و ناکۆکییەکانی نێوان مەجلیس و دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد شتێکی تازە نییە و لە ماوەی مانگەکانی رابردوودا هەست پێدەکرا. ئەم کێشەیە بەتایبەت لە کۆتاییەکانی ساڵی پاردا لە پێوەندی لەگەڵ گەڵاڵەی ئامانجدارکردنی یارانەکاندا تەقیەوەو دژی ئەم بڕیارەی مەجلیس، ئەحمەدی نژاد وێڕای ئەوەی کە رایگەیاند بۆ جێبەجێ کردنی ئەم گەڵاڵەیە پەنا دەباتە بەر رای گشتی و هەڕەشەی ئەوەشی کرد کە ئەگەر رێگای لێ بگرن تەنانەت دەست لە کار دەکێشێتەوە. ئەوەی ئێستا گرنگە ئەوەیە کە ئەم کێشەیە لە بەرەبەری ساڵڕۆژی هەڵبژاردنەکانی ٢٢ی جۆزەرداندا چەندە کاریگەری لەسەر هاوکێشە نێوخۆییەکان و ئەو قەیرانانە دادەنێ کە قۆڵی پاوانخواز تووشی هاتووە؟ بێگومان لە ئاراستە پێدان بەم کێشەیەدا چەند فاکتۆر دەوری گرنگیان هەیە.

هەر وەک دیارە لە نێو پاوانخوازاندا ئەحمەدی نژاد لە رەوتی توندڕەوەکاندایە و تەنانەت سەرۆکایەتی ئەم لایەنەش دەکا، لە بەرانبەریشدا عەلی لاریجانی لە رەوتی میانەڕەوەکاندایە. ئەم دوو لایەنە لە ماوەی یەک ساڵی رابردوودا بە شێوەیەکی گشتی بەرانبەر بە ناڕازییان یەکگرتوو بوون، هاوکات لەگەڵ ئەمەش جار و بار



هەڵوێستەکانی لاریجانی بەو پێیەی کە تا رادەیەک میانەڕەوە، نەرمتر بووە.

بە پێی یاسای بنەڕەتیی ئێران هەر کات کێشەیەک لە سەر بڕیارێک لە نێوان مەجلیس و دەوڵەتدا بێتەئاراوە، ئەگەر «شووڕای نیگابان» بڕیارەکە بە پێچەوانەی شەرع و یاسای بنەڕەتی ئێران لە قەڵەم بدا، ئەوا کۆڕی دیاری کردنی بەرژەوەندییەکانی نیرام بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەکە دێتە مەیدان.

ئێستا ئەگەر چاو لێ بکەین ئەحمەدی نژاد زۆر بە توندی پێداگرە لە سەر ئەوەی کە بڕیارەکانی مەجلیسی ئێران پێچەوانەی شەرع و یاسای بنەڕەتیی ئەو وڵاتەیە. هەر وەک ئاماژەی پێدرا لە بەرانبەریشدا عەلی لاریجانی سوورە لە سەر ئەوەی کە «بنەمای بڕیارەکانی مەجلیس بەرژەوەندی میللەتە»و ژمارەیەکی زۆریش لە نوێنەرانی مەجلیس کە سەر بە قۆڵی پاوانخوازیشن رەخنەیان لە دەوڵەت هەیە و دەڵێن بە پێچەوانەی بڕیارەکانی مەجلیس دەجووڵێتەوە. بەو پێیەی کە لە رابردووشدا دەرکەوتووە ئەندامانی شووڕای نیگابان زیاتر لە توندڕەوەکانن و پشتیوانی دەوڵەتن. لەم حاڵەتەدا بە گوێرەی یاسا لە ئاکامدا دەبێ کۆڕی دیاری کردنی بەرژەوەندییەکانی نیرام کە لە لایەن «هاشمی رەفسەنجانی»یەوە سەرۆکایەتی دەکرێ بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەکە بێتە مەیدان. لێرەدا «هاشمی رەفسەنجانی» بەو بۆنەوە کە هێشتا پێیەکی لە دەسەڵاتدایە، وەک فاکتۆرێکی گرنگ دەتوانێ دەوری هەبێ لە قووڵکردنەوەی کێشەکانی نێوان مەجلیس و دەوڵەتدا. بۆیە ئەگەر رێگای پێبدرێ کە بێتە مەیدان دەتوانێ کێشەکە بەو ئاراستەیەدا ببا کە کاریگەری بکاتە سەر یەکگرتوویی نێوان پاوانخوازان. واتە هاشمی رەفسەنجانی بە پێی ئەو مەوقعیەت و دەورەی کە هەیەتی و بەو پێیەی کە کێشەیەکی زۆری لەگەڵ ئەحمەدی نژاد و کابینەکەی دا هەیە، دەتوانێ کێشە و قەیرانەکانی پاوانخوازان بە قازانجی ناڕازییان قووڵتر بکاتەوەو تەنانەت لە ئاکامیشدا ببێتە هۆی ئەوەی کە دابڕان لە نێوانیاندا دروست بکا. بەڵام نابێ ئەوەش لەبیر بکەین، کە لە وەها بارودۆخێکدا کە پاوانخوازان تێی کەوتوون، ئایا رێگا بە هاشمیی رەفسەنجانی دەدرێ کە بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەکە بێتە مەیدان؟ زۆربەی لێکدانەوەکان لەم پێوەندییەدا باس لەوە دەکەن کە بە پێی بڕیاری «خامنەیی» رێگا نادەن بەوەی کە «هاشمی» وەک سەرۆکی کۆڕی دیاری کردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام بێتە مەیدان و دەستێوەردانی ئەم بابەتە بکا. چونکە پاوانخوازان باش دەزانن کە هاشمی لەو نێوانەدا لە بەرژەوەندی خۆی دەگەڕێ و دژی دەوڵەت کێشەکان قووڵتر دەکاتەوەو ئەمەش پێکهاتەی پاوانخوازان دەکاتە ئامانج. لە لای ئەمانەشدا، چ رێگا بدرێ و چ نەدرێ، گرنگ ئەوەیە کە هاشمی لە ئاکامدا بێ دەنگ نابێ و بە قازانجی خۆی کەڵک لە بابەتەکە وەردەگرێ. تەنانەت ئەگەر بێ دەنگیش بێ، بێ کار نابێ.

دووهەمین فاکتۆر کە دەتوانێ دەوری گرنگی هەبێ لە قووڵکردنەوەی ئەم کێشەیەدا، نوێنەرانی سەر بە قۆڵی ریفۆرمخوازن لە مەجلیسی ئێراندا. لە زۆر بابەتدا ئێمە لە ماوەی رابردوودا بینیومانە کە کێشەی زۆر جیددی و قووڵ هەبووە لە نێوان دوو قۆڵی پاوانخواز و ریفۆرمخواز لە مەجلیسی ئێراندا. ئەمجارەیان بەو پێیەی کە کێشەکە لە نێوان مەجلیس و دەوڵەتدایە، پێدەچێ نوێنەرانی سەر بە قۆڵی ریفۆرمخوازان بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ بابەتەکەدا بکەن و بە قازانجی بەرژەوەندییەکانی خۆیان ئەم کێشەیە قووڵتر بکەنەوە، بە جۆرێک کە ناڕاستەوخۆ پشتیوانی لە عەلی لاریجانی دەکەن.

سێیەمین فاکتۆری کاریگەر، چۆنیەتیی مامەڵەکردنی ئۆپۆزسیۆنی نێوخۆی ئەم وڵاتەیە لەگەڵ کێشەکەدا. لەم پێوەندییەدا کەسانێکی وەک «کەڕوبی» و «موسەوی» کە بە رێبەرانی ناڕازییان لە ئێران ناسراون دەتوانن دەوری زۆر باشیان لە قووڵتر کردنەوەی کێشەکانی نێوان مەجلیس و دەوڵەتدا هەبێ. ئەمەش بەستراوەتەوە بە چۆنیەتی کەڵک وەرگرتن و قۆستنەوەی ئەم کێشانە لە لایەن ئەوانەوە.

هاوکات نابێ ئەوەش لە بیر بکرێ کە هەر چەشنە هەڵەیەک لە لایەن ریفۆرمخوازنەوە رەنگە ببێتە هۆی یەکگرتوویی پاوانخوازان، بۆیە پێویستە بە وردبینی و هوشیارییەکی تەواوە ئەم هەلە بقۆزنەوە.

ئەگەر ئەم سێ فاکتۆرە سەرەکییە بە باشی بتوانن لەم کێشە و ناکۆکییانەدا دەوری خۆیان بگێڕن، ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە کە لە پێوەندی لەگەڵ هەندێ بابەتدا، دژی دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد جۆرێک هاوگەرایی لە نێوان رەوتی میانەڕەوی پاوانخوازان لەگەڵ ریفۆرمخوازان دروست بێ. ئەمەش کەلێنەکانی نێوان پاوانخوازان قووڵتر دەکاتەوە و بە تایبەت لەم کاتەدا کە لە بەرەبەری ساڵڕۆژی هەڵبژاردنەکانی ٢٢ی جۆزەرداندایین، بێگومان بە قازانجی بزووتنەوەی نارەزایەتی خەڵکی ئێرانە.

**«هاشمی رەفسەنجانی» بەو بۆنەوە کە هێشتا پێیەکی لە دەسەڵاتدایە، وەک فاکتۆرێکی گرنگ دەتوانێ دەوری هەبێ لە قووڵکردنەوەی کێشەکانی نێوان مەجلیس و دەوڵەتدا. بۆیە ئەگەر رێگای پێبدرێ کە بێتە مەیدان دەتوانێ کێشەکە بەو ئاراستەیەدا ببا کە کاریگەری بکاتە سەر یەکگرتوویی نێوان پاوانخوازان**

## مەسعود بارزانی: چیدی لە سەر کەرکوک و ناسنامەی کوردیی ئەو شارە سازش لە گەڵ کەس ناکەین



مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان رایگەیاند کە گەلی کورد چیدی لە بارەی کەرکووکەوە نەرمی نانوێنێ و کێشە و سازش لە سەر ناسنامەی ئەو شارە ناکا.




مەسعود بارزانی لە وتووێژێکی دا لە گەڵ رۆژنامەی « ئەلحەیات» رایگەیاندوە کە گەلی کورد هەر لە سەردەمی ئەنجومەنی حوکمەوە تا ئێستا نەرمیی لە بارەی کێشەی کەرکووکەوە نواندوە، بەڵام کورد چیدی لەو بارەوە نەرمی نانوێنێ.

***

## رەخنەی توندی د.مەحمود عوسمان لە ئامریکا سەبارەت بە بێدەنگە لێکردن لە دەستدرێژییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر هەرێمی کوردستان

دکتۆر مەحمود عوسمان لە پێوەندی لە گەڵ تۆپبابارانکردنی ناوچە سنوورەکانی هەرێمی کوردستان لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە رەخنەی لە سیاسەتی بێدەنگە لێ کردنی حکوومەتی ناوەندیی عێراق و ئامریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گرت و رایگەیاند کە بێدەنگیی ئامریکا نیشانەی ئەوەیە کە ئەو وڵاتە حساب بۆ کورد ناکا.

د. مەحمود عوسمان، سیاسەتمەداری ناسراوی کوردستانی باشوور رایگەیاندوە کە کە ئامریکا ٢ ساڵە دەبینێ کە هەرێمی کوردستان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە تۆپباران دەکرێ و دەستدرێژی دەکرێتە سەر، بەڵام هیچ ناڵی و بێدەنگەی لێ کردوە و ئەوە پێچەوانەی بەرژەوەندییەکانی پێوندیی نێوان کورد و ئامریکایە.



دکتۆر مەحمود عوسمان لە درێژەدا گوتویەتی کە کاتێک حکومەتی عێراق لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان و و لای ئامریکا شکایەت دژی ئەو کردەوە دوژمنکارانەی ئێران ناکا و داوای لە ئێران نەکردووە تۆپباران رابگرێ، ناشکرێ ئامریکا لە خۆیەوە بێت سنوورت بۆ کوردەکان بپارێزێ.

بەرێز مەسعود بارزانی روونی کردەوە کە کورد نایەوێ کەرکووک لە عێراق جیا بکاتەوە و بە دەر لە دەستوور و لە دەرەوەی یاسای بنەڕەتیی وڵاتیش دا داوای هیچ چارەسەرییەک بۆ ئەو کێشەیە ناکا.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە پێوەندیی لە گەڵ بەڕێوەبردنی کاروباری شاری کەرکوک رایگەیاند کە کورد هەموو نەرمی نواندنێک لە دابەشکردنی بەرپرسیارەتییە ئیدارییەکان دەنوێنێ، بەڵام لە سەر ئەوەش سوورە کە ناسنامەی ئەو شارە دەبێ لە لایەن دانیشتووانی ئەو شارەوە بڕیاری لە سەر بدرێ و یەکلا بکرێتەوە.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە دوایی روونی کردەوە کە بە پێی هەموو بەڵگە مێژوویی و جوغرافییاییەکان کەرکووک بەشێکە لە خاکی کوردستان و گەلی کوردیش لە سەر ئەو بابەتە سازش لە گەڵ هیچ لایەنێک ناکا.

# پرەنسیپە تیۆریکییەکانی دێموکراسی و جۆرەکانی

زانیار ئەحمەدی
(بەشی دووەم)
و. تەها رەحیمی

**٢.١.١ ئەنسکلۆپیدیای دێموکراسی**

دێموکراسی لە دوو وشەی لاتینی (دێمۆس) بە واتای خەڵکی ئازاد، کۆمەڵە خەلکێکی زۆرو «کراتیئن» بە واتای حکوومەت و فەرمانڕەوایی کردن، پێک هاتوە.. بە گشتی دەستەواژەی «دێمۆکراتیا» (یان دێموکراسی) بە واتای فەرمانڕەوایی خەڵکی( ئازاد و بەرفرە) دێ.

کوهن لە زاری پریکلسەوە دەنووسێ: «حکوومەتی ئێمە، حکوومەتێکی دێموکراتیکە، چونکە ئەم حکوومەتە لە لایەن خەڵکێکی زۆرەوە بەڕێوە دەبرێ نەک تاقمێکی کەم». (کوهن، ١٣٧٣: ٢١)

هاوئاڕاستە لەگەڵ رەچەڵەکناسی ماکی دێموکراسی، دەتوانین دێموکراسی بە حکوومەتی خەڵک بە سەر خۆیاندا لە قەڵەم بدەین. ئەم پێناسەیە، پێناسەیەکی گشتییە کە لە زۆربەی وشەدانەکانیشدا هاتوە . بەڵام سەرەڕای ئەوەش لە وەرگێڕانی وشە بە وشەدا، دێموکراسی هاوتای دەسەڵاتدارەتیی خەڵک نیەو، هێشتاش واتای لێکدراوی ئەم دەستەواژەیە لێڵ و نارِوونیی پێوە دیارە. مانای «خەڵک» یەکێکە لەم نارِوونیە. لە راستیدا وشەی «دێموس» وشەیەکی لێڵ و ناڕوون بوو، جاری وابوو هەموو خەڵکی دەگرتەوە و جاری واش بوو تەنیا ئەوانەی دەگرتەوە کە هاووڵاتیی ئازاد دەهاتنە ئەژمار و زۆر جاریش چین و توێژە هەژارەکانی دەگرتەوە نەک دەوڵەمەندەکان. ( بوشر ١٣٧٥:١٧) ئەگەر ئەم تێگەیشتنەش بە پێناسە کەمانەوە زیاد بکەین و دێموکراسی وەک سیستمێک کە لەودا خەڵک بەسەر خۆیاندا حکوومەت دەکەن، لە قەڵەم بدەین دیسانیش مەسەلەکە ئاڵۆزتر و ناڕوونییەکەی زیاتر دەبێ. بە دەربڕینێکی دیکە حکوومەتی خەڵک لەگەڵ حکوومەت کردن لەلایەن خەڵکەوە هاوتایە. لەبەر ئەوەیە کە لەم سەدانەی دواییدا ئابراهام لینکۆڵن بۆ روونکردنەوەی چەمکی دێموکراسی پێناسەی بە نێوبانگی «حکوومەتی خەڵک، لەلایەن خەڵکەوە و، بۆ خەڵکیش» ی بە کار هێناوە.

سەرەڕای ئەو لێکدانەوەو خوێندنەوە جۆراوجۆرانەی کە بۆ چەمکی «خەڵک» و» حکوومەت کردن» و چۆنیەتیی ئەم پرۆسەیە کراون، لە درێژەی باسەکەماندا هەوڵ دەدەین پێناسە باوەکانی دێموکراسی بخەینە روو.

**٣.١.١ پێناسەکانی دێموکراسی**

دێموکراسی بە بێ لەبەرچاو گرتنی بنەما فەلسەفی و سیاسییەکانی، چەمکێکی بنەڕەتییە کە وەک زۆربەی چەمکەکانی دیکەی زانستە مرۆڤایەتییەکان بەردەوام لێکدانەوەی بۆ دەکرێ و بابەتی مشتومڕە. رەنگە ئەو قسەیەی نیچە کە دەڵێ: «هەر چەمک و پارادایمێک مێژوویی بێ، پێناسە هەڵناگرێ» لە بارەی ناواخنی دێموکراسیەوە راست بێ . سەرەڕای مێژینەکی چەند هەزار ساڵە، تا هەنووکەش پێناسەیەکی تەواو و کامڵ بۆ دێموکراسی نەکراوە.

کەواتە بە سەرنجدان بەو پێناسانە، دێموکراسی بۆ ئەو پێکهاتە سیاسییە بە کار دەبرێ کە تێیدا خەڵک حکوومەتی خۆی دەکا. واتا ئەندامانی کۆمەڵگە بە شێوەی راستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ بەشداری لە« دیاریکردنی هێڵی سیاسی»ی گشت کۆمەڵگەدا دەکەن. خاڵی بنەڕەتی پێناسەی دێموکراسی و سیستمە دێموکراتیکەکان ئەوەیە کە دێموکراسی چەمکێکی ئۆبژێکتیڤە. بە سەرنجدان بە رەوتی روو لە گەشەی ئینتیما بۆ دێموکراسی، پێناسەو تێگەیشتنی جۆراوجۆرو زۆر بۆ ئەم چەمکە کراون. بە چەشنێک کە کۆدەنگی لەسەر نیشانەو، پێودانگ و پێوەرەکانی دێموکراسی دژوار دەکا. ئەگەرچی بێرنارد کریک لە « داکۆکی لە سیاسەت» (١٩٨٣) دا وەک بێ بنەماترین چەمکی سیاسی باس لە دێموکراسی دەکا(هیوود، ١٣٨٣: ٣٣٣) بەو حاڵەشەوە دەتوانین بنەماکان، نیشانە کردارییەکان، واتاکان و مەبەستەکانی دێموکراسی بخەینە بەر توێژینەوە. بەڕای ئەفلاتون دێموکراسی حکوومەتی هەژاران بوو کە بە سەر ئۆلیگارشی دا سەردەکەوت.

پوپێر، ١٣٨٠- ئەلف،٨١) لە روانگەی فەلسەفییەوە دێموکراسی فۆرمی روو لە فەوتانی نموونە پۆتوپیایی حکوومەتە.

مۆنتیسکیۆ، دێموکراسیی بە جۆرێک لە حکوومەتی کۆماری دەزانێ کە لەوێدا زۆربەی خەڵک دەسەڵاتی فەرمانڕەواییان بە دەستە. لە روانگەی مۆنتیسکیۆوە خەڵک بە کەڵک وەرگرتن لەو دەنگدانەی کە لە یاسای بنەڕەتی دا بۆیان لەبەرچاو گیراوە، دەتوانن کارگێڕان و دەسەڵاتبەدەستانی خۆیان هەڵبژێرن. (جونز، ١٣٧٦ - ئەلف:٣٠٩) بە پێی روانگەی ستیوارات میلیش «باشترین سیستمی سیاسیی یۆتوپیایی» لە جیهانی هاوچەرخ دا، دامەزراندنی سیستمێکی دێموکراتیکی پشت ئەستوور بە هەڵبژاردنە، کە لەو دا خەڵک لە رێگەی هەڵبژاردنی نوێنەرەکانیان بە شێوەیەکی دەورەیی، هێزی کونترۆڵی کۆتاییان بە دەستەوەیە.(هلد، ١٣٦٩: ١٤٩)

بە بڕوای رۆسۆ، دێموکراسی ئامرازی گەیشتنی مرۆڤەکان بە ئازادی و سەربەخۆییە، بە پێی ئەم بۆچوونە، مرۆڤەکان کاتێک ئازاد دەبن کە پێڕەوی لە یاساو رێسایەک بکەن کە خۆیان لە پەسەندکردنی دا بەشدار بووبن. (هیوود، ١٣٨٣: ٣٤٠) ل. دایامۆند لەسەر ئەم بڕوایەیە کە نزیک بە پێنجسەد پێناسە بۆ دیموکراسی کراوە کە دەتوانین زۆربەیان لە چوارچێوەی سێ چەمکی دێموکراسیی کەمینە (هەڵبژاردەیی)، دێموکراسیی نێوەڕاست (نێوەڕاست یان شێوە دێموکراسی) و دێموکراسیی زۆرینە (یا پۆلی ئارشی)دا پۆلێن بەندی بکەین. (٢٠-٣٩ :P ،١٩٩٦ Diamond) کارل کوهن بە پارێزەوە دێموکراسی بەمجۆرە پێناسە دەکا:

« د یمو کر ا سی حکوومەتێکی بە کۆمەڵە، کە لەودا لە زۆر بوارەوە، ئەندامانی کۆمەڵگە راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە دەرکردنی ئەو بڕیارانەدا کە پێوەندیی بەخۆیانەوە هەیە، بەشدارن یان دەتوانن بەشدار بن». (کوهن، ١٣٧٣: ٢١)

بیتهام و کویل لە کتێبی «دێموکراسی چیە»دا لەسەر ئەم بڕوایەن، کەلە دێموکراسیدا بڕیارە گشتییەکان لە لایەن خەڵکەوە چاوەدێری دەکرێن و هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە مافی یەکسانیان لە چاوەدێری کردنی ئەم بڕیارانەدا هەیە. (بیتهام، ١٣٨٤: ١٧)

بە پێی بۆچوونی ژووزف شومپیتر (١٣٨٨-١٩٥) لە پرۆسەیەکی دیموکراتیک دا، هەڤرکێ و بەشداری بە دوو پرەنسیپی بنەڕەتی دەژمێردرێن.

شومپیتر بە لێکدانەوەی چەمکی قەدیمی دێموکراسی، پێناسەیەکی نوێ بۆ دیموکراسی دەکا. بە پێی پێودانگی وی «شێوازی دێموکراتیک بریتییە لە چۆنیەتی رێکخستنی دامەزراوەکان، بۆ گەیشتن بە بڕیارە سیاسییەکان، لەو میتۆدەدا تاکەکان هەڤرکێی یەکتر دەکەن هەتا بە وەدەستهێنانی دەنگی خەڵکی بە دەسەڵات بگەن و بڕیار بۆ خەڵکی دەرکەن». (٢٥٠: ١٩٥٠، Schumpeter)

کەواتە لە راستیدا حکوومەتی دیموکراتیک حکوومەتی سیاسەتڤانانی هەڵبژێردراوە نەک حکوومەتی خەڵکی. کارل مانهایمیش وێڕای جەخت کردنەوە لەسەر بوواری فەرهەنگی، سێ ئەسڵی بنەڕەتی بۆ دیموکراسی لەبەرچاو دەگرێ.

١)یەکسانیی (هەستی شناختی) هەموو ئەندامانی کۆمەڵگە.

٢)بە فەرمی ناسینی ژیانی تاکەکسیی تاکەکانی کۆمەڵگە.

٣)بوونی ئیلیتەکان لە کۆمەڵگەی دیموکراتیک دا وێڕای شێوازە نوێیەکانی هەڵبژاردنی ئیلیتەکان. (مانهایم، ١٣٨٥: ٢٧)

هانتینگتۆن لە تاوتوێ کردنێکی هەمەلاگیردا لەسەر ئەم بڕوایەیە کە لە نێوەڕاستەکانی سەدەی بیستەم دا، لە باسەکانی پێوەندیدار بە دیموکراسی دا، سێ تێگەیشتنی گشتی جێ کەوتوون. دیموکراسی بە واتای فۆرمی حکوومەت، بە پێی سەرچاوەکانی هێز بۆ حکوومەت، لەسەر بناخەی ئەو مەبەستانەی حکوومەت دەیگرێتەوە بەر، و بە پێی بنەماکانی ئەو شێوەو رەوتە کارییەی کە لە پێکهێنانی حکوومەت دا رەچاو دەکرێ، پێناسە کراوە (هانتینگتون، ١٣٧٣: ٨)

لپسیت لەسەر ئەم بڕوایەیە ئێستا، کە دیموکراسی لە هەموو ناوچەکانی جیهان، لە بوارە فەرهەنگییە جۆراوجۆرەکان دابوونی هەیە، پێناسەکانیش جۆراوجۆرو جیاواز دەبن. کەواتە بە بۆچوونی وی پێناسەی چەمکێکی پێچەڵاوپێچی وەک دیموکراسی بێ ئەم لاوئەولا بنەمایەکی فەرهەنگیی لە پشتە، بەم هۆیانە بە پشت بەستن بە توێژینەوەکانی ئەو کەسانەی ئەنیسکلۆپیدیای دیموکراسییان ئامادە کردوە، ئەو نیشانەو تایبەتمەندییە سەرەکییانەی سیستمە دیموکراتیکەکان لە سیستمە نادیموکراتیکەکان هەڵداوێرن بە سێ دەستە دابەش دەکا:


١)کێبەرکێ بۆ وەدەستهێنانی بەرپرسایەتی و دەسەڵات

٢)نەبوونی زۆری و زۆرەملی و لەپەراوێز نەخستنی هیچ گرووپێک لە کۆمەڵگەدا.

٣)بوونی ئازادییە مەدەنی و سیاسییەکان، بە مەبەستی گرەنتیی دروستی بەشداری و هەڤرگێی سیاسی. (لیپست و ئەوانی دیکە، ١٣٨٣: ١١)

مارکسیستەکانیش وێڕای ئەوەی کە رەخنەی زۆریان لە دیموکراسی هەیە بەڵام تئورییان لەسەریشی هەیە. بە کورتی دەبێ بڵێین چەمکی مارکسیستیی دیموکراسی لە وێنای کۆن لە دیموکراسی واتا فەرمانڕەوایی چینایەتییەوە سەرچاوە دەگرێ. کەواتە لەم روانگەیەوە، دیموکراسیی بورژوایی وەک دەزگای سەقامگیری و پتەوکردنی دەسەڵاتی چینی سەرمایەدار و هەروەها وەک ئامرازی جێبەجێکردنی دێموکراسی بورژوایی دەژمێردرێ. لەم روانگەیەوە دێموکراسیی ئابووریی، واتا فەرمانڕەوایی چینی پرۆلتاریا دڵخوازە. بە هەرحال، سەرچەشنی باوو مودێرنی دێموکراسی لە چاخی هەنووکەیی دا- سەرەڕای لێڵی و واتاو تێگەیشتنە جیاوازەکان لە دوو بەرەی چەپ و راست دا- دێموکراسی نوێنەرایەتییە کە لەسەر بناخەی هەڵبژاردن و بەشداریی زۆرینەی خەڵک بە شێوازە دێموکراتیکەکان دامەزراوە. ئاربلاستر دەنووسێ: «بە شێوەیەکی پراکتیکی ئەمڕۆ دێموکراسی بە جۆرێک سیستمی نوێنەرایەتیی هاوواتا دەزانن». (ئاربلاستر، ١٣٨٥: ١٢٧)

دێموکراسی بە واتای مودێرن و ئەمڕۆیی خۆی جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ دیموکراسییە مێژووییەکانی یۆنانی کۆن هەیە، و ئەگەرچی لە رووی وشەو رواڵەتەوە هاوبەش و وەک یەکن بەڵام نابێ ئەو چەمکە بە یەک واتا لێکبدرێتەوە. لە لایەکەوە کۆمەڵە رێنماییەکی یۆتوپیایی دەگرێتەوە و لە لایەکی دیکەشەوە بە واتای شێوازێک لە سیستمی سیاسی دێ. دیموکراسی بریتییە لە کۆمەڵە کردارێکی دیموکراتیک لە چوارچێوەی سیستمە پشت ئەستوورەکان بە یاسای بنەڕەتی کە لەودا فەرمانڕەوایی ناراستەوخۆی تاک بە تاکی خەڵک لە رێگەی نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانەوە جێبەجێ دەکرێ.




**داوای لێبووردن**

لە ژمارەی پێشوودا، بە هۆن زۆربوونی بابەتەکانی پێوەندیدار بە مانگرتنی گشتیی خەڵکی کوردستان و گرنگیی رووداوەکانی ١٩ی بانەمەڕو ٢٣ی بانەمەڕ، نەمانتوانی بەشی دووهەمی ئەم زنجیرە وتارە بڵاو بکەینەوە.

«کوردستان»

# یەکی شەش و منداڵی کورد

ڕەسووڵ سوڵتانی

ئەمڕۆ ڕۆژی جیهانیی منداڵانە. خەنی لە خۆیان منداڵان کە لە ساڵان و مانگان ڕۆژێکیان بەناو کراوە. باشە لەوانەیە لانیکەم لەو ڕۆژەدا بە مافەکانیان بگەن. بەڵام ئەوانەی بە مافەکانیان دەگەن، منداڵی کوێن و ئاخۆ مافەکانیان چین؟ دڵنیام منداڵی وڵاتەکەی من نین. لەبیرمە چەند ساڵ لەمەوبەر ڕێک لە ڕۆژی یەکی شەشدا، بەشداری فیستیڤاڵێکی منداڵان بووم. لەوێوە زانیم کە فیستیڤاڵی منداڵانیش تەنیا بۆ ئەوەیە گەورەکان قسەی خۆیانی تێدا بکەن و خۆیانی تێدا هەڵکێشن. لەوێ زۆر کەس هەستان و قسەی زۆر زەلام زەلامیان کرد. کەچی کاتێک وردبوومەوە لەو فیستیڤاڵەی منداڵاندا تاقە یەک منداڵیش چییە لەسەر کورسی دانەنیشتبوو. کورسی لەبەر گەورەکان وەبەر منداڵان ناکەوێ. دیارە جیاوازییەکی وردیش هەیە، منداڵ ڕەنگە کورسیی هەر بۆ ئەوەندە خۆش بوێ کە بە ئاسوودەییەوە سەیری کارتۆن و شتی وا بکات، ئەوەش زۆر جیاوازە لەو کورسی خۆشویستنەی کە لە ناخی گەورەکاندا هەیە و جاری وابووە لە پێناوی پاراستنی ئەو کورسییەدا خوێن سەرانی بردووە و ئێوە خۆش. با بێینەوە سەر باسەکەی خۆمان. لەو فیستیڤاڵەشدا گەورە گەورە عاشقەکورسییەکان، کورسییەکیان وەبەر منداڵان نەهێشتبوو کە لانیکەم بە نۆرە لەسەری دانیشن. با لەبیرمان نەچێ منداڵان نۆرە دانیشتنیش دەکەن، بەڵام گەورەکان خودای نەکردە بگەنە سەر کورسی مەگەر بە دارەمەیت بیانهێنیتە خوارەوە. کورتی ببڕینەوە منداڵ هەموو بە پێوە ڕاوەستابوون و هی وا هەبوو لاقەکانی شل بووبوون و هەر پێ و پێی دەکرد. لە پشت تریبوونەکەشەوە ئەوی لە هەمووان گەورەتر چیی وشەی فەلسەفیی لە منداڵییەوە لە کتێب و متێباندا فێری ببوو، دەیڕستنەوە و دەیگوتنەوە. منداڵی بەستەزمان خوداخودایان بوو ئەو قسانە کە خۆیان هیچی لێ تێنەدەگەیشتن، تەواو بێت و ئەوان بچنە سەر کێبڕکێی چیبس خواردن و دەبدەبە تەقاندن و هەڵبەزدابەزین. باوکێکم دی گوێچکەی منداڵەکەی جەڕەبابە داوە و خەریکە لە مووەمار و شادەمارەوە دەریدێنێ. بۆچی؟ چونکە منداڵەکەی زیقاندبووی یان قوولاندبووی نازانم...

**باری منداڵ لە کۆڵان و سەر شەقامان**

کە بەقرچەقرچی گەرمای نیوەڕۆی مانگی تەمووز دەگەیتە ترافیک لایتەکانی شار و چەند منداڵێکی تاوەسووت هوروژمت بۆ دێنن و لێت دەپاڕێنەوە کلینکسێک یان جاچکە (بنێشت)ێکیان لێ بکڕیت، ئیتر دەزانیت ئەم گۆمی کارەساتە چەندە قووڵە. دوێنێ کە لاپەڕەی فەرهەنگی هەولێر ڕایسپاردم شتێک لەسەر یەکی شەش بنووسم، لە یەکێک لە ترافیک لایتەکان چەند منداڵێکم بینی. حەزم کرد لادەمە لایان و بیاندوێنم. دووانیان هاتن، بەڵام یەکێکیان توخنم نەکەوت. دەتگوت: بەڵایەکی بەسەر هاتووە وا دەسڵەمێتەوە. کورد گوتەنی: زاری بە شیر سووتاوە و فوو لە دۆ دەکا. تۆمەز دوێنێ کابرایەک کە بنێشتی لێ نەکڕیبوو هیچ، ئازایانە بەهەموو قەوەتی خۆی شەپڵاخەیەکیشی لەبن گوێی سرەواندبوو. لەوانەیە هەر حەزی لێ بووبێت... یەکێک لەوانە بە ناوی وریا



گوتی:» لەوەتا هەوا گەرم داهاتووە، زۆرمان تینوو دەبێ. باشە بەیانیان لە مەدرەسەم. بەس دوانیوەڕۆیان زۆر گەرمە. خەڵک زۆر ئیهانەمان دەکەن. زڕدایکم هەیە و دەڵێ: دەبی خەرجی خۆندنەکەت دەربینی....».

لێیم پرسی: دەزانی یەکی شەش چ ڕۆژێکە؟

چاوێکی قیچ کردەوە و ملی بەلارەوە نا و گوتی: یەکی شەش؟ ناوەڵا...

گوتم: دەزانی مافی منداڵ چییە؟

دیسان هەر بەو ڕواڵەتەوە گوتی: ئەرێ کاکە ئەگەر بنێشتمان لێ ناکریت ئەو قسانە چین؟

دەتگوت پیاوێکی بەتەمەنە.. خۆم پێ ڕانەگیرا و نەمتوانی ئەوانیتر بدوێنم. پێم پێوەنا و ڕۆیشتم. هیچیشم لێیان نەکڕی...

ئەمڕۆ یەکی شەشە.٩٠٪ی منداڵی کورد ئەمڕۆژە ناناسن. مافی ئەوان ئەوە نییە کە بە شێوەی سرووشتی دەبێ هەیانبێ، بەڵکوو ئەوەیە کە نەریتەکانی کۆمەڵگا بۆیانی دیاری دەکات.

با ئاوڕێک لە منداڵەکانی ئەوبەری کوردستان بدەینەوە:

لە ڕۆژهەڵات و باکووری کوردستان ڕەوشی منداڵان دڵتەزین و کارەساتبارە. باشە لانیکەم منداڵانی باشووری کوردستان بە زمانی دایکیان دەخوێنن و بەیانیان ئەگەر لە قوتابخانە سروودیان پێ خوێندنەوە، سروودی ئەی ڕەقیب دەڵێنەوە. مامۆستاکانیان بە کوردی دەیاندوێنن و سووکایەتی بەو زمانە ناکرێ کە پێی دەدوێن.

منداڵانی ڕۆژهەڵات و باکوور و ڕۆژاوای کوردستان، نەک زمانەکەی خۆیان لێ یاساغە، بەڵکوو دەبێ بەیانیان سروودێک بڵێنەوە کە نەک هیچ هێمایەکی تێدا نییە لەگەڵ ویست وخەونەکانیان یەک بگرێتەوە، بەڵکوو پڕە لە هێمای سەرکوت و زەبروزەنگ دژی ئەوان. ئەوەی من باسی دەکەم، تەنیا لە ئاستی کوردستان دایە و خەم و ئازاری جەستەی خۆم ئەوەندە زۆرە نامپەرژێ ئاوڕ لە زام و برینی کەسانی دیکە بدەمەوە. ئەگینا هەر لە ئێراندا، بە هەزاران منداڵ لە بەندیخانەکاندان. منداڵگەلێک کە هێشتا تەمەنیان لە خوار ١٨ ساڵانەوەیە، بەڵام بەهۆی نەبوونی سیستەمێکی پەروەردەیی تۆکمە و نەبوونی ڕێکخراوگەلی داکۆکی لە مافەکانی منداڵان و زۆربوونی دیاردەی منداڵانی سەرشەقام، ئەوانە لە تەمەنی زۆر خوارەوەدا تووشی تاوان بوونە و لە ڕێگە لاڕێ بوون و ئێستا ژیانی منداڵییان لە بەندیخانەکاندا تێدەپەڕێت بەو هیوایەی خێرا بگەنە تەمەنی هەژدە ساڵانە و بە داردا بکرێن و نەجاتیان بێ!

هیچ منداڵێک بە ویستی خۆی لە دایک نابێت. بڕوا ناکەم بە درێژایی مێژوو تەنانەت بە دەگمەنیش دایک و باوکێک نییەتیان هێنابێت و بە یەکتریان گوتبێ: وەرە با لە نییەتی منداڵێکی ساڵح و پاک، پێکەوە جووت بین، بەشکم منداڵێک بێنینە دنیاوە کە بتوانێ بەردێک لەسەر باری نیشتمانەکەی سووک بکات. با منداڵێکی بلیمەتمان هەبێ و....

نەخێر ئەوی منداڵی دەبێ، جگە لەوەی زۆربەی هەرە زۆریان بە چاولێکەری و لە ژێر گوشاری دەروجیران و خزم و کەسان دایە، بەشێکیشی بۆ دامرکاندنەوەی هەستی دایکایەتی و باوکایەتیی خۆیانە. خۆیان حەزیان لێیە ئێوارانە کە دێنەوەماڵەوە کۆرپەیەکی ڕەزا سووک هەبێت ماندووی خۆیانی پێ بحەسێننەوە و شەکەتیی لەشیان بە ماچێکی دەربکەن. ئەوەیە بەرنامەی منداڵ هێنانەدیی ئێمە.

بەو هیوایەی بگەینە جێیەک کە دایک و باوکان، بەر لەوەی منداڵیان بێت، نییەتی ئەوەی لێ بێنن، نەک خۆزگەی ئەوەی لێ بخوازن، کە ئەوپەڕی هەوڵی خۆیان بدەن منداڵێکی هەڵکەوتە و ناوازە و بلیمەتی لێ ساز بکەن.

# پێشێلکردنی مافەکانی منداڵان لە ئێراندا

کوێستان فتووحی

یەکی مانگی ژوئەنی هەموو ساڵێک ڕۆژی جیهانیی منداڵان ناودێر کراوە. ساڵی ١٩٤٩ بە پێشنیاری کۆمەڵەی جیهانیی فیدراسیۆنی ژنانی دیموکرات ئەو ڕۆژە بە ناوی ڕۆژی جیهانی منداڵان ناودێر کرا. ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش جگە لە پشتگری لەو پێشنیارە، پشگری لە ماف، ژیان و سلامەتیی منداڵانی کردە یەکێک لە ئەولەویەتەکانی تێکۆشانی خۆی. شک لەوەدا نیە لە دوای ساڵی ١٩٤٩وە ئاڵۆگۆڕ و پێشکەوتنی زۆر لە بوارە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵایەتی لە ئاستی جیهاندا ڕوویان داوەو لە بیستی نوامبری ١٩٨٩ کۆڕی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەساسنامەی مافی منداڵانی پەسەند کرد کە بە پێی ئەو ئەساسنامەیە منداڵانی هەموو جیهان مافەکانیان دەبێ پارێزراو بێ. بەڵام بە داخەوە سەرەڕای هەموو پێشکەوتنەکان و هەوڵ و تێکۆشانی کۆمەڵگەی جیهانی بۆ دەستەبەر بوونی مافی مرۆڤەکان، منداڵان یەکێکن لە بێبەشترین و بێمافترین توێژی کۆمەڵگەکان. هەلومەرجی نالەبار و مامەڵە کردنی خراپ لەگەڵ منداڵاندا دیاردەیەکی جیهانییە و لە زۆر لە کۆمەڵگەکاندا دەبینرێ. لە ئاکامی هەژاری، شەڕ، پیسبوونی ژینگە و بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە جۆراوجۆرە واگیرەکاندا ساڵانە بە میلیۆنان منداڵ لە جیهاندا گیانیان دەکەوێتە مەترسییەوە، یان گیانیان لەدەست دەدەن.

یەکێک لەو وڵاتانەی کە لەوێدا ژیانی بەشێکی زۆر لە منداڵان لەوپەڕی خراپی دایە



وڵاتی ئێرانە. بە پێی ئامارەکان ٨٠ لەسەدی منداڵانی سەرشەقام، ئەو منداڵانەن کە کار دەکەن و بە هۆی هەژاری ونەداریی بنەماڵەکانیان ناچار بوون بۆ کار ڕوو لە شەقامەکان بکەن و بۆ تێر کردنی سکی برسیی ئەندامانی بنەماڵەکانیان لەنێو تەپو تۆز و ڕەنگ و ڕۆن و دووکەڵ، لە گەرمای هاوین و سەرمای زستاندا، ژیان بەسەر بەرن . ئەوان ڕۆژانە دەکەونە بەر ئازار و ئەزیەت و دەستدرێژیی گەورەکان. زۆرترینی منداڵانی کار هی پارێزگاکانی خوراسان، تاران، لوڕستان و کوردستانن.

ئەوان بە دەست هەژاری و بێدەرەتانی و جیاوازیدانانەکانەوە ئازار دەچێژن و بە دوور لە دنیای منداڵی، شەو و ڕۆژ دەکەنەوە. بە هەزاران منداڵ و مێرمنداڵ بە ئارەزووی ئەوەوەن لە قوتابخانە فێری خوێندن و نووسین بن، بەڵام قوتابخانە بۆ ئەوان تەنیا ئارەزوویەکی منداڵانەیەو بەس..

کاتیک باس لە منداڵ دەکرێ، دەبێ وەک ئینسانێک چاوی لێ بکرێ، ئینسانێک کە پێویستی بە پێڕاگەیشتنی زۆرتر و چاوەدێریی زیاتر هەیە. بەڵام لەوڵاتێکی وەک ئێران دا کێشەکە لەوە دایە منداڵ وەک ئینسانێک نابینرێ. عورف و عادەتی کۆمەڵایەتیی بەردەوام ڕێژیەک لە توندوتیژی بەرامبەر بە منداڵانی قبووڵ کردوە. منداڵ بەهۆی ئەوەی لە باری جەستەیی و دەرک و شعوورەوە هێشتا کامڵ نەبووە، ناتوانێ دیفاع لە خۆی بکا. هەر بۆیە زۆرجار لەلایەن باوک، دایک، گەورەکانی بنەماڵە، مامۆستا و.. دەکەوێتە بەر ئازار و توندوتیژی. قانوونێکی ئەوتۆش نیە کە پشتگری لە مافی منداڵ بکا.

ئاوڕدانەوە و پشتیوانی و ڕێز گرتن لە مافی منداڵان، یەکێکە لە ئەسڵەکانی پارستنی مافی مرۆڤ. ئەوە ئەرک و بەرپرسایەتییەکی گرنگە لە سەر شانی دەوڵەتەکان، نیهادە قانووندانەرەکان و بەرێوەبەرییەکان کە سەرنج بدەنە مافەکانی منداڵان و نەهێڵن داهاتوو و چارەنووسیان بخرێتە ژێر کاریگەریی دابونەریت و عورفی کۆمەڵایەتیی دواکەوتووانە. سەرنجنەدان و پشتگویخستنی ئەم توێژە حەساس و گەورەی کۆمەڵگە دەتوانێ زیان و زەرەرێکی قەرەبوو نەکراو بە کۆمەڵگە و بە داهاتووی وڵات بگەیەنێ.

**کۆماری ئیسلامی و پەیوەست بوونی بە کونوانسیۆنی جیهانیی مافی منداڵانەوە**

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕێکەوتی ١٤ی خەزەڵوەری ١٣٧٠، پەیماننامەی جیهانیی مافی منداڵانی ئیمزا کرد و بە کونوانسیۆنی مافی منداڵ پەیوەست بووە. بەڵام پەیوەست بوونی ئێران بەو کونوانسیۆنە بەو مەرجەیە کە لە هەر کات و مەوریدێکدا ماددەیەکی ئەو پەیماننامەیە لەگەڵ ڕێوشوێنە ئیسلامییەکاندا نەهاتەوە، کۆماری ئیسلامی پێیانەوە پابەند نەبێ. هەر لەم پێوەندییەشدا شوورای نیگابان لە نامەیەکدا کە لە ڕێکەوتی ١٣٧٢/١١/١٤ هێندێک لە ماددەکانی ئەو کونوانسیۆنەی بە خیلافی شەرع زانی و خستیە بەردەمی مەجلیسی شوورای ئیسلامی.

ئەو مەورید و مادانە بریتی بوون لە: بەندی ی١ لە ماددەی ١٢، بەندی ١ و ٢ لە ماددەی ١٣، بەندی ی١ و ٣ لە ماددەی ١٤، بەندی ٢ لە ماددەی ١٥ی کۆنوانسیۆنی مافەکانی منداڵان.

پەیوەست بوونی ئێران بە کونوانسیۆنی مافی منداڵانەوە هەنگاوێکی گرنگ بوو بۆ دەستەبەرکردن و پاراستنی مافەکانی منداڵان، بەڵام مەرجدارکردنی بەشێک لە ماددە و بەندەکانی ئەو کونوانسیۆنە لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە بە بیانووی پاراستنی ڕیوشوینی ئیسلامییەوە و پێوە لکاندنی هێندێک تەبسەرەو تێبینیی دیکە لە پێوەندی لە گەڵ پێناسەی منداڵ، نەبوونی فەرق و جیاوازی لەنێوان منداڵان، پاراستنی قازانجەکانی منداڵ، مافی وەدەستهێنانی ناسنامە، مافی ژیان لەگەڵ بنەماڵە (دایک وباب)، مافی هاتن یان چوونەدەر لە وڵات بە مەبەستی چوونەلای دایک و باب، ڕەفتار و هەڵسوکەوتی توند و تیژ لەگەڵ منداڵان، یارمەتی بە منداڵانی کەم ئەندام، مافی منداڵانی پەنابەر، حەقی ژیانێکی باش و ستاندارد، حەقی خوێندن و فێرکردن، و... بەکردەوە بەرێوەبردنی کۆنوانسیۆنی مافی منداڵی لە ئێراندا لەگەڵ گیرو گرفت بەرەو ڕوو کرد و بووە بە هۆی پێشێلکرانی بەردەوامی مافی منداڵان و هێنانەوەی پاساو بۆ کەموکوورییە قانوونییەکان لە بارەی مافەکانی منداڵانەوە. هەرچەند پێشێلکردنی مافی منداڵان لە ئێراندا زۆر بەربڵاو و لەوە زیاترە کە تەنیا بڵێین لەوبەندە قانوونیانەدا خۆیان دەبیننەوە. بەڵام نەبوون و بەڕێوەنەچوونی قانوونێک کە پشتگری لە مافی منداڵان بکا، ڕێخۆشکەرە بۆ پەرەسەندنی پێشێل کردنی مافی منداڵان لە زۆر لایەنەوە. هەر بۆیە کار کردن لە پێناوی پابەند کردنی کۆماری ئیسلامی بە نێوەرۆکی پەیماننامەی جیهانیی مافەکانی منداڵان و گۆڕینی ڕوانین و فەرهەنگی دەسەڵات و کۆمەڵ لە بارەی منداڵان و مافەکانیانەوە، لەو ئەرکە پێویستانەیە کە چالاکانی بواری مافی مرۆڤ و لایەنە بەرپرس و پێوەندیدارەکان،

# خەباتی مەدەنی، دەرفەتەکان و ئاستەنگەکان

## (ئاوڕێک لە خەباتی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان)

ئارام ئیبراهیم خاس

**پێشەکی:**

خەباتی مەدەنی، جووڵانەوەیەکی سیاسی ـ کۆمەڵایەتییە کە مێژووی دەستپێکەکەی بە شێوازی مۆدێرن بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوایی دەگەڕێتەوەو دەیەی ٥٠ سەدەی بیستەمی زایینی بە دەستپێکی سەردەمی نوێی ژیانی بزووتنەوەی مەدەنی دادەنرێ.

خەباتی مەدەنی وەک مۆدێلێکی سەلمێنراوی خەباتی دێموکراتیک، جووڵانەوەیەکی سنووردارە کە بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی خەڵک و بەرژەوەندییەکانیان لە میکانیزمەکانی دێموکراسی کەڵک وەردەگرێ و بۆ ئەم مەبەستەو داکۆکیکردن لە داواکارییەکانی تەواوی هێزی خۆی لە چوارچێوەی مەدەنیدا وەگەڕ دەخا.

مەبەستی سەرەکی لەم شێوە خەباتە بریتییە لە هەوڵدان بۆ چڕکردنەوەو ڕەخساندنی هەلومەرجێکی لەبار کە بتوانێ پێشهاتەو ئاڵوگۆڕە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە پڕۆسەیەکی مەدەنیدا ڕێک بخا.

دەرفەتەکان:

بەکارهێنان و پەرەگرتنی ئەم مێتۆدەی خەبات سێ تایبەتمەندیی ئەرێنیی سەرەکی هەیە کە بریتین لە:

١ـ دەربازبوون لە شێوازی خەباتی پڕتێچووی توندوتیژ

٢ـ پشتیوانیی گەورەی ئەو شێوە خەباتە لە شێوازەکانی دیکەی خەبات

٣ـ سەلماندنی گەشەی وشیاریی سیاسی، فەرهەنگی و نەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ئەم مێتۆدە لە خەبات بۆ ئەوەی کە ببێتە شێوەیەک کە توانای گشتگیری و گۆڕان خوڵقێنی هەبێ، پێویستە لە لایەن چالاکان و هەڵسووڕاوانی ئەم سەنگەرەی خەبات و هەروەها لە لایەن پارت و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بەشداری بزووتنەوەی میللی ـ دێموکراتیک و شۆڕشگێڕانەی کوردستانن، ئاوڕی لێ بدرێتەوە، گرینگی زۆر زیاتری پێ بدرێ و هاوکات بەهێز بکرێ. چونکە بەهێزبوونی ئەم مێتۆدەی خەبات بوارێکی لەبار بۆ خەباتی جەماوەری ساز دەکا، کە وەک نموونەی ئەم ڕاستییە دەتوانین ئاماژە بە مانگرتنی ٢٣ی بانەمەڕ بکەین کە وەک حەرەکەتێکی سەراسەری، هەڵگری تایبەتمەندیی مەدەنی ـ جەماوەری بوو. (مەدەنی بە واتای دووری لە توندوتیژی و جەماوەری بە واتای گشتگیری و بەشداریی بەرفراوانی خەڵکی کوردستان لەو مانگرتنەدا).

هەروەک ئاماژەی پێ کرا خەباتی مەدەنی ئەگەر بە بەرنامەی داڕێژراوو پلانمەند کەڵکی لێ وەربگیرێ دەتوانێ پاڵپشتێکی قایم و پتەو بۆ شێوازەکانی دیکەی خەبات بێ، واتە باسکردن لە خەباتی مەدەنی بە مانای خستنە ژێر پرسیار یا ڕەتکردنەوەی هیچ کام لە شێوازە ڕەواکانی دیکەی خەبات نییەو سەرنجدان بە ئەزموونی خوشک و براکانمان لە باکووری کوردستان ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخا کە شێوازە جۆراوجۆرەکانی خەبات ئەگەر بە شێوەی پلانمەند کەڵکیان لێ وەربگیرێن نە تەنیا یەکتر (نفی) ناکەنەوە، بەڵکوو تەواوکەری یەکترن.

خەباتی مەدەنی، کورتەمێژوو و بەستێنەکانی پێکهاتنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان:

هەر چەند تا ئێستا بە ڕوونی پێناسەیەک بۆ خەباتی مەدەنی و مێژووی دەستپێکی ئەم جۆرە لە خەبات لە ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکەمان نەکراوە، بەڵام ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە ئەوەیە کە لە دوای ساڵی ١٣٧٥، چ لە ڕووی (ذهنی و انتزاعی) و چ لە ڕووی پراکتیکەوە ئەو بەستێنە هزری ـ سیاسییە دێتە گۆڕێ کە خەبات بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی تەنیا کاری دەستە، گرووپ یا حیزبێکی شۆڕشگێڕی چەکدار نییە. لێرەدایە کە پرسەکانی گشتگیربوونی خەبات دێتە ئاراوە بۆ دۆزینەوەی کاناڵی پێویست بۆ شێوزای نوێی خەبات، خۆی لە چوارچێوەی خەباتێکی فرەڕەهەندا پێناسە دەکا.

لەمەودوا خەباتی ڕۆژهەڵات پێ دەنێتە قۆناغێکی نوێ، ئەم قۆناغە نوێیە، قۆناغی گواستنەوەی ئەم خەباتە چڕو پڕەی شاخە بۆ نێو شارەکانی کوردستان.

لەم دۆخەدا شەقامی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕۆڵێکی سەرەکی گێڕاوەو لە نێوان ساڵەکانی ١٣٧٧ تا ئێستا چەندین حەرەکەتی گەورە لە شێوازی جۆراوجۆری نافەرمانیی مەدەنی، سەراسەری کوردستانی گرتۆتەوە، کە وەک نموونە دەتوانین ئاماژە بە زنجیرە خۆپیشاندانەکانی ساڵەکانی ١٣٧٧ و ١٣٨٤ بکەین کە لە ماکۆ تا خوارووترین ناوچەکانی کوردستانیشی گرتەوە. هەروەها شێوازێکی دیکەی نافەرمانیی مەدەنیی خەڵکی ڕۆژهەڵات مانگرتنی گشتییە کە لە ساڵی ١٣٨٤وە تا ئێستا بەردەوام بە شێوەیەکی سەرکەوتوو کەڵکی لێ وەرگیراوەو چەندین حەرەکەتی وەک ١٦ی گەلاوێژی ١٣٨٤ و هەروەها مانگرتنی ساڵانەی ٢٢ی پووشپەڕ بۆ پڕۆتیستۆکردنی تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی و وەگەڕخستنەوەی پەروەندەی تیرۆری دوکتۆر قاسملوو و مانگرتنی ٢٣ی گوڵانی ئەمساڵی لێ کەوتەوە، کە هەم لە ئاستی میدیاییدا دەنگدانەوەی ئەرێنی و باشی هەبووەو هەم لە ئاستی سیاسییشدا جگە لەوە کە نیشاندەری وشیاریی سیاسیی خەڵکی کوردستان و بەردەوام بوونیان لە تێکۆشان دژی سەرڕۆیی و دیکتاتۆرییە، هاوکات قوورسایی سیاسیی کوردستان لە هاوکێشە سیاسییەکانی ئێستاو داهاتووی وڵاتی ئێران دەردەخا.

**بە ڕێکخراوەکردنی خەباتی مەدەنی لە بۆشایی دەرفەتی یاساییدا:**

خاڵێکی گرینگی پێوەندیدار بە خەباتی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ڕێکخراوەکردن و ڕێکخستنی ئەم شێوازە لە خەباتە. دوامەزرانی (NGO)کان، (تشکل) و یەکێتییە سینفییەکان، ئەنجومەنە ئەدەبییەکان، ژینگە پارێزی و .. هتد، دامەزرانی ڕێکخراوە چالاکەکانی داکۆکی لە مافی ژنان و کرێکاران و یەکێتییە خوێندکارییەکان و لە سەرووی هەموو ئەمانە دامەزرانی ڕێکخراوێکی گرینگ و پێکراوی وەک ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان لە سەر دەستی محەممەد سدیق کەبوودوەندو هاوڕێیانی سەرەتای سازماندەهی و بەڕێکخراوەکردنی شێوە خەباتێکە کە ئیتر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دارە دارە دەرچووە. نابێ ئەمەش لەبیر بکەین کە گشتی ئەم هەوڵانە سەرەڕای نەبوونی دەرفەتی یاسایی بۆ ئەو شێوە چالاکییانە لە لایەن ڕێژیمەوەیە.

**ئاستەنگەکان:**

بە پێی پێناسەی باوی کۆمەڵناسی هەموو ئەم بزاڤ و ڕێکخراوانە کۆمەڵگەیەک دەگرێتەوە کە وەک هێڵێکی نێوان (خط حائل) لە نێوان خەڵک و دەسەڵات کۆنترۆلی دەسەڵات کار دەکەن بەڵام بە هۆی بەربەستە یاساییەکان لە نێو سیستمی کۆماری ئیسلامیدا بە کردەوە ئەم مەجالە نەدراوە، هەر چەند لە ماددەی ٢٨ی یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیدا باسی ئازادیی حیزب و ڕێکخستنەکان کراوە، بەڵام لە بواری پراتیک و جێبەجێکردندا ئەم ئیجازەیە نەدراوەو ئەمەش خۆی لە خۆیدا بۆتە بەربەستێک لە هەمبەر بە ڕێکخراوەکردن و سازماندەهیی سیستماتیک و یاسایی خەباتی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا.

هەروەها ئەزموون و تەجرەبەی ئەم شێوازە خەباتە کەمەو سیاسەتی سەرکوتی سەخت ئەفزاریی ڕێژیم بریتی لە زەبرو زەنگ و تۆقاندن و زیندان و ئێعدام هەڕەشەیەکی گەورەو هەمیشەیی بۆ سەر چالاکانی ئەم بوارەی خەباتە.

هەروەها نایاسایی بوون و لە مەیداندا نەبوونی پارت و لایەنە سیاسییە ڕیشەدارو ڕەسەنەکانی ڕۆژهەڵات لە نێو خەڵکدا، خەباتی مەدەنیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تووشی چەشنێک نەبوونی ڕێبەریی سیاسی کردوە کە هێندێک جار تەنانەت خۆی لە خانەی ڕاوەستان و (رکود)ی ئەم شێوەیەی خەباتدا دەبینێتەوە.

لەم نێوەدا ڕاگەیاندن و ڕێنوێنی ڕێ پیشاندانی لە دەرەوەی ئەم حیزبانە لە تاراوگەش نەیتوانیوە ئەم بۆشایی کۆنتاکتی سیاسی لە نێوان حیزبەکان و خەڵکدا پڕبکاتەوە. دیارە نابێ ئەوەش لەبیر بکەین کە کەسایەتییەکان و ڕێکخراوەکانی چالاکی نێوخۆی وڵات لەو بووارەدا لە ڕێبەری کردن و کانالیزەکردنی ئەم شێوازەی خەبات دەورو نەخشی ئەرێنیان هەبووەو هەموو هەوڵی خۆیان لەم پێناوەدا خستۆتە گەڕ.

**ئاکام:**

بە سەرنجدان بە تێچووی کەمتری خەباتی مەدەنی و شەرعییەتی زیاتری ئەم مێتۆدەی خەبات لە ئاستی نێونەتەوەییدا، خەباتی مەدەنی دەتوانێ وەک کۆڵەکەیەکی سەرەکیی خەباتێکی فرەڕەهەند شانبەشانی شێوە خەباتەکانی دیکە کەڵکی لێ وەربگیرین بە چەشنێک کە بتوانین خواست و ویستەکانی نەتەوەی کورد لە سەر شەقامی کوردی ڕۆژهەڵات بە ڕۆژەڤ بکەین و بەرەو موبیلیزەکردنی جەماوەری بۆ خەبات بڕۆین. هەڵبەت باسکردن لە کەم تێچووبوونی خەباتی مەدەنی بەو واتایە نییە کە خەباتی مەدەنی خەباتێکی بێ تێچوو و هەزینەیە، بێ قوربانیدان و سەهل و ئاسانە. هەر ئێستاو دوابە دوای ئێعدامی ٤ چالاکی سیاسی و مەدەنیی کورد دەیان کەسی دیکە لە چالاکان و هەڵسووڕاوانی مەدەنیی گەلەکەمان لە بەندیخانەکانی ڕێژیمی کۆنەپەرستی ئیسلامی دان و زۆربەیان حوکمی گەلێک قوورسیان بۆ بڕاوەتەوەو ١٦ کەسی دیکە لەم هەڵسووڕاوانە بە ئێعدام مەحکووم کراون. هەموو ئەو ئازیزانە فیداکارترین ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمانن و لە نێو جەرگەی دیکتاتۆرییەتی بێ وێنەی سەردەمدا خەبات دەکەن و دەستیان لە تێکۆشان هەڵنەگرتووە.

> **دوای ساڵی ١٣٧٥، چ لە ڕووی (ذهنی و انتزاعی) و چ لە ڕووی پراکتیکەوە ئەو بەستێنە هزری ـ سیاسییە دێتە گۆڕێ کە خەبات بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی تەنیا کاری دەستە، گرووپ یا حیزبێکی شۆڕشگێڕی چەکدار نییە. لێرەدایە کە پرسەکانی گشتگیربوونی خەبات دێتە ئاراوە**

# پرسی کورد لە تورکیە و سیاسەتە دولایەنەکانی ئەردۆغان

سامان فەقێ نەبی          و: ئاڵەشین

پرسی کورد لە تورکیە قۆناغێکی هەستیاری لەبەرە. عەبدوڵڵا ئۆجەلان ڕێبەری PKK ڕایگەیاندوە لەمەودوا کاری بە ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی تورکیەو کوردستان نابێ و دەبێ ڕێبەرەکانی دیکەی PKK و هەروەها پارتی ئاشتی و دێموکراسی (BDP) بە سەر بارودۆخەکەدا سوار بن. ڕێبەری PKK هۆکاری ئەم هەڵوێستەی خۆی دەباتەوە سەر گوێ نەدانی تورکیە بە هەوڵە ئاشتیخوازانەکانی ساڵانی ڕابردوو. بە پێی وتەی ئەندامانی ڕێبەریی PKK، ئەم پارتە لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا لە سەر داوای ئۆجەلان ئاگربڕی یەک لایەنەی ڕاگەیاندوەو تەنیا بەرگریی لە خۆی کردوە، بەڵام وێدەچێ کشانەوەی ئۆجەلان گرژبوونەوەی پێکدادان و توندوتیژییەکانی لە باکووری کوردستان لێ بکەوێتەوە.

PKK و BDP بە چەندین جار ڕایانگەیاندوە کە دەوڵەتی تورکیە بۆ چارەسەری کێشەی کورد لەو وڵاتەدا دەبێ ڕوو بکاتە ئیمرالی (مەبەست ئۆجەلان)، ئەو شتەی کە دەوڵەتەکەی ئەردۆغان پێی قبووڵ ناکرێ. ئەوە لە حاڵێکدایە پارتی دادو گەشە هەوڵ دەدا بە پەسند و جێبەجێ کردنی هێندێک چاکسازی لە یاسای بنەڕەتی تورکیەدا بە شێوەیەکی ڕێژەیی و بەرە بەرەیی کێشەی کورد بەرەو چارەسەرکردن بەرێ، کە ئەم هەوڵانەی دادو گەشە لە لایەن PKK و بەشێک لە BDP بە هەڵفریواندنی نەتەوەی کورد لێکدراوەتەوە.

ڕەجەب تەیب ئەردوغان هەوڵی ئەوەیەتی لە ڕێگەی لە پەراوێز خستنی PKK و ڕێبەرەکەیەوە بەرە بەرە بە سەر بیروڕای گشتیی کورد لە باکووردا سوار بێ و بە لەپەراوێز خستنی PKK لە ڕەوتی ئاشتی و پڕۆژەی کرانەوەی دێموکراتیک دا بە بەردێک دوو کێڵ بئەنگێوێ.

لە ڕاستیدا ئەردۆغان دەیەوێ بە بیروڕای گشتیی تورک و ئەرتەشی تورکیە بسەلمێنێ کە پرسی کوردو بابەتی PKK دوو شتی لێک جیان و دەتوانرێ لە ڕێگەی چاکسازیی بەرە بەرەییەوە پێگەو دەسەڵاتی PKK لە نێوان کوردەکان لاواز بکا.

ئەردۆغان لە لایەکەوە دەیەوێ بە جەخت کردنەوە لە سەر شەڕ دژی PKK، هەستی تورکە نیژادپەرست و هەروەها ژێنراڵە شەڕخوازەکان نەورووژێنێ و لە لایەکی دیکەشەوە خۆی وەک سیاسەتمەدارێکی ئیسلاح تەلەب و لایەنگری مافی کورد بە کوردان بناسێنێ.

دیارە ئەو دوو فاقییەتییە لە ڕەهەندی نێونەتەوەیی سیاسەتەکانی پارتی دادو گەشەش دا دەبینرێ. دەوڵەتەکەی ئەردۆغان بۆ سەرکوت و لاواز کردنی PKK لە لایەکەوە کەڵک لەو پشتیوانییە چەکوچۆڵی و سیخوڕییەکانی ئیسرائیل وەردەگرێ و لە لایەکی دیکەشەوە لە ڕێگەی پشتیوانی ماددی و مەعنەوی لە فەلەستین (بەتایبەت دەوڵەتی دەسنیشان کراوی حەماس لە کەرتی غەززە) بە کردەوە دەکەوێتە بەرەی دژبەرانی ئیسرائیلەوە.

ئەردۆغان و پارتەکەی لە بەرانبەر حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش دا خاوەن هەڵوێستێکی دوولایەنەو ناڕوونن. دەوڵەتی تورکیە کومپانییەکانی وڵاتەکەی بۆ بەشداری لە وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان هان دەداو کۆنسوڵی خۆی لە هەولێر دەکاتەوە، بەڵام هێشتاش بە فەرمی دان بەو دەسەڵاتەدا دانانێ و بەردەوام خەریکە عەرەبی سوننەو شیعەو تورکەمەنەکان دژی داواو داخوازییەکانی کورد ڕاست دەکاتەوە. ئەردۆغان لە لایەکەوە بە فەرمی بانگهێشتی ڕێبەرانی هەرێم بۆ تورکیە دەکاو لە لایەکی دیکەشەوە لە بۆنە فەرمییەکان دا هێشتاش وەک بەرپرسی دەوڵەتی کورد دانیان پێدا نانێ. بە هەر حاڵ هەنووکە پرسی کورد لە تورکیەدا گرفتاری سیاسەتە دوو لایەنەکانی AKPیەو درەنگ یان زوو دەرکەوتە نەرێنییەکانی ئەو شێوە سیاسەتە دوو لایەنەی ئەردۆغان بەرۆکی خۆی و دەوڵەتەکەی دەگرێتەوە.

هەڵوێستە دوولایەنەکانی ئەردۆغان لە بەرانبەر PKK، ئیسرائیل و حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لە سەر چارەسەری پرسی کورد لە باکوور دەبێ و درێژەدان بەم ڕەوتە دوو فاقییەتییە و دوو ڕوویە دەوڵەتی تورکیە تووشی کێشەو ئارێشەی بەربێژی نەکراو دەکاتەوە کە دەتوانین شکاندنی ئاگربڕی PKK و هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر ئەو پاپۆڕانەی تورکیە بەرەو کەرتی غەززەی ناردبوون بە سەرەتای ئەو ئارێشانە دابنێین.

# دانەری «فەرهەنگی پەند» بۆ خوێنەرانی «کوردستان» دەدوێ

لەم دوایی یانەدا، «فەرهەنگی پەند» گەورەترین فەرهەنگی پەندی پێشینیانی کوردی کە ٣٠٠٠٠ پەند و ئیدیۆمی کوردی لەخۆ گرتوە، لە لایەن دەزگای موزیک و کەلەپووری کوردییەوە لە ٦٤٠ لاپەڕەدا چاپ و بڵاو بۆوە. دانەری ئەم فەرهەنگە، سمایل زارعییە کە زیاتر لە ٥ ساڵ بە کاری کۆکردنەوەی، پەندەکان و پۆلێنکردنیانەوە خەریک بووەو ڕەنج و ماندوویی یەکی زۆری لە پێناو بە ئاکام گەیاندنی ئەم کارەدا، لەخۆ گرتووە. لاپەڕەی «ئەدەب و هونەر»ی «کوردستان»، وێڕای دەستخۆشی و پیرۆزبایی لە وەرگێڕی لاوی پڕبەرهەم سمایل زارعی بە بۆنەی چاپی تازەترین بەرهەمی، ئەم پرسیارانەی لە پێوەندی لەگەڵ «فەرهەنگی پەند»دا لێ کرد.



**کوردستان: پەندەکانت لە چەند دیالێکتی جیاوازی زمانی کوردیی وەرگرتوە. دەکرێ پێمان بڵێی کام ناوچەو دیالێکتت لەبیر کردوە؟ هۆی چییە؟**

**سمایل زارعی:** وێڕای سڵاو و ماندوونەبوونی لە بەڕێوەبەران و هاوکارانی ڕۆژنامەی کوردستان و سپاس بۆ ڕەخساندنی ئەم وتووێژە. ڕاستییەکەی ئەوەیە درووستە لە سەر بەرگی فەرهەنگەکە ٣٠٠٠٠ نووسراوە بەڵام وا مەزەندە دەکرێ کە پتر لە ٣٤٠٠٠ پەندیشی تێدا بێ بەڵام بۆ ئێحتیات پێمان باش بوو ژمارەیەکی کەمتری لە سەر بنووسین. هەر وەک هەمووان دەزانین زمانی کوردی زاراوەی جۆراوجۆری زۆرە و بەداخەوە من جیا لە زاراوەی سۆرانی شارەزاییەکی ئەوتۆم لە سەر زاراوەکانی دیکە نییە بۆیە دەتوانم بڵێم لە هەموو زاراوەکان دا کەم و کووڕی لە کۆکردنەوە و گونجاندنی پەندەکان دا هەیە و بە تایبەتی ئەو زاراوانەی کە لە باری جوگرافیاییەوە زۆر دوورن لە ناوچەکانی سۆران نشین و بە تایبەتی ئەوانەش کە لە باری دەربڕینەوە زۆر لە سۆرانی جیاوازن. بە دڵنیاییەوە من بەشێک لە زاراوەکانی کرمانجی سەروو (بە تایبەتی لە کوردستانی تورکیە)م بە تەواوی نەگونجاندوە و دەتوانم بڵێم هی ڕێژەیەکی زۆر کەمم لە پەندی زاراوەکانی زۆر خواروی کرمانجیی خواروو (بۆ وێنە لوڕی و کەڵهوڕی) گونجاندوە، یان باشتر وایە بڵێم نەمتوانیوە بیانگونجێنم. ڕەنگە گەورەترین هۆکار ئەوە بێ کە من ئەو زاراوانە نازانم و بەداخەوە ئەو فەرهەنگەش هەر بەرهەمی تاکە کەسێکە، ڕەنگە ئەگەر کارەکە هەرەوەزی بووایە و کۆمەڵێک کەس لە زاراوە جۆراوجۆرەکان دا کاریان لە سەر کردبایە ئەو کێشەیە تاڕادەیەکی زۆر چارەسەر کرابا، هۆیەکی دیکەشی ڕەنگە نەبوونی سەرچاوە لەو بارەوە بە زاراوە جۆراوجۆرەکان بێ، هۆیەکی دیکەشی ڕەنگە نەبوونی ئیمکانات (بە تایبەتی گەڕان بۆ ئەو ناوچە و زاراوانە) بێ و گەلێک هۆی دیکەشی هەیە کە بەڕاستی بە هۆی کورتیی دەرفەتەکە ناتوانین هەموویان هەڵ بدەین. بەڵام ئەوانە بە بڕوای من سەرەکیترین هۆکارەکانی ئەو کەم و کووڕییەن.

**کوردستان: هۆی چیە مەبەستی هەر پەندێک یا کات و مەوریدی بەکارهێنانیانت لە فەرهەنگەکەدا نەنووسیوە؟**

**سمایل زارعی:** ئەگەر هەر وا لە گۆترەش حیسابێکی بکەین دەتوانین بڵێین ئەوەندە پەندە (کە بەڕاستی لە چاو خەرمانی گەورەی پەند و ئیدیۆمی کوردی زۆر کەمن و کورد زۆر لەوە زیاتری هەیە) بۆ من وەختێکی زۆر و ماندووبوونێکی یەکجار زۆری ویستوە، ئەو کارە بە تایبەتی لە باری وەخت و تواناوە لە من بەدەر بوو، لانیکەم بۆ ئەم چاپی یەکەمە نەمتوانی بیکەم هیوادارم لە داهاتوودا بتوانم ئەو کارەشی لە سەر بکەم. پاشان بەڕاستی من هێندە لە سەر زمانی کوردی شارەزا نیم کە بتوانم لە هەموو پەندەکان تێ بگەم یان بتوانم دەریان بخەم کە ئەو پەندانە چۆن و لە چ کاتێک دا و بە چ شێوەیەک بەکار دێن، بە تایبەتی کە پەندی وای تێدایە پیاو هەر نازانێ مەبەستی چیە و شتی وای تێدایە کە چەندین مانا دەدا و لە چەندین شوێنی جیاوازدا بەکار دێن.

**کوردستان: پۆلینکردنی پەندەکان لە رووی پیتی یەکەمی هەر پەندێک چ قازانجێکی هەیە؟ ئەگەر کەسێک بیهەوێ پەندێکی پێوەندیدار بە مەبەستێکی تایبەتیی خۆی بدۆزێتەوە، چۆن لە ناو ٣٠٠٠٠ پەنددا بیدۆزێتەوە؟**

**سمایل زارعی:** تا دەمرم ئەو چاکەیەی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادەم لە بیر ناچێ، ئەگەر بەڕاستی ئەو پێشنیاری نەکردبایە کە زاراوەکانی پەندەکانیش بنووسە ئەمن هەر بە خەیاڵیشم دا نەدەهات ئێستا دەزانم هەر ئەو پێشنیارە نرخی کارەکەی چەندە بردۆتە سەرێ، سوودی ئەوەیە کە سەرچاوەی پەندەکە لانیکەم دەردەکەوێ یان سوودی ئەوەیە کە دەزانین ئەو پەندە لە فڵانە و فیسارە زاراوەدا هاتوە کە ڕەنگە هاوتای ئەوە لە زاراوەیەکی دیکەش دا هەبێ و ئەوە خزمایەتی و نزیکایەتی زاراوەکان زۆر دەردەخا و یارمەتییەکی زۆریش دەدا بە کابرای لێکۆڵەر و زۆر سوودی دیکەشی هەیە. بەڵام بەڕاستی بۆ کەسێک کە بیهەوێ پەندێک لەو هەموو پەندانەدا بدۆزێتەوە کە مەبەستییەتی باشترین شت حەوسەڵەیە دەنا هیچ پێوەرێکی تایبەتی بۆ ئەو کارە لەو فەرهەنگەدا نەکراوە. ئیجازەم بدە هەر لێرەوە شتێک بڵێم کە ڕەنگە زۆریش لە بەر دڵان خۆش نەبێ، ئەو فەرهەنگە هەوێنە بۆ زۆر شتی دیکە، مەبەستم ئەوەیە بڵێم هەر هەوێنێکە و بەس. ئەگەر تەمەن باقی بێ و خودا عومر بدا بە تەمام لە فەرهەنگێکی دیکە هەم



هاوتای بەشێکی زۆر لەو پەندانە لە زمانی فارسیدا بدۆزمەوە، یان هاوتای پەندەکان لە زاراوەکان دا بدۆزمەوە و بۆ وڵامی پرسیارەکەی جەنابیشتان پەندەکان بە پێی بابەتی پەندەکان ڕێک بخەم کە بۆ بەکارهێنانی ئەو فەرهەنگە زۆر بەسوود بێ، با هەر لێرەوە مژدەی ئەوەشتان بدەمێ کە هەر ئێستا ئەو کارەم نیوە کردوە و بە تەمام لە چاپی دووهەم دا وێڕای ئەو فەرهەنگە چاپی بکەم.

**کوردستان: تا چەند لەوە دڵنیای کە ئەم پەندانە هەمووی کوردین و لە زمانێکی دیکەوە، یا لە نێو میللەتێکی دیکەوە نەهاتوون بۆ نێو کورد؟**

**سمایل زارعی:** زۆر زەحمەتە بتوانی پەندێک کە لە زمانی کوردیدا باوە تاوانی ئەوەی بخەیە پاڵ کە هی بێگانەیە و بە چاوی غەریبەوە سەیری بکەی و پێچەوانەی ئەوەش هەر ڕاستە. من هەموو ئەو پەندانەی کە ڕۆژانە خەڵک لە کوردستان و بە زمانی کوردی بەکاریان دێنن، پێم کوردین، جا ڕەنگە بۆ یەکەم جار لە شوێنێکی دیکەشەوە هاتبن بەڵام گرینگ ئەوەیە ئێستا ملکی میللەتی کوردن، بە دڵنیاییەوە تێکەڵاوی و خزمایەتیی زمانی فارسی و کوردی لەگەڵ یەکتری لەو بارەوە زۆر بەرچاوە، بەڵام هیچ بەڵگەیەک نیە کە بڵێین لەو بارەوە زمانی فارسی بە سەر زمانی کوردیدا زاڵ بووە یان زمانی کوردی بە سەر فارسیدا. ڕەنگە ئەوەندەی ئێمە لە فارسانمان وەرگرتوون، ئەوان سێ هێندەیان لە ئێمە وەرگرتبێ، بەڵام من دڵنیام کە زۆر بە دەگمەن پەندی وا لەو فەرهەنگەدا هەیە کە تەرجوومە کراوی زمانێکی دیکە بێ. هەموویان بە ڕەسەن دەزانم و هەموویانم وەکوو یەک خۆش دەوێن. دانە دانەیان بە بێ جیاوازی.

**کوردستان: پەندەکان زیاتر هی چ سەردەمێکن؟ کشتوکاڵی، ئاژەڵداری، شارنشینی؟ لە سەر یەک کام خسڵەتی نەتەوەی کورد لەم پەندانەدا بەرجەستە بۆتەوە؟**

**سمایل زارعی:** پەندەکان جۆراوجۆرن، هەر بۆیەش دەتوانین بڵێین ئی سەردەمی جۆراوجۆر و بواری جۆراوجۆری ژیانیشن، هەموو جۆرێکیشی تێدایە، بەڵام دەتوانین بڵێین کە زۆرترین پەندەکانی کوردی لە پاش هاتنی ئیسلام بۆ سەر کوردان و تاڕادەیەکیش دەتوانین بڵێین ئەو پەندانەی کە نزیک بە سەد یان دوو سەد ساڵ لەوە پێش هەبوون، ئەوانە لە هەموویان زۆرترن. چونکە هەموومان دەزانین ئەو پەندانە سینە بە سینە دەگوازرێنەوە و بەڕاستی زۆریان ون بوون و فەوتاون. زۆریشیان ڕەنگە گۆڕانیان بە سەردا هاتبێ لە سەردمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە.

بابەتی پەندەکانیش جۆراوجۆرن، باسی کۆمەڵایەتی و مەسەلە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤی کورد لە هەموویان زۆرترن. دەتوانم بڵێم دوو لە سەر سێی ئەو پەندانە زۆرتر گرینگی بە لایەنی کۆمەڵایەتی و شتە کۆمەڵایەتییەکان دەدا. بۆ وێنە خوو و ڕەوشتی ئینسانی باش و ژن و ژنخوازی و ژیانی هاوبەش و کارکردن و ئامۆژگاری کردن و زۆر شتی دیکەی لەو بابەتەی تێدان.

**کوردستان: ئایا ئەم پەندانە بۆ دەربڕینی مەبەست و پەیام و واتاکانی ژیان و عەقڵییەتی پێشکەوتووی ئەمڕۆی کورد دەست دەدەن؟ لە کام بواری نووسین و ئاخاوتن دا دەتوانین بەکاریان بێنین؟ چیرۆک، ڕۆمان، فیلم، ئاخاوتنی ڕۆژانە یا ...؟**

**سمایل زارعی:** بەشێکی زۆر کەم لەو پەندانە هەن کە بۆ ئەمڕۆکە و ژیانی ئەمڕۆکە ناتوانن ببنە سەرمەشقی ژیان، دەنا دەتوانن هەر هەبن چونکە ئەوانە مێژووی کوردن و ناسنامەی باو و باپیرانمانن. بۆ وێنە ئەو پەندانە کە ڕوانگەیەکی خراپیان لە سەر ژن هەیە، کەس پێی وا نییە ئەوانە ئێستا دەتوانن ببنە سەرمەشقی ژیان و ئینسان دەتوانێ لە ژیانی ڕۆژانە و هەر وەک ئێوە ئاماژەتان پێ کردوە عەقڵییەتی پێشکەوتووی کورد بگونجێن بەڵام با ئەوەش بڵێم کە بەڕاستی زۆر کەم پەندی وا هەیە، زۆربەی پەندەکان بۆ هەموو قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤ دەبن و شتی زۆر جوان و بەسوودیان تێدایە. بە بڕوای من کەسێک بیهەوێ ڕۆمان یان چیرۆک بنووسێ یان وەرگێڕێ زۆر پێویستە شارەزایی لە سەر ئەو پەندانە هەبێ، بۆ شتەکانی دیکەش هەر پێویستە، بۆ وێنە کەسێک دەیهەوێ ڕۆژانە گفت و لفتێکی شیرین بەکار بێنێ و کەم و کووڕی نەبێ لە گەیاندنی پەیام و مەبەستەکانی لە قسە کردن دا، مەعلوومە کە ئەگەر پەند و ئیدیۆمی زۆرتر بزانێ زاڵترە بە سەر زمانەکەدا و مەبەستەکەی باشتر دەتوانێ بگەیەنێ جا ئەو کەسە هەر کارەیەک بێ و لە هەر جێیەک بێ بە بڕوای من پێویستە کەم و زۆر شارەزایی لە سەر پەند و ئیدیۆمی کوردی هەبێ.

**کوردستان: بۆ کەسانێکی دیکە لەمەودوا بیانەوێ لە بوواری کۆکردنەوەی پەنددا کار بکەن، پێشنیارو ڕاسپاردەت چیە؟**

**سمایل زارعی:** پێش هەموو شتێک پێشنیار دەکەم ئەوەی من کردم ئەوان نەیکەن، کارەکە کاری کەسێک و دووان نییە، پیاو پشتی دەشکێ و سەری سپی دەبێ لەگەڵی، ئێستا ئەم فەرهەنگە کە بە شان و باڵیدا هەڵدەڵێن ئەگەر کۆمەڵێکی زۆر بچووکیش کاری لە سەر بکەن ڕەنگە دوو ساڵی دیکە خەڵک ئەو دەم لە باتی دەست خۆشی، شتێکی دیکەم پێ بڵێن لە بەر ئەوەی جوان دەزانم کارەکە ناتەواوە و شتی دیکەی زۆر پێویستە و هەتا خودا حەز بکا کەم و کورتی پێوە دیارە، کەواتە من بە تەنیا ئەو هەمووە ماندوو بووم کەچی جوان دەزانم ڕەنگە ئاخیرەکەی هەر پیاو خراپیش دەرچم، کە هیوادارم ڕۆژێک دابێ کارێکی وا بکرێ ئەو فەرهەنگەی من لە چاوی کاری ئەوانەی دەیکەن نرخێکی ئەوتۆی نەبێ. پێشنیاری سەرەکیم ئەوەیە کە بە کۆمەڵ کاری لە سەر بکەن و پەلەی لێ نەکەن و ئی هەموو زاراوەکان کۆ بکەنەوە و کەلێن و قوژینی ئەو کوردستانە ورد ورد بپشکنن.

## ❊خۆر نشین❊

تەپڵی باران و
وردی با و
کەوباڕی پێدەشت و خودا....
بڕوایی چرۆیەکم نیە!
لە نێو هەر لەحزەیەکم دا، لەتێکم ڕادەشکێتەوە و
با بردەڵەی نیازی ڕێم
لەم غوربەتەی هەنگاوەدا دەدۆڕێنم.
لە چەند بێ تۆ هەتیویکم!
ئەگەر باران
لێزمەیەکی وا دڵنیای خووساندبێم
باخەوانی ڕەزی تەنیام
بەهێشوویەک بڵێ، گیان و
لە خۆزگەی توێی گەڵایەک دا
کە دارستانێک دەقەومێ...
ئەگەر
تاوێک،
بڕێک،
هەرگیز...!
دڵنیا بە
تا هەمیشەی خۆرنشینی دڵم و وڵات
قەت نەمردووی
قەت نامری و
لە یادم دای..
لە یادم دای..!

وریا ڕەحمانی
١٣٨٩/٣/١٢

# KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party

NO: 536 5 June 2010

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی "کوردستان" و رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@ kurdistanukurd.org info@ kurdistanukurd.com
www.kurdchannel.com : Hotbird:6 MHz 11200
Polarization: Vertical - S R: 27500 - FEC: 5/6

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 00 9647701597268

تەلەفۆنی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp.Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com


## مۆندیالی فووتباڵی ساڵی ۲۰۱۰

ڕۆژی هەینی ۲۱ی جۆزەردان بەرانبەر بە ۱۱ی ژوئەن نۆزدەیەمین خولی پێشبڕکێکانی موندیالی جیهانیی فووتباڵ بە بەشداریی ۳۲ تیپ لە وڵاتانی جیهان لە ئەفریقای باشوور دەست پێدەکاو بۆ ماوەی مانگێک لایەنگرانی فووتباڵ زۆر بە تام و چێژەوە بە خۆوە سەرقاڵ دەکا.

موندیالی فوتباڵ هەر چوار ساڵ جارێک بەڕێوە دەچێ و گرینگترین ڕووداوی جیهانیی ئەو لکە وەرزشییەیە کە بە دەیان و سەدان میلیۆن کەس لە سەرانسەری جیهان بە خۆیەوە سەرقاڵ دەکا.

لە هەژدە خولی پێشووی مۆندیال دا کە لە ساڵی ۱۹۳۰ەوە دەستی پێکردوەو لە ۱۵ وڵاتی جۆراوجۆردا بەڕێوە چووە، بە گشتی ۷۰۸ یاری کراوەو ۲۰٦۳ گۆڵ کراوە.

فیدراسیۆنی جیهانیی فووتباڵ ۷۷ ئەندامی هەیە کە هێندێکیان لە جارێک زیاتر نەیانتوانیوە بەشداری ئەو پێشبڕکێیانە بن.


بڕێزیل توانیویە بچێتە هەر ۱۹ خولی مۆندیال و چونکێ ساڵی ۲۰۱٤ش خانەخوێیە و یارییەکان لەم وڵاتە بەڕێوە دەچن، بەشداربوونی مسۆگەرە. ئاڵمان و ئیتالیاش هەر دووکیان ۱۷ جار توانیویانە بەشداری کێبەرکێکانی موندیال بن.

ئەگەرچی ئەفریقای باشوور نزیک بە ٥ میلیارد دۆلاری بۆ دروست کردنی یاریگەکان و چاکسازیی ڕێگەو بانی وڵاتەکەی خەرج کردوە بەڵام بە پێی ئامارەکان دیارە داهاتی ئەم خولە لە مێژووی موندیال دا بێ وێنەیە.



یاریگەی ۹٤۰۰۰ کەسیی ساکرسیتی کە بۆ یاری کۆتایی موندیال تەرخان کراوە، سێ ساڵە کاری لە سەر دەکرێ و نزیک بە ٤۳٦ میلیۆن دۆلاری تێچووە.

## دوو کورتە فیلمی کوردی لە فێستیڤاڵی فیلمی بێرلین خەڵاتیان وەرگرت



فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی سینەمای ڕەش لە ڕۆژانی ٤ تا ۸ ی مانگی مەی لە شاری بێرلینی ئاڵمان بەڕێوە چوو.

لەو فیستیڤاڵەدا چوار کورتە فیلم لە ئێرانەوە بەشدار بوون کە لە ناویاندا فیلمەکانی "نەوت، شێرپەنجەی شارەکەی من" لە دەرهێنانی تەها کەریمی و "کانی" لە دەرهێنانی مونیرە کەریمی ئەقدەم بەشدار بوون.

لەم فیستیڤاڵەدا فیلمی "نەوت، شێرپەنجەی شارەکەی من" وەک فیلمێکی دکیۆمێنتی خەڵاتی وەرگرت. هەروەها فیلمی کانی خەڵاتی ڕێزلێنانی لیژنەی داوەریی پێ درا.

بڕیار وایە ئەم فیلمانە لە ماوەی ئەمساڵدا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش پیشان بدرێن.


## فێرکردنی موزیک لە قوتابخانەکانی ئێران قەدەخە کرا

بەرپرسی ناوەندی قوتابخانە ناحکومییەکانی ئێران ڕایگەیاند: فێرکردنی موزیک لە چوارچێوەی پرۆگرامە لاوەکییەکاندا قەدەخەیە.

بە گوێرەی هەواڵی "بی بی سی" ئەم بەرپرسە لە وتووێژێکدا ڕایگەیاندوە: "ئەگەر قوتابخانەیەک خولی فێرکردنی موسیقا بەڕێوە ببات وریا دەکرێتەوەو ڕەنگە قوتابخانەکەشی دابخرێ.

بابەتی موزیک لە ئێران بە یەکێک لەو بابەتانە دەژمێردرێ کە لە ماوەی تەمەنی سی ساڵەی کۆماری ئیسلامیدا لە ئێران هێڵی سووری لە سەر بووەو مشتومڕی زۆری لە سەر کراوە، بەڵام بەردەوام مەلا ئایینییەکان و بەتایبەت خامنەیی بە هێنانەوەی بەڵگەو هۆکاری شەرعی و ئایینی لەگەڵ ئیسلام و حکوومەتەکەی بە گونجاویان نەزانیوە.

هەر لەم پێوەندییەدا خامنەیی لە وەڵامی پرسیارێکدا وتوویەتی: دروست کردن و کڕین و فرۆشتنی ئامێری موسیقا یان فێربوون و فێرکردنی ئەو ئامێرە بە مەرجێک بۆ سازکردنی گۆرانی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانە یان هەر کارێکی حەڵاڵی دیکە بێ ڕێگەی پێ دەدەرێ.



بە وتەی باقرزادە سەرۆکی ناوەندەی قوتابخانە ناحکومییەکان مەبەست لە فێرکردن و فێربوونیش زیاتر ئامێری پیانۆو گیتار دەگرێتەوە کە ئامێرێکی ڕۆژئاوایین.

## پێشانگایەکی فۆتۆگرافی بۆ هونەرمەند «سمایلی ماملێ»پێکهات

هونەرمەندی کورد «سمایلی ماملێ» پێشانگایەکی فۆتۆگرافیی لە بنکەی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکهێنا.

دووشەممە ۳ی جۆزەردانی ۲۷۱۰ی کوردی بەرامبەر بە ۲٤ی مای ۲۰۱۰ی زایینی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێشانگایەکی فۆتۆ گرافی لە سەر مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستان بۆ هونەرمەندی دڵسۆزی کورد «سمایل ماملێ» لە ژێر ناوی «یازدە مانگو بیست ڕۆژ بەختەوەری» پێک هێنا کە لە لایەن بەشداربووانەوە پێشوازییەکی گەرمی لێکرا.

ئەم پێشانگاکە کاتژمێر ۹:۳۰ی بە بەشداریی بەڕێزان مامۆستا «عەبدوڵڵا حەسەن زادە»و کاک «جەلیل گادانی» و ئەندامانی دەفتەری سیاسیو کادرو پێشمەرگەکان و بنەماڵەکانیان و ئەندامانی یەکیەتیی لاوان لە لایەن «جیهان بێتووشی» کچی «شەهید ڕەسوڵ بێتووشی» کرایەوە، هەر دوا بە دوای ئەم پێشانگایە فیلمێکی دیکیۆمێنتی کە ئەویش هەر لە لایەن کاک «سمایل ماملێ» وە ئامادە کرابوو لە ساڵۆنی گشتیی بنکەی دەفتەری سیاسی پیشانی بەشدار بووان درا.

ئەم پێشانگایە لە ڕووداوەکانی پێوەندیدار بە کوردستان و کۆماری کوردستان لە سەردەمی جەنگی جیهانیی یەکەم و دووهەمدا تا ڕووخانی کۆمار دەکات کە کۆمەڵێکی زۆر وێنەو دیکیۆمێنتی گرینگ لە خۆ دەگرێت.



شایانی باسە هونەرمەندی دڵسۆزی کورد سمایل ماملێ کە لە وڵاتی فەرانسە دەژی، زیاتر لە پێنج ساڵە خەریکی ئامادە کردن و کۆکرنەوەی ئەم ئارشیوە بووە و زەحمەتێکی زۆری پێوەکێشاوە .


## هەڵبژاردەی کوردستان پلەی دوویەمی ڤیڤای بەدەست هێنا



هەڵبژاردەی کوردستان لە یارییەکانی پاڵەوانێتی ڤیڤا کە بۆ نەتەوە بێدەوڵەتەکان لە هەرێمی (گۆزۆ) لە دوورگەی ماڵتا بەڕێوەچوو، توانی پلەی دوویەمی ئەم پاڵەوانییەتییە بەدەست بێنێ.

لە یاری کۆتایی دا هەڵبژاردەی کوردستان بەرانبەر بە هەرێمی "پادانیا"ی ڤیڤای بە گۆڵێکی بێبەرانبەر تووشی دۆڕان هات. هەر لە چوارچێوەی ئەم یارییانەدا "شوان مامۆ" یاریزانی هەڵبژاردەی کوردستان بە تۆمار کردنی "٥" گۆڵ بە گۆڵکاری پاڵەوانەتییەکە دەست نیشان کرا.

پێویستە بوترێ بڕیارە یارییەکانی پاڵەوانێتی ڤیڤا لە ساڵی ۲۰۱۲ لە هەرێمی کوردستان بەڕێوە بچێ.




دەبێ وێنەگری ئەم وێنەیە مەبەستی لەو ڕستەیە کێ بێ؟
خامەنەیی یا خومەینی یا وەک جاران ئەمریکا؟!
ئەم وینەیە دوای چەند کاتژمێر، لە سەر ماڵپەڕی «هەواڵدەریی مێهر» لابردرا.
سەرچاوە: ماڵپەڕی «اخبار روز»

بەر لە ماڵاوایی

## ئەو تاوانانەی نابێ لەبیر بچنەوە
### (ئێعدامی ٥۹ لاوی مەهابادی بە نموونە)

لە ۱۲ی جۆزەردانی ساڵی ۱۳٦۲ (۲ی ژوئەنی ۱۹۸۳)دا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ٥۹ بەندیی سیاسیی کورد، کە خەڵکی شاری مەهاباد بوون، گوللەباران کرد. زۆربەی ئەو ٥۹ کەسە، لاو بوون و تەمەنیان لە خوار ۲٥ ساڵەوە بوو. تەنانەت تێشیان دابوو کە تەمەنی لە ۱۸ ساڵ کەمتر بوو. تاوانی هەر هەمووی ئەو ٥۹ کەسە کوردبوون و، لایەنگری لە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو. دیارە زۆربەیان لایەنگری حیزبی دێموکرات بوون، بەڵام کەسانی بێ لایەنیشیان تێدا بوو.

هەم بەر لەو تاوانە سامناکە، زۆر جاری دیکە دانیشتووانی کوردستان بەتایبەتی لاوانی کورد بە کۆمەڵ ئێعدام کرابوون، هەم دوای ئێعدامی ٥۹ لاوی مەهابادی، چەندین جاری دیکە، لاوانی کورد لە پۆلی ۱۰ تا ۳۰ کەسی دا، ئێعدام کران. لە ڕەوتی ئەو تاوانە بێ ئەژمارانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دا، لاوانی کورد لەوپەڕی بێ تاوانی داو تەنیا بە تاوانی کوردبوون، یان لایەنگری لە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان، گوللەباران دەکران.

کاتێک ئاوڕ لەو تاوانانە دەدەینەوە، ناتوانین بیر لە شوێنەوارە ڕەوانی و عاتیفی یەکانی ئەو جینایەتانە لە سەر دایک و باوک و خوشک و براو منداڵانی قوربانییەکان نەکەینەوە. هەروەها کاریگەریی ئەم تاوانانە لە سەر ژیانی کۆمەڵایەتی و باری ئابووریی پاشماوەی قوربانییەکان و، شوێندانیان لە سەر پەروەردەو چارەنووسی هاوسەر، منداڵ و خوشک و برای گوللەبارانکراوەکان، جێگای تێڕامانن. زۆر لەو کەسانەی لە ڕەوتی ئەو جینایەتانەدا گیانیان لێ ئەستێندرا، سەرپەرستیی بنەماڵەو ئەرکی پەروەردەو بەخێوکردنی چەند کەسێکی دیکەیان لە سەرشان بووە. یا کەسانێک بوون کە تازە پێیان نابووە نێو قۆناغی لاوەتییەوە و مایەی هیواو هۆمێدی دایک و باوک و کەسوکاریان بوون و کۆماری ئیسلامی بە گیان ستاندن لەوان، چرای هومێدو دڵخۆشیی دایک و باب و خوشک و براو کەسوکاری ئەوانی بۆ هەمیشە کوژاندەوە. لە هەمووی ئەمانەش گرنگتر، گیان و مافی ژیانی ئەو مرۆڤانەیە کە بە ناحەق و لەو پەڕی دڕندەیی داو، لە کاتێک دا حەقی خۆیان بوو دەیان ساڵی دیکە بژین، بە زۆر لێیان ئەستێندرا.

درەنگ یا زوو میراتگران و پاشماوەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە بۆنەی ئەم جۆرە تاوانانەو زۆر تاوانی دیکە دەرحەق بە خەڵکی کوردستان و سەرانسەری خەڵکی ئێران، دەکێشرێنە پای لێپرسینەوەو لێپێچینەوە. هەروەک نەتەوەی کورد لە باشووری نیشتمانەکەی شایەدی دادگایی کردن و بەسزا گەیاندنی سەرانی تاوانکاری ڕێژیمی ڕووخاوی بەعس بوو، لە ئێرانیش ئەم ڕۆژە دادێ کە داڕێژەران و بەڕێوەبەرانی سیاسەتی سەرکوت و کوشتار، دادگایی بکرێن و بە بۆنەی کارنامەی ڕەش و پڕ لە تاوانیانەوە، سزای خۆیان وەربگرن.

تێپەڕینی ڕۆژگار نابێ ئەم تاوانانە لەبیر گەلی کورد بەرێتەوە. لێکۆڵینەوەو بەداوداچوون و دادخوازی لە بارەی ئەم جینایەتانە، نەک هەر نابێ کەمتەرخەمیی تێدا بکرێ، ناشبێ بۆ دوارۆژ هەڵ بگیرێ. دەبێ هەر ئێستا دەسەڵاتبەدەستانی دوێنێ و ئەمڕۆی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەرەوڕووی ئەم پرسیارانە بکرێنە کە بۆچی ئەو تاوانانەتان ئەنجام دا، بۆچی ڕاستییەکانی پێوەندیدار بە جینایەتەکانی خۆتان، بۆ نموونە شوێنی شاردنەوەی تەرمی گوللەبارانکراوەکان ئاشکرا ناکەن؟ ئەگەر بۆ خۆتان دەستتان لەو تاوانانەدا نەبووە، بۆچی بەڕێوەبەرانی تاوانەکان ناناسێنن، بۆچی مەحکوومیان ناکەن؟ بۆچی ئەوکات و ئێستا ئاوڕێکتان لەو مەینەتی و ڕۆژەڕەشییە نەدایەوە کە بۆ پاشماوەکانی ئەو مرۆڤە بەناحەقکوژراوانە پێکتان هێنا، نەک هەر ئەمە بەڵکوو ئەوانتان خستە لیستی ڕەش و زۆر گرفتی دیکەتان بۆ دروست کردن.

لە بیرەوەریی تاوانی سامناکی ئێعدامی ٥۹ لاوی مەهابادی دا، سەری ڕێز لە ئاست گیانی پاکی بەناحەق ئەستێندراویان دادەنوێنم. وەک وەفایەکیش بۆ ئەوان و قوربانییانی کارەساتەکانی دیکەی لەم چەشنە، پێم وایە دەبێ لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون و دادخوازی لە بارەی ئەم تاوانانە، بکەین و بە پرسێکی نەتەوەیی و، بیکەین بە هەوێنی بەڕێخستنی حەرەکەتێکی سەرانسەری بە پانایی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بۆ ئەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ناچار بە وەدەنگ هاتن و وەڵامدانەوە لە بارەی ئەو تاوانە شەرماوییانەی بکەین.